گوڵان

ست و نۆیەم (١٣٦١)- (١٧)ی نیسان ٢٠٢٣



# پاپا بە جیهانی ڕاگەیاند هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخی ڤاتیکانە




## ڕۆژێکی مێژوویی و ئاواتێکی گەورە

### بە ڕاگەیاندن و کردنەوەی دەزگای شەهید ئاواتێکی دێرین و لە مێژینەم هاتە دی

٦٢

ڕۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٩٨ دەزگای شەهید دامەزرا. من سەردانی هەولێرم کرد و بە ڕاگەیاندن و کردنەوەی دەزگای شەهید ئاواتێکی دێرین و لە مێژینەم هاتە دی، چونکە دامەزراندن و کردنەوەی دەزگایەکی تایبەت بە خزمەتکردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانمان یەکێک بوو لە هیوا و ئاواتە بەرزەکانم. کردنەوەی دەزگاکە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ئەمەش پەیامێک بوو، بۆ دۆست و دوژمنانمان کە چەند بکوژرێین و کیمیاباران بکرێین و ڕابگوێزرێین گەلی کوردستان لە خەباتی دژی ستەمکاری کۆڵ نادات.

# گوڵان

سـاڵی بیست و نۆیەم (١٣٦١)- (١٧)ی نیسـان ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بازنەی گفتوگۆ

میدیای کوردی ... قۆناغ و بەرپرسیارێتی

## میدیای کوردی لەژێر هەژموونی جیهانگیریدا نیشتمان نابینێت



لە نووسینی بەڕێز فازل میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دوو کتێبی گرنگ و دانسقە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبی یەکەم بە ناوی (بکار ئینانا رابووری بۆ پاشەرۆژێ) کە بە عەرەبی خەلیل بەرواری- شامل بەردان ئامادەیان کردووە، د. ڕەشید فندی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە کە لە دووتوێی (١٠٤) لاپەڕەی قەبارە بچووکدایە و بە بەرگێکی ناوازە چاپکراوە.. بریتییە لە ڕەشنووسی نووسراو و ئاشنابوون بە دەستنووسەکانی بەڕێز میرانی، ئەو ڕەشنووسانەی لە ئەرشیفی خۆیدا پاراستوونی، هەندێك لەوانە نووسراون، کە پێنج دەیە دەبێت لەنێو گەرمەی ئەو هەموو ڕووداوە ئاڵۆزانەدا ماونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان تا ئێستاش هەر لە بیروهزریدان و تۆمار نەکراون..

بەڕێز میرانی لە باسکردنی نووسینی ئەم کتێبەدا دەڵێت: ئەوانەی لێرەدا نووسراون هەموو ئەو لاپەڕانە نین کە لە یادگەی مندان، بەڵکو ئەزموونێکی تازەی بڵاوکردنەوەن، کە دەکرێ بە (بیرئینان) وەسفی بکەین نەك بە (بیرهاتن)، هەروەها دەڵێت: من لەم لاپەڕانەدا باسی ئەو شتانەم کردووە کە بینیومن و پێم باش بووە کە شرۆڤەیان بکەمەوە، ڕەنگە بە لێکدانەوەیەك کە کەسانی دیکە قبوڵی بکەن یان ڕەتی بکەنەوە، بەو شێوەیەی کە ئەو بڵاوکراوەیە دوای ئەوەی بەردەست بوو، نابێتە موڵکی خاوەنەکەی، کە لە هەمووشتێك زیاتر تەنیا مافی ناوەکەی دەبێت. لەنێو ئەرشیفی بەڕێز میرانیدا، چەندین نووسراوی تێدایە نەك ئەو وتارو توێژینەوەو دیدارانەی کە پێشتر دەزگاکانی میدیاو ڕاگەیاندن بڵاویان کردبوونەوە. هەڵبژاردنی ناونیشانی کتێبەکە (بکار ئینانا رابووری بۆ پاشەڕۆژێ) لەو قەناعەتەوە سەری هەڵداوە کە هەموو ئەو لاپەڕانەی لەم چاپەمەنییەدا بڵاودەکرێنەوە یادوەرییەکە بۆ خۆی، ئەویش لە ڕێی ئەو سەرنجانەی هەڵسەنگاندن کە بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیونی.

کتێبی دووەم (یادگەی سیاسی) کە(خەلیل بەرواری، شامل حەمەدلا، عەبدولکەریم گەیلانی) ئامادەیان کردووە،(ڕەمزی میرەکانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ناونیشانی بەرنامەیەکی گفتوگۆییە، کەناڵی ئاسمانیی (ئەلعەرەبییە)








ئەنجامی داوەو، لەساڵی ٢٠١٩ بە چەند ئەڵقەیەکی لەدوای یەك پەخشکراوە. دێڕەکانی ئەو یادگەیەیە، کە بەعەرەبی باسکراون لە میانی بایەخدانی ڕاگەیاندنی عەرەبی بە کێشەی کورد، ئامادەبوون، پێکەوەژیانی مێژوویی. بەرنامەی یادگەی سیاسی، هەموو ئەڵقە گفتوگۆییەکانی لەسەر شێوازی ئاراستەکردنی پرسیار لەبارەی ڕووداوەکانی مێژووە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو پارتە دێرینە و نوێنەری ڕاستەقینەی خواستەکانی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر پێشەوایەتیی کردووە، بەڕێز میرانی وەڵامەکانی سەرجەم پرسیارەکانی بە گوێرەی ڕووداوەکان داوەتەوە و پابەندی پرسیاری ئاراستەکراو و کاتی دیاریکراو بووە. بەڕێز میرانی دوای نیوسەدە تەمەن لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانی ئەم بەرنامەیەدا ڕاشکاوانە سەرجەم ڕووداوەکانی ئەو هەموو ساڵانە تۆمار دەکات و، بەرجەستەی وەڵامەکانی دەکات، دیارە مەبەستی بەڕێزیان خستەڕووی واقیعی پێشهات و ڕووداوەکانە لەبەردەم دۆست و دوژمنانی گەلەکەمان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی، لەبەر ئەوەی بەڕێز میرانی هاوسەردەمی چەندین قۆناغی ئەو ڕوودانە بووە، لە ناوەندەکانی بڕیاریش نزیك بووە، بۆیە وردەکارییەکان لەمیانی پێنج بەشدا بە ڕاستی و دروستی دەخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا ئەلبوومێکی جوانی وێنەکانی بەڕێزیان بەپێی قۆناغەکانی خەبات لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی باڵای سیاسیی ناوخۆو جیهانی و پێشمەرگە، هاوکات لەگەڵ بەرپرسانی حزبی و جەماوەردا بڵاوکراوەتەوە.

## چاپکراوی نوێ



کتێبی (جوولانەوەی خەلیل خۆشەوی لە ئەرشیفەکانی بەریتانی و تورکی و عێراقیدا) بەرهەمی هاوبەشی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی سۆرانە، لە نووسینی (د. بژار عوسمان ئەحمەد- م. ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل) لە دووتوێی (٢٩٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە بەردیدی خوێنەرانەوە. هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاوەکو ئێستا کتێبێکی بەڵگەنامەیی لەبارەی خەلیل خۆشەوی نەبینراوە، لەکاتێکدا لەنێو ئەرشیفەکانی وڵاتاندا زۆرترین دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە لە بارەی خەلیل خۆشەوییەوە هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بتوانرێت ڕاستیی پێگەو و کەسایەتیی خەلیل خۆشەوی و چالاکییەکانی بۆ خوێنەران و نەوەی دادێ ئاشکرا بکرێت، ئەم کتێبە بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمییانە و دوور لە هەستی دەمارگیریی نەتەوەیی و هۆزایەتی، کەسایەتیی خەلیل خۆشەوی پیشان دەدات، ئەویش بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکانی عوسمانی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی هەندێك لاپەڕەی نەبینراو و نەخوێنراوی تایبەت بە خەلیل خۆشەوی و جوولانەوەکەی، تا لە ڕێگەی ئەم دەستنووس و بەڵگەنامانەوە، بتوانرێت مێژووی بارزان و ناوچەکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٦ بەیان بکرێت، هەر وەك لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ شێخەکانی بارزان هەبووە، بە تایبەتی خودی خەلیل خۆشەوی یەکێك بووە لە کەسە هەرە نزیك و متمانەپێکراوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دەرخستنی ڕاستیی جوولانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کە درێژەپێدەری شۆڕشی یەکەمی بارزانە کە بەسەرکردایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو، هەروەها پیشاندانی پێگە و مێژووی خەلیل خۆشەوییە لەنێو لاپەڕەکانی ئەرشیفی تورکیا و بەریتانیاو عێراقدا، هاوکات کاریگەریی ئەو جوولانەوەیە لەسەر حکومەتی عێراقی و وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

نووسەرانی ئەم کتێبە پشتیان بە چەندین سەرچاوە بەستووە، لەوانە کتێبی (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، و. سەعید ناکام، هەروەها کتێبی هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان(جوگرافیا، دیرۆك، کەلتوور)، جگە لە لیستێکی دیکەی سەرچاوە، گرنگترینیان: (ایوب بارزانی، المقاومة الكردية لأحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، (حسن مصطفی، البارزانیون وحركات بارزان١٩٣٢- ١٩٤٧ )تاد.. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم کتێبەش بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو کۆکردنەوە و بە دیکیۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کارو خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

«کەمال محەمەد ساڵح :



## ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم جددییەت و ڕاستگۆیی و متمانەیەکی گەورەی لە نێوان هەر دوو حکومەت لەخۆ گرتووە

«د. کامەران یونس محەمەد ئەمین :



## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین ڕەزامەندی دەربڕی

«دکتۆر سامان سۆرانی



## کابینەی نۆیەم و چەسپاندنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش


«پرۆفیسۆر پاوڵ کوادرۆس :



## ڕەنگە پێشکەوتنەکانی بواری زیرەکیی دەستکرد و چات جی پی تی ببنە هۆی بەهادارتربوونی کاری ڕۆژنامەنووسی

کەریم سلێمان :


## بۆ ئازادکردنی شنگال زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگە شەهید و نزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگە بریندار بوون



## کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانییانی ئەنفال دەکەن



## هۆپێکی ناوازە و ئەرکەکانی




## هۆکارەکانی دڵەکزێ لە ڕەمەزاندا



## یەک پەیکەر گەواهییە





هەرین هەڤاڵ :

## هیوادارم ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر



# سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی چەندین دەستکەوتی لێ کەوتەوە

نێچیرڤان بارزانی وەك کەسایەتییەکی دیاری سیاسیی کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە، خاوەن پێگەیەکی پتەوی پەیوەندییە لەسەر ئاستی جیهاندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی گرێ کوێرەکان و شکاندنی بەستەڵەك و خاوکردنەوەی گرژییەکاندا بە کەسێکی کاریگەری دیپلۆماسی ناسراوە. نێچیرڤان بارزانی توانایەکی پڕ وزەی جموجووڵی هەیە و ئەم پیاوە هەست بە ماندووبوون ناکات، لە ساڵی ٢٠٢٣ دا زۆرترین جووڵەی سیاسی و دیپلۆماسی و سەردانی جۆراوجۆری هەبووە لە ناوخۆی کوردستان، عێراق، تورکیا، کەنداوی عەرەبی و ئەورووپا.

دیارترین سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ ڕۆما و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەر دوو دەوڵەتی ڤاتیکان و ئیتاڵیا بوو، با چاوێکی خێرای ڕۆژنامەوانی بە گەشتە سەرکەوتووەکەی نێچیرڤان بارزانیدا بخشێننەوە و ببینن لە یەك ڕۆژدا لە چ ئاستێکی باڵای سیاسی و دەوڵەتداریدا پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٢٣ لە کۆشکی پاپاوی لە ڤاتیکان بە تەداروکێکی پڕ لە شکۆی ڕێزلێگیراو بە ئامادەکاریی پاسەوانی سویسری و دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر ئۆتۆمبێلی پرۆتۆکۆڵی، کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی هەڵگرتبوو، بەرەو کۆشکی پاپا بۆ دیداری حەبری ئەعزەم چوو.

پاپا فرانسیس (پاپای ڤاتیکان) سەرەڕای خراپیی دۆخی تەندروستی و بەکارهێنانی عارەبانەی ڕۆیشتن لە بەڕێخستنی کاروباری ڕۆژانەیدا، بەڵام لەکاتی دیداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم لە پێشوازیکردنی میوانەکەیدا بە پێوە وەستا بوو، ماوەیەکیش لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بە پێوە بوو لە بەڕێخستنیش هەر بە پێوە بوو، ئەمەش هێمایە بۆ ڕێزگرتنی زۆری خانەخوێ لە میوانەکەی، خانەخوێ پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکانە کە تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵە و میوانەکەش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، لە دیدارەکەدا وێڕای دووپاتکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان، پاپا ئەو پەیامەی دا بە گوێی دوو ملیار پەیڕەوانی ئایینی مەسیحیی کاسۆلیك لە جیهاندا کە ڤاتیکان هێشتا بە گرنگییەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا.

نێچیرڤان بارزانی وەك هەمیشە پێشەنگ لە عورفی میوانداریدا چەند دیارییەکی پێشکەش بە حەبری ئەعزەم کرد، دیارترینیان وێنەیەکی نەخشێنراوی هونەرمەندی نیگارکێش (خەیری ئادەم) بوو کە هونەرمەندێکی کوردی خەڵکی دهۆکە و دانیشتووی ئەمریکایە، تابلۆ هونەرییەکە گوزراشت لە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەکرد.

دیداری پاپا بۆ سەرۆکی هەرێم گرنگی و سەنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا، هەر لە کۆشکی پاپاوی لە ڤاتیکان نێچیرڤان بارزانی لەلایەن سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ڤاتیکان کە هاوکات سەرۆکی ئەنجومەنی (حبری)یە پێشوازی لێ کرا.

لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیاش سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی سیناتەوە پێشوازی لێ کرا، کە بە کەسی ژمارە دوو پۆلێن دەکرێت لە دوای سەرۆك کۆماری ئیتاڵیا،



## مستەفا قایتەوەنی – لەندەن

بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆبوونەوەی دواتری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جێگری سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا بوو کە هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەیە، پاشان لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا و وەزیری بەرگرییەوە و بە رێوڕەسمی بەرزی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی و ئامادەکردنی پاسەوانی شەرەف پێشوازی لە سەرۆکی هەرێم کرا.

کەشوهەوایەکی گەرموگوڕی پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان وڵاتێکی پیشەسازیی وەك ئیتاڵیا و ئەو کرانەوەیەی بۆ هەرێمی کوردستان کەم نییە و جێگەی سەرنج و تێڕوانینی پڕ لە دەستکەوتە، ئەگەر لە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم ورد ببینەوە، لە ماوەی یەك ڕۆژدا شەش دیداری تایبەتی هەبوو، واتا بەو سەردانە لە شەش وێستگەی گرنگدا و لە یەك ڕۆژدا تەواوی ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و سۆشیال میدیا و میدیاکانی بینراو و بیستراوی ئەو وڵاتەی سەرقاڵ کردبوو، دەستکەوتەکانی سەردانەکەش ئەم چەند خاڵەن، کەم سەردانی ئاوا دەگمەن هەیە ڕاستەوخۆ بەرهەمەکەی ببیندرێت.

کاتێ جێگری سەرۆك وەزیران کە هاوکات وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیایە، لە دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم موژدەیەك بە نێچیرڤان بارزانی دەدات و پێی دەڵێت: کونسوڵییەی ئیتاڵیا لە هەولێر دەکەینە کونسوڵگەریی گشتی.

ئەمەش هاوشێوەی ئەمریکا و فەرەنسا وەك چۆن لە نووسینگە و کونسوڵییەوە بۆ کونسوڵگەریی گشتی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا فراوانتر کرد، بەرهەمەکانی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بریتی بوون لە:-

یەکەم: ناساندنی کونسوڵگەریی ئیتاڵیا لە هەولێر بۆ کونسوڵگەریی گشتی، واتا فراوانتر لەوەی ئێستا، ئەمەش نیشانەی گرنگیپێدانی ئەم وڵاتەیە بە هەرێمی کوردستان.

دووەم: پتەوکردن و هەماهەنگیی ئابووری و وەبەرهێنانی ئیتاڵیا لە کوردستان و هاندانی کۆمپانیا ئیتاڵییەکان بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: بەردەوامیی پشتیوانیی سەربازیی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان و درێژکردنەوەی مانەوەی سەربازانی ئیتاڵیا لە هەولێری پایتەخت، وەك پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

چوارەم: هەماهەنگیی ئاسایش لە نێوان ئیتاڵیا و عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کاری وڵاتانی هاوپەیماندا.

پێنجەم: ئیتاڵیا پشتیوانی لە هەرێمی کوردستانێکی بەهێز دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا.

ئەگەر لەم خاڵانەی سەرەوەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وردبینەوە، بەڕوونی دەبینین، ئیتاڵیا وەك وڵاتێکی خاوەن پیشەسازی و ئەندامێکی کارای ناو کۆمیسیۆنی ئەورووپا و زۆربەی ئاژانس و ڕێکخراوە جیهانییە کاریگەرەکانی وەك:

(UN, G7, OSCD, OSCE, NATO, WTO, World Bank، International Monetery Fund، Europe Union) پێگەی هەیە، وڵاتێك بەو شێوەیە پاڵپشتیی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان نیشان بدات، واتای گرنگیپێدان بە کوردستان لە دەرەوە هێشتا ماوە و ئەم هەرێمە دەرفەتی دیکەی لە پێشە تا هەنگاوی زیاتر بنێت بۆ داهاتوویەکی گەشتر، بە گشتی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی پێمان دەڵێت کە ئەگەر کورد ناوماڵی خۆی ڕێك بخاتەوە، هەموو دەرگا داخراوەکان بە کەسایەتییەکی وەك نێچیرڤان بارزانی دەکرێنەوە.



■ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت دەبێتە زیانیش بۆ عێراق و کورتهێنانی بودجە زیاد دەکات، بۆیە عێراقیش پێی خۆش نییە نەوتی هەرێمی کوردستان ڕابگیرێت

■ پشتگیریی دەرەکی بۆ ڕێککەوتنەکە بۆ گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە

**کەمال محەمەد ساڵح**

**وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت بۆ گوڵان:**

# ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم جددییەت و ڕاستگۆیی و متمانەیەکی گەورەی لە نێوان هەر دوو حکومەت لەخۆ گرتووە

**ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە پاڵپشتی و پشتگیریی ڕاستەوخۆی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و گاز و، لە دوای ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان هات، بەمەش قۆناغێکی نوێی متمانە و پەیوەندیی نێوان هەر دوو حکومەت دروست بوو، کە دەکرێت ببێتە نەخشە ڕێگەی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو لا، ڕێککەوتنەکە دەنگدانەوەیەکی گەورەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیی بەدوای خۆیدا هێنا و، لە ئێستادا هەمووان لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدان، ئەم ڕێککەوتنە کاتییە، دەکرێت ببێتە نەخشەڕێگەی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کردنەوەی گرێ کوێرەی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان و، لە ناویشیاندا دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقی فیدراڵ و جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت لەسەر گرنگیی ڕێککەوتنەکە و وردەکارییەکانی ئەنجام دا، کە بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* سەرەتا دەمانەوێت لە ڕێککەوتنی کاتیی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت دەست پێ بکەین، بەو پێیەی واژۆت لەسەر ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوت لەگەڵ هاوتای فیدراڵییەکەی عێراق کرد، ئایا دەکرێت بیروبۆچوونیتان لەبارەی گرنگیی بۆ ئەم ڕێککەوتنە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بزانین؟

- ڕێککەوتنی ٤ی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت لە دوای وەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هات، کە زیانی بە خەڵکی کوردستان و خەڵکی عێراق گەیاند. ئەم ڕێککەوتنە بەرهەمی ماندووبوون و ئیرادەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و گرنگیی زۆری هەیە، هەر لە دەستپێکی کابینەکەدا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراقی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی دانابوو، بەم ڕێککەوتنەش قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەستی پێ کرد، هەروەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ دا: «سەردەمێکی نوێی متمانە و هاوکاریی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەستی پێ کردووە»، بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و خەڵکی عێراق کرد و ڕایگەیاند: ڕێککەوتنەکە دەتوانرێت وەکو بناغەیەك بەکار بێت بۆ خێر و خۆشیی گەلی کوردستان و گەلی عێراق، چونکە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەی بۆ سەرجەم داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراقیش دەبێت، کە لە ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵیی عێراقدا ئەو داهاتە

**ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراقی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی دانابوو**

**نابێت ڕۆڵی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق باس نەکەین، کە توانی لەپێناو هەموو گەلانی عێراقدا کۆتایی بەو چەقبەستووییە بهێنێت و زۆر جددییە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا و بە هەموو هێزیەوە پاڵپشتی دەکات**

**پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە ناوخۆی کوردستان و لە عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا پاڵپشتییەکی زۆری لێ دەکرێت**

**پۆستی جێگیری بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سۆمۆ دەدرێتە هەرێمی کوردستان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دادەنرێت و ئەرک و پسپۆڕایەتییەکەشی بۆ دیاری دەکرێت**

جێگیر کراوە بۆ سێ ساڵی داهاتوو، بەمەش کورتهێنانی بودجە زیاتر دەبێت، ئێمەش وەکو تیمی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی دارایی و چاودێریی دارایی و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە، بە درێژایی ماوەی ڕابردوو لەسەر دوو ئاست، هەم لە ڕووی ڕێککەوتنی نەوتی و هەمیش لە ڕووی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی عێراق لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی باشمان کرد، لە قۆناغێکی هەستیار و ناسکدا هەردوو تیمی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەسەر هەموو کۆت و بەربەستەکانی بەردەم دارشتنەوەی ڕێککەوتنەکەدا زاڵ بووین، ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم جددییەت و ڕاستگۆیی و متمانەیەکی گەورەی لەخۆ گرتووە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقدا و، دەبێتە هۆی باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە پێناو تێپەڕاندنی ناکۆکییە سیاسییەکان، لێرەشدا نابێت ڕۆڵی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق باس نەکەین، کە توانی لەپێناو هەموو گەلانی عێراقدا کۆتایی بەو چەقبەستووییە بهێنێت و زۆر جددییە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا و بە هەموو هێزیەوە پاڵپشتی دەکات و ڕێگە نادات لە ناوخۆدا ئاستەنگ و گرفت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دابنرێت و، زیان بە سەرجەم گەلانی عێراق بە گەلی کوردیشەوە بگات.

من نامەوێت باسی ڕابردوو بکەم، بە هەموو ناخۆشی و کێشە و ئاستەنگەکانەوە ئەو قۆناغە تێپەڕی و لاپەڕەیەکی نوێ و سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کردووە، ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە ناوخۆی کوردستان و لە عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا پاڵپشتییەکی زۆری لێ دەکرێت، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان، کە پێشوازییەکی باشیان لە ڕێککەوتنەکەش کرد.

*** ئەم پاڵپشتییە گەورەیەی لە ڕێککەوتنەکە کرا، بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئایا هێزێکی یاسایی و نێودەوڵەتیی زیاتر بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە نابەخشێت؟**

- گەورەترین پاڵپشتی کە لە ڕێککەوتنەکە کرا، لەلایەن هاووڵاتییانی کوردستانەوە بوو، ئەو هاووڵاتییانەی بە هۆی بڕینی بودجە و قەیرانی دارایی و بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵی و دژایەتیکردنی نەیارانی کوردەوە ئازار درابوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ناخۆشی و مەینەتییانەدا بەرپرسیارێتیی مێژوویی لەئەستۆ گرت، هەروەکو چۆن پێشتر بە هۆی بڕینی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم و شەڕی داعش و هاتنی زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارەوە بە ناچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنای بۆ هەناردەکردنی نەوت برد و ڕێگەی نەدا مووچە و قووتی خەڵك بکەوێتە مەترسییەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان یاسایی و دەستوورییش بوو، هاوکات هەر یەك لە ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین وڵاتانی دیکە پێشوازییەکی گەورەیان لە ڕێککەوتنەکە کرد و ڕۆڵی باشیان هەبوو لە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، بە تەئکید پاڵپشتیی هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی هێزێکی دیکە دەبەخشێتە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، هەروەکو چۆن حکومەتی عێراق بە فەرمی دانی بەوەدا نا کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان یاساییە، هەرواش لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دەرکەوت کە وەبەرهێنان و دەرهێنان و ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی نەوتی کوردستان دەستووری و یاساییە، ئەمەش پشتگیرییەکی زیاتر بە هەرێمی کوردستان دەدات کە وەبەرهێنانی زیاتر لەم کەرتەدا بکەن و دواجار هەموو هەناردەکردنی نەوت و فرۆشتنی داهاتەکەی بۆ سەرجەم گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، پاڵپشتی و پشتگیریی دەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگییەکی زۆر بە پێگەی هەرێمی کوردستان دەدات و لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بینیمان چۆن داوای ڕێککەوتن و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانیان کرد.

*** زۆر باسی وردەکاریی ڕێککەوتنەکە کرا، دەکرێت گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەمان بۆ باس بکەیت؟**

- ڕێککەوتنی کاتیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان نەخشەڕێگەیە بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ سێ ساڵی داهاتوو، هەروەکو چۆن ئەم ڕێککەوتنە گرنگە بۆ دەربازبوون لە کورتهێنانی بودجە و ڕێخۆشکەرە بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، لە نزیکترین دەرفەتیشدا خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ قووڵکردنەوەی متمانە و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان و ئاسانکاری بۆ داڕشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە هەماهەنگی و هاوبەشی لە نێوان هەرێم و ناوەند، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە پۆستی جێگیری بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سۆمۆ دەدرێتە هەرێمی کوردستان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دادەنرێت و ئەرك و پسپۆڕایەتییەکەشی بۆ دیاری دەکرێت، لیژنەیەکی چوار کەسییش لە ئەندامێتیی وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی دادەمەزرێت، کە کاری فرۆشتنی نەوتە بە باشترین نرخ لە بازاڕە جیهانییەکاندا، کارەکانی ئەم لیژنەیەش کاتییە تا ئەو کاتەی یاسای بودجەی فیدراڵی، یان یاسای نەوت و گاز دادەمەزرێت، ئەمە و لە ڕێککەوتنەکەدا چەندین خاڵی دیکەی تایبەت بە هاوکاری و پاڵپشتیی نێوان هەر دوو وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هاتووە، چ لە ڕووی دانوستاندن و ڕێککەوتنەکانەوە بێت لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت، یان لە ڕووی گرێبەستەکانەوە بێت، هەروەها لە خاڵێکی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، سەرجەم داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە هەژمارێکی تایبەتدا دادەنرێت، کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی مامەڵەکردنی بەو هەژمارە دەبێت.

*** باسی گرنگیی ئەم ڕێککەوتنەت کرد بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و پەسەندکردنی، ئایا گەرەنتی چییە ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو خۆی پەسەند بکرێت و تێپەڕ ببێت، بێ ئەوەی دەستتێوەردانی هەرێمی و دەستکاریی نادەستووری و نایاسایی نەکرێت؟**

- یەکێك لە گرنگیی ڕێککەوتنەکە گەڕانەوەی متمانە و پێکەوەکارکردنی نێوان هەر دوو حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی محەمەد شیاع سوودانییە، هەمووان ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوت کە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت دەبێتە زیانیش بۆ عێراق و کورتهێنانی بودجە زیاد دەکات، بۆیە عێراقیش پێی خۆش نییە نەوتی هەرێمی کوردستان ڕابگیرێت، لە لایەکی دیکەوە ئێمە بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی حکومەتی عێراق مافی دەستووریمان لە پشکی بودجەی عێراقی فیدراڵ هەیە، بۆیە سیاسەتی نەوت و گاز لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەوەیە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی عێراق و نێودەوڵەتیدا بێ ئەوەی دەستبەرداری ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بین، ماوەی ٢٠ ساڵ زیاترە لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێم ناکۆکیمان هەیە و دۆسێی نەوت و گاز یەکێکە لە چەندین دۆسێی دیکەی وەکو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و پشکی هەرێم لە بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و قەرەبووی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکان و سەرنج و تێبینییەکانی دیکەمان لەسەر دادگای فیدراڵی و یاسای دادگاکە و، دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی دیکەی فیدراڵی و نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی و.. هتد، دەستوور بۆ هەموو گەلانی عێراق نووسراوەتەوە و بۆ ئێمەی کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و هاوبەش، فەلسەفەی مەرکەزی و شمولی ڕەت دەکەینەوە، چونکە لەگەڵ ماددە و بڕگە دەستوورییەکاندا یەك ناگرێتەوە، لە ئێستادا تیمێکی شارەزا و پسپۆڕ سەرقاڵی گفتوگۆکانن لەگەڵ تیمە عێراقییەکە بۆ داڕشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هەنگاوی باش نراوە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش هەیە، بۆیە بڕیارە لە دوای شەش مانگ بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ئەم ڕەشنووسە ئامادە بکرێت.

**ئێمە بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی حکومەتی عێراق مافی دەستووریمان لە پشکی بودجەی عێراقی فیدراڵ هەیە**

**سیاسەتی نەوت و گاز لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەوەیە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی عێراق و نێودەوڵەتیدا بێ ئەوەی دەستبەرداری ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بین**

**فەلسەفەی مەرکەزی و شمولی ڕەت دەکەینەوە، چونکە لەگەڵ ماددە و بڕگە دەستوورییەکاندا یەك ناگرێتەوە**

# بازنەی گفتوگۆ

# میدیای کوردی.. قۆناغ و بەرپرسیارەتی

## ئەڵقەی چوارەم



ڕۆژی ٢٦ی ئاداری ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا و، لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین بابەت و پرسی گرنگ تایبەت بە ژیانی خەڵك و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان تاوتوێ کران، بە ئامانجی ئەوەی کە یەکێك لەو پرسانە بکەینە تایتڵی ئەڵقەی چوارەمی بازنەی گفتوگۆ و لەگەڵ پسپۆڕان و ئەکادیمی و شارەزایانی وڵاتی خۆمان گفتوگۆی ورد و جددی لەسەر بکەین.

لە کۆبوونەکەدا ئەوە لەبەر چاو گیرا، کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردییە و، ڕۆژنامەگەری و میدیاش لەگەڵ ئەوەی بە درێژای شۆرشی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان ڕۆڵێکی کاریگەری لە جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی گێڕاوە و، گیانی مقاوەمەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان دروست کردووە، بەڵام لە ئێستادا کە بەشێوەیەکی گشتی هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، هەست دەکرێت ئەرك و بەرپرسیاریەتی میدیای کوردی گۆڕانی گەورەی بە سەردا هاتووە و، لە ئاستی ئەرکە نیشتمانییەکانی ئەم قۆناغەدا نییە، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لیژنەی بازنەی گفتوگۆ بڕیاری دا:

١- تایتڵی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «میدیای کوردی . قۆناغ و بەرپرسیاریەتی» بێت.

٢- لە بری ئەنجامدانی ڕاپرسی، تیمێك لە میدیاکارانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەیدانی ڕای خەڵك و ڕای ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکان لەسەر ئێستای ئەرك و بەپرسیاریەتیی میدیای کوردی وەربگرن. هەروەها بڕیار درا، تیمەکە لە هەر چوار پارێزگا (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) و لە هەر چوار ئیدارەی سەربەخۆی (ڕانیە، زاخۆ، سۆران، گەرمیان) دابەش بکرێن و کارەکانیان ئەنجام بدەن.

٣- دوای وەرگرتنی ڕای خەڵك و حزبەکان، هەموو ئەم ڕایانە مونتاج بکرێن و بکرێنە ڕاپۆرتێکی ٣٠ خولەکی بە ناونیشانی «میدیای کوردی بەرەو چ ئاراستەیەکمان دەبات؟» لە گفتوگۆی بازنەدا پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی ئامادەبووان لەسەر ڕای خەڵك و حزبەکان گفتوگۆی جددی بکەن و پێشنیار و ڕێگەچارەی پێویست بخەنە ڕوو.

پاش دەستنیشانکردنی تایتڵی «بازنەی گفتوگۆ» و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئامادەکردنی تیمی میدیاکارانی بەش، بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵك و حزبە سیاسییەکان، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ ئەم بەڕێزانەی دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا بەشدار بن:

١- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- ئازاد جندیانی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس.

٣- ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٤- د. سادق حەمە غەریب مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.

٥- نەرمین سندی میدیاکار و ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- د.سامان جەلال مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.

٧- بەفرین سالم بەرپرسی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دهۆك.

٨- شڤان حەمدی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٩- د. نەزاکەت حسێن ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٠- د. جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

١١- فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.



بازنەی گفتوگۆ لە ناو خەڵکدا

# میدیای کوردی کۆمەڵگە بەرەو کوێ ئاراستە دەکات؟

تیمی میدیاکارانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە ڕاسپێردرابوون بە مایك و کامێرەوە بچنە ناو خەڵك (لە زاخۆ تا گەرمیان) ڕای خەڵك بۆ گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ وەربگرن، بە کۆمەڵێك پەیام و پرسیاری ڕاشکاوانە مایك و کامێرایان ڕووبەڕووی هاووڵاتیان کردەوە و پێیان گوتن: «میدیا و ڕاگەیاندن بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی جووڵەی کۆمەڵگە و دروستکردنی ڕای گشتی دادەنرێن، ئەوجا ئەگەر میدیاکاران پرۆفیشناڵانە و نیشتمانییانە پابەندی پرانسیپ و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی بن، ئەوا ڕای گشتی بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی و نیشتمانییانە دروست دەبێت، ڕێگەچارەش بۆ هەموو تەنگژە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندن ئەو پرانسیپە نیشتمانی و ئیتیکیانەیان فەرامۆش کرد، ئەوا ڕای گشتی بەرەو ئاژاوە و شپرزەیی دەچێت و کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە بەرەو ئاڵۆزتر و بنبەست دەچن. لەم ڕوانگەیەوە ئەو پرسیارانە وروژێنران:

١- ئایا میدیایی کوردی کۆمەڵگە بەرەو کوێ ئاراستە دەکات؟

٢- ئایا میدیای کوردی لە بەرانبەر پرسی خاك و نیشتمان بەرپرسیارانە مامەڵەیان کردووە؟

٣- چی بکەین بۆ ئەوەی میدیای کوردی بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە بکات؟

- لە وەڵامی ئەم پرسیارنەدا، سەلام عەبدوڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «ڕاگەیاندنی کوردستان لە ئێستادا بەسەر دوو بەشدا دابەش بووە، بەشێکیان میدیای پابەندبووی حزبین و بەشێکیشان ڕاگەیاندنی ئەوانەیە کە بە خۆیان دەڵێن ئەهلی و سەربەخۆ، بەڵام ئەوانیش هەر سێبەری حزبەکانن، بۆیە ڕاگەیاندن بەو جۆرە هەڵدەسووڕێت کە حزبی پاڵپشتی مەبەستیەتی هەڵیبسووڕێنێت، ئەمەش فەوزا و پاشاگەردانییەکی گەورەی لە کوردستان دروست کردووە و، ئاشتیی کۆمەڵایەتی خستووەتە مەترسییەوە».

- ئاوارە دێلۆیی مامۆستای زانکۆ، لەبارەی ڕەوشی میدیای کوردی دەڵێت: «لە دوای ڕاپەرینەوە میدیای کوردی بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوە و، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا زۆر گرنگە، بەڵام نەمانتوانیوە وەك پێویست گرنگی بە میدیا بدەین و دەستمان لێ بەردواە، لە ئێستاشدا کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو تاکێك خاوەنی میدیای خۆی بێت، ئەوا ئەمە وای کردووە، میدیا نەتوانێت پابەندی پرسە نیشتمانییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگە بێت».

- کانیاو بایز بەرپرسی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعیی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکە و گوتی: «ڕاگەیاندنی کوردی لە هەندێك قۆناغدا زۆر باش توانیویەتی لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، هەروەها لە دستنیشانکردنی هەڵە و کەموکورتییەکانی وڵاتدا، بەڵام ئەم کاریگەرییەی میدیا گرێدراو بووە بە سەقامگیریی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە، کە ئەو ژینگەیە تێکچوویێت، ئەوا میدیاش نەیتوانووە ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت».

- عەبدولکەریم ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی سپێدەی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وای دەبینێت کە «هەنگاوی یەکەم بۆ ڕێکخستنەوەی میدیای کوردی هەنگاوهەڵگرتنە




بەرەو پابەندبوون بە پیشەییبوونی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە، کە ئەم هەنگاوە هەڵگیرا ئیدی ڕۆژنامەنووس پابەند دەبێت بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانییەوە و هەست بە بەرپرسیاریەتیش دەکات».

- عوبید سوبحی ڕۆژنامەنووس لە پارێزگای دهۆك، ڕای وایە «میدیای کوردی میدیایەکی بێ پلانە و پلانی کورت مەودا و درێژخایەنی نییە، ئەمەش وادەکات میدیا بەرچاوی ڕوون نەبێت لەوەی کە دەیەوێت کۆمەڵگەکەی خۆی بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات».

- سەلاحەدین کوردستانی ڕۆژنامەنووس لە پارێزگای سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە «بۆ ڕاگەیاندن چوارچێوەیەك هەیە، دەبێت لەبەر چاو بگیرێت و نابێت ببەزێندرێت، ئەو چوارچێوەیەش ئاسایشی نەتەوەییمانە، بۆیە کاتێك سەیر دەکەین، دەپرسین: ئایا میدیای کوردی ئەو چوارچێوەیەی پاراستووە، یان نا؟ بەداخەوە بەشی هەرە زۆری میدیاکان بە گشتی و دیجیتاڵ میدیای ئەم سەردەمە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییان بەزاندووە و، تەنانەت هەندێك جار زانیاریی ئەوتۆی نیشتمانییان بڵاوکردووەتەوە کە مەترسی لەسەر سیستەمە سیاسییەکەش دروست کردووە».

- ئاواز عەبدول سەمەد قوتابی لە زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت: «ڕاگەیاندن توانیویەتی ڕای گشتی دروست بکات، بەڵام زۆر جار بە ئاراستەی نەرێنی ئەو ڕای گشتییەی ئاراستە کردووە، واتە زۆر کەم بە ئاراستەی ئەرێنی ڕای گشتییان ئاراستە کردووە».

- بەختیار زێباری ڕۆژنامەنووس لە پارێزگای دهۆك، ئاماژەی بەوە کرد «بەرپرسیاریەتی میدیا بەندە بە سیاسەتی دەزگای ڕاگەیاندن، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین: ئایا میدیای کوردی توانیویەتی سیاسەتێکی دروستی لە بەرانبەر پرسە نیشتمانییەکان هەبێت؟ بێگومان نەیتوانیوە، ئێستا لە کوردستاندا میدیا و کەناڵ هەن، کە خەڵك نازانێت کێ خاوەنداریەتی دەکات، بە دەیان پەیج و ئەکاونت هەن، خاوەنداریەتییان دیار نییە و گرێدراوی دەزگا هەواڵگرییە ترسناکەکانی دەوروبەر و جیهانن».

- د.ئاراس ڕەمەزان، مامۆستای زانکۆیە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ڕاگەیاندن، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە «یەکێك لەو کێشە هەرە سەرەکییانەی کە میدیای کوردی نەخۆش خستووە، ئەوەیە کە نەیتوانیوە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهات و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات، هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵمان زۆر کەمە و ناتوانن وابەستەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پرسە نیشتمانییەکان و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی بن. هەر بۆیە میدیای کوردی هێندەی هەوڵ دەدات کێشە و قەیران دروست بکات و زیاتر قەیرانەکان قووڵتر بکاتەوە، هەوڵی نەداوە ڕێگە چارە بۆ تەنگژە و قەیرانەکان بدۆزێتەوە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بپارێزێت».

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ڕایانەی تیمی میدیاکارانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ بازنەی گفتوگۆیان ئامادە کردبوو، زۆر لەم ڕایانە زیاتر بوون کە لەم ڕاپۆرتە بڵاوی دەکەینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ڕای هەموو لایەنەکان و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و جیاوازەکان ڕایەکی نەرێنی و ڕەشبینییە بەرانبەر بە ئەو قۆناغەی ئێستا کە میدیای کوردی پێدا تێدەپەڕێت، بۆیە تەنیا گوڵبژێرێك لە بۆچوونەکان لەم ڕاپۆرتەدا بڵاو دەکەینەوە.






## د.سالار عوسمان

**بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# جیهانگیری و پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکی مەترسیداری لەسەر میدیای کوردی دروست کردووە

**د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە بەئەزموونەکانی کوردستان و لە هەموو بوارەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی (بینراو، بیستراو، نووسراو) بە پراکتیکی کاری کردووە و، ماوەی چەندین ساڵیش بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، کە یەکێك لە کارە گرنگەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکخستنی میدیا بووە، لە ڕوانگەی ئەم ئەزموونە کەڵەکەبووە لە گفتوگۆی ئەم جارەدا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

«لە ڕوانگەی ئەو ئەزموونەی لە بواری کارکردنم لە میدیا پەیدام کردووە، دید و تێڕوانینی من وایە کە پرسی میدیا و کێشەکانی پرسێکی زۆر گرنگن، بۆیە دەمەوێت زۆر ڕاشکاوانە قسەی لەسەر بکەم و قسەکانیشم بە سەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەش دەکەم:

**- تەوەری یەکەم:**

ڕاشکاوانە من لەگەڵ ئەو بەڕێزانە کۆك نیم کە تەنیا بە شێوەیەکی تیۆری لەسەر ئەم پرسە گرنگە قسە دەکەن، ڕاستە تیۆر زۆر گرنگە و دەروازەیە بۆ بوارەکانی دیکە، بەڵام کە بە تەنیا دەچینە ناو تیۆر و باسکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی تیۆری، ئەوا خۆمان لەبیر دەکەین کە ئێمە لە کوێین و لە کام جوگرافیادا قسە دەکەین؟ بۆیە گرنگە بزانین ئێمە لە کوێ قسە لەسەر میدیا دەکەین و لە چ سەردەمێکدا قسە دەکەین.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە لە کوردستانەوە قسە لەسەر کێشەی میدیا دەکەین و، قۆناغ و سەردەمەکەشمان زۆر ئەرکی خستووتە سەرشانمان، کەواتە ئەم واقیعە فەرزی دەکات لە سەرمان جەخت لەسەر میدیای کوردی و کێشەکانی ئەو میدیایە بکەینەوە، نەك تەنیا بە موجەڕەدی باسی میدیا بکەین، بە تەنیا قسەکردنیش لەسەر میدیا بە گشتی وای دەبینم دەرەقەتی خەمەکانی ئێمە نایەت، کە ببێتە هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی میدیای کوردی.

**- تەوەری دووەم:**

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر نەخۆشییە سەرەکییەکانی میدیایی کوردی زۆر بە وردی دەستنیشان بکەین، ئەوا بە دیدی من میدیای کوردی لە بەردەم دوو هەڕەشەی زۆر گەورەدایە، ئەو دوو هەڕەشەیەش بریتین لە:

١. هەڕەشەی جیهانگیری.

٢. هەڕەشەی پۆپۆلیزم و حزبی پۆپۆلیستی.

سەبارەت بە هەڕەشەی یەکەمیان، وەك دەبینین جیهانگیری بە هەموو ئەو بزۆزی و هەژموونەی هەیەتی، بە جۆرێك میدیای کوردی بچووك کردووەتەوە، کە لەژێر هەژموونی جیهانگیریدا نیشتمانی خۆی نەبینێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی جیهانگیری کێشەی قووڵی لەگەڵ چەمکەکانی «ڕەسانەیەتی و ناسنامە» هەیە و تەنانەت بەهاکانیش لەناو جیهانگیریدا پێناسەکانیان دەگۆڕێت.

سەبارەت بە هەڕەشەی دووهەمیان کە «پۆپۆلیزم و حزبی پۆپۆلیستی»یە، ڕاشکاوانە دەڵێم: چەمکی سیاسەت و سیاسەتکردن لە کوردستان، لەژێر کاریگەریی پۆپۆلیزمدا تووشی نەخۆشییەکی گەورە بووە، هەر بۆیە ڕاگەیاندنیش لەژێر کاریگەریی ئەم ئاراستەیەدا تووشە ئەوە بووە کە نازانێت چی دەڵێت، بۆ کام کۆمەڵگە قسە دەکات، ئەرکەکانی چییە، نازانێت لە پەیامەکەیدا چ چارەسەرێکی تێدایە».

لەو ڕاپۆرتەی بازنەی گفتوگۆ ئامادەی کردبوو، پرسیارێك هاتبوو: «ئایا میدیای کوردی کۆمەڵگە بەرەو کوێ ئاراستە دەکات؟» بە ڕاستی ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە سیاسییەکان لەبەر کێشمەکێش و ناکۆکییەکانی خۆیان ناپەرژێنە سەر ئەوەی لەسەر ئەم پرسە پێکەوە دانیشن و بە پراکتیکی و زانستی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە و کاری لەسەر بکەن، بۆیە دەبێت ئێمەی دەستەبژێری کۆمەڵگە هاوکارییان بکەین، بەردەوامیش جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێت دەستەبژێری کۆمەڵگە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە هاوکاریی سیاسییەکانی وڵاتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕوون بکەنەوە، گرنگە هانی ئەوە بدەین کە بەردەوام ڕایەڵەیەکی تەبایی لە نێوان دەستەبژێر و سیاسییەکان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم وڵاتە بەڕێوەببەین.

**- تەوەری سێیەم:**

ئەگەر زیاتر هەر دوو هەڕەشەی «جیهانگیری و پۆپۆلیزم» لەسەر میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر هەر دوو ئاستی «وڵات و کەسی و تایبەتی» هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوا ئەم مەترسییانە لەبەر چاون، کە بەم جۆرەن:

- لەسەر ئاستی وڵات:

١. ڕەسەنایەتی لە مەترسیدایە، ناسنامە و نیشتمان پیرۆزییەکانی لاواز کراوە.

٢. ئارامیی گشتیی کۆمەڵگە شێوێندراوە و دردۆنگی زیادی کردووە.

٣. میدیای خراپ بووەتە هۆکاری دەمارگیریی زیاتر بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٤. شێواندنی ڕاستییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە و بە بەردەوامی، هەموو بەها و پیرۆزییەکان و سیمبولەکان ناشیرین دەکات.

- لەسەر ئاستی کەسی و تایبەتی:

١. میدیای خراپ بووەتە هۆکاری دوورەپەرێزی و تەنیایی هاووڵاتی.

٢. میدیای خراپ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەتە هۆکاری ئەوەی کاتێکی زۆرمان بە فیڕۆ بچێت.

٣. ئەم میدیا خراپە بووەتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە جوان پیشان بدات، خەڵکانی گەندەڵ بە وێنایەکی جوان پیشانی کۆمەڵگە دەدەن. کە ئەمەش خاڵێکی دیکەی خراپیی میدیایە کە کاریگەریی سایکۆلۆژیی خراپ لەسەر ناخی هاووڵاتی بەجێ دەهێڵێت.

٤. میدیای خراپ ناخی تاکی کوردستانی پڕ کردووە لە ڕق و کینە، هەر بۆیە کاتێك دەتەوێت دیالۆگی لەگەڵ بکەی، دەبینین تووڕە و ماندووە.

٥. لە کوردستاندا میدیا لە هەر دوو کایەی سیاسەت و ژیاندا بوونی هەیە، بەڵام میدیا بە هەمان نەفەسی کایەی سیاسەت، کایەی ژیانیش هەڵدەسووڕێنێت، ئەم ئاراستەیەی میدیای خراپ ئەوەمان پێ دەڵێت کە مانای ژیانی بێ مانا کردووە.

لە دوماهیدا دەمەوێت دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە پێویستە میدیا بگێڕینەوە ناو کۆی سێکتەرە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەمان و ڕێگە نەدەین بەو ئاراستە خراپە کۆمەڵگە زیاتر بە سیاسی بکات. بەداخەوە ئەم میدیایەی ئێستامان لەبەر ئەوەی پارەی سیاسی بەڕێوەی دەبات و لەناو پارەی سیاسیشدا پارەی ئەم لا و ئەو لاش هەڵیدەسووڕێنێت، زۆر بە بەردەوامی کاری شکاندن دەکات و دەیەوێت بەرانبەر بشکێنێت، بۆ ئەوەی سیمبول و پیرۆزییەکان پێشێل بکات، یان دەیەوێت هیچێك گەورە بکات، ئەم حاڵەتە تاڵەیە پێمان دەڵێت: میدیای ئێمە لەناو پاشاگەردانی و نەخۆشییەکی زۆر گەورەدایە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە میدیا ڕزگار بکەین و بیگێڕینەوە بۆ ناو ژیان، پرسیار ئەوەیە ئایا لەناو ژیاندا سیاسەت هەیە؟ بێگومان بوونی هەیە، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە ژیان پێویستی پێیەتی، نەك ئەو سیاسەتەی براکان بە گژ یەکدا دەکات.

**چەمکی سیاسەت و سیاسەتکردن لە کوردستان، لە ژێر کاریگەریی پۆپۆلیزمدا تووشی نەخۆشییەکی گەورە بووە**

**دەبێت دەستەبژێری کۆمەڵگە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە هاوکاریی سیاسییەکانی وڵاتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕوون بکەنەوە**

**ئەم میدیا خراپە بووەتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە جوان پیشان بدات، خەڵکانی گەندەڵ بە وێنایەکی جوان پیشانی کۆمەڵگە دەدەن**

**پێویستە میدیا بگێڕینەوە ناو کۆی سێکتەرە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەمان و ڕێگە نەدەین بەو ئاراستە خراپە کۆمەڵگە زیاتر بە سیاسی بکات**






## ئازاد جندیانی

سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس:

# لە ناو میدیای کوردیدا ئانارشیزم هەیە و بە ئەنقەست دەیانەوێت ئاژاوەگێڕی لە کۆمەڵگە دروست بکەن

**ئازاد جندیانی سیاسەتمەدار و پێشمەرگەیەکی دێرینی قۆناغە سەختەکانی خەباتی گەلەکەمانە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەئەزموونی قۆناغی خەباتی شاخ و هەروەها قۆناغی دوای دامەزراندنی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە بیرێکی نەتەوەییانە سەیری پرسە نیشتمانییەکان دەکات و، لەسەر هەموو پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەڵوێستی جوامێرانە و قسەی جددیی خۆی هەیە، لەم گفتوگۆیەشدا بە پەرۆشییەوە بۆچوون و پێشنیار و چارەسەرکانی لەسەر کێشەی میدیا بەم جۆرە خستە ڕوو:**

ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ دەکەین، ئەویش «میدیای کوردی و قۆناغ و بەرپرسیاریەتی»یە، بەڵام گرنگە پێش هەموو شت ئەوە لەبەر چاو بگرین، کە ئێمە لە دونیایەکی داخراودا ناژین و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری، جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووک.

د. سامان جەلال، ئاماژەی بەوە کرد، کە میدیا بووەتە هۆکاری فەوزا و پاشاگەردانی، بەڵام من وای دەبینم، ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، دیاردەی ئانارشیزمە، واتە دەستێك هەیە، دەیەوێت ئاژاوەگێڕی دروست بکات، هەروەها من لەگەڵ ئەو دەستنیشانکردنەش نەبووم کە بەشێکی ئەم فەوزایە پەیوەندی بە قۆناغی ڕاگواستنەوە بۆ دیموکراسی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، هەموو قۆناغێك جۆرێك لە فەوزای خۆی هەیە و بە شێوازی جیاجیا دەردەکەوێت، بۆیە ئەو پاشاگەردانییەی ئێستای کوردستان «پاشاگەردانیی کۆمەڵگە»یە، هۆکاری ئەم پاشاگەردانییەی ناو کۆمەڵگە حزبە سیاسیەکان و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، کە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بە ڕاستی هەموو شتێکی گۆڕیوە، هەر بۆیە پێش هەموو شت پێویستمان بە دووبارە پێناسە کردنەوەی «کۆمەڵگە، سیاسەت و دیموکراتی» هەیە. هەروەها نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش لێرە دانیشتووە، پێویستمان بە دووبارە پێناسەکردنەوەی «ڕۆژنامەنووس»یش هەیە.

من زۆر لەگەڵ پرسی دیموکراتی کۆك نیم، هەر

بۆیە پێم وا نییە ئەم کێشانەی ئێمە پەیوەندی بە ڕاگواستنەوە هەبێت، ئەم بۆچوونەی خۆیشم لە دیمانەکەمدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بە درێژی باس کردووە. ئەمڕۆ ئێمە گیرۆدەین بە کۆمەڵێک کێشەوە کە لەوانەیە لە هەندێک ڕووەوە ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، دەبینین هەر خودی ئەوەی پێی دەڵێن «سیستمی دیموکراتی» سەرچاوەی دروستکردنی ئەو گرفتانە بووە، بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەش ناکۆکم کە ئاماژەیان بەوە کرد «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میدیا، پێویستە حکومەت ڕێنمایی دەربکات و پەرلەمان یاسا دەربکات»، من وای دەبینم، ئەمانە چارەسەری دەردی ئێمە ناکەن، لەبەر ئەوەی دەردەکەی ئێمە لەوە گەورەترە.

لە دەستپێکی قسەکانمدا گوتم، ئەو بارودۆخەی لە کوردستان دروست بووە ئانارشیزمە و بە ئەنقەست دەستێک ئاژاوە لە کۆمەڵگە دروست دەکات، لەسەر ئەمە ئاماژە بە چەند ڕووداوێک دەکەم، کە بۆ هیچ لایەک شاراوە نییە و بینیومانە، بۆ نموونە: خەڵکانێک هەبوون بە دەستی ئەم لا و ئەولا و لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە هەوڵیان داوە ئارامی و سەقامگیریی کوردستان تێک بدەن، لە بەرانبەردا حکومەت بە ڕێگەی داواکاری گشتی هەوڵی داوە، ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسانە بگرێتە بەر و بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکات، بەڵام بینیمان چ هەڵایەکی ئیعلامییان لەسەر حکومەت دروست کرد، چ گوشارێک لەلایەن کونسوولخانەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرا. لەسەر ئاستی ناوخۆی سیاسیی کوردستانیش کرایە توخمێک بۆ تێکدانی بارودۆخی سیاسیی کوردستان، هەروەها لەمەش زیاتر کە باس لەوە دەکرێت، بە یاسا و ڕێنمایی حکومەت مامەڵە لەگەڵ نابەرپرسیاریی میدیا بکرێت، ئەوە زۆر زەحمەتە، ئەمەش لەبەر ئەوەی چەمکی ئازادی لای ئێمە مانایەکی هەیە و لای کونسووڵ و ڕێکخراوە نیودەوڵەتی و ناحکوومییەکان مانایەکی دیکەی هەیە، ئەوان ئەوە لەبەر چاو ناگرن، ئێمە دەوڵەت نین و قەوارەکەمان زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە مەترسییەوە، لەمەش زیاتر ڕێکخستنەوەی ئەم پرسە بە یاسا پێویستی بەوەیە کۆمەڵێک لایەنی وەک مافی مرۆڤ و مافی ئازادیی ڕادەربڕین لەبەر چاو بگیرێت، تەنانەت خۆم گفتوگۆم لەگەڵ هەندێک یاساناس و ئەکادیمی کردووە، دەڵێن: ئەگەر بە یاسا ئەم پرسە ڕێک بخەین، خودی یاساکە بەریەککەوتن لەگەڵ چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین و پێدانی زانیاری دروست دەکات.

ئەو ڕاپۆرتەی بازنەی گفتوگۆ بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادەی کردبوو، من سەرنجم خستە سەر، بۆیە زۆر گرنگە فیدباکی کاریگەریی ئەو میدیا خراپە لەناو هاووڵاتیانی ئاسایی بدۆزینەوە و کاری لەسەر بکەین، ئەمەش کارێکی هێجگار قورسە و لە توانای دەستەبژێر گەورەترە، کە ئێمە ئێستا دەمانەوێت قسەی لە بارەوە بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. سۆشیال میدیا توێژی دەستەبژێری تێپەڕاندووە و بە ئاسانی کۆنترۆڵ و لغاوگیر ناکرێت، ئێستا هەموو تاکێک میدیا و ئەکاونتی تایبەتیی خۆی هەیە و، هەرچی بیەوێت، بڵاوی دەکاتەوە و، هیچ سانسۆرێکیشی لەسەر نییە و، بە شتێک پارەش سپۆنسەری دەکات، پاشانیش ئەو ناوچانە دیاری دەکات، کە دەیەوێت تێیدا بڵاو ببێتەوە و بە ئاسانی دەچێتە لای هەموو کەسێک.

لە دوماهیدا ئەو خاڵەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم و وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ و گەشبین لێی دەڕوانم، ئەوەیە کە ئێمە ئەم گفتوگۆیە لەبەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین و لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی ئەم بەشەش کە گۆڤاری گوڵانە، بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە خراپیی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە، کێشەیەکی گەورەیە و کۆمەڵگە گەیشتووەتە ئاستی مەترسییەکی نیشتمانی و دەیەوێت لەم پرسەدا هەوڵێک بدات، بۆیە لێرەوە دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگەدا هەبێت و هاوشانی ئەو پرسە گرنگە نیشتمانییانە سەیری بکات، کە پێشتر ڕۆڵی گەورەی تێدا گێڕاوە.

**هەر خودی ئەوەی پێی دەڵێن «سیستمی دیموکراتی» سەرچاوەی دروستکردنی ئەو گرفتانە بووە**

**ڕێکخستنەوەی ئەم پرسە بە یاسا پێویستی بەوەیە کۆمەڵێک لایەنی وەک مافی مرۆڤ و مافی ئازادیی ڕادەربڕین لەبەر چاو بگیرێت**

**زۆر گرنگە فیدباکی کاریگەریی ئەو میدیا خراپە لەناو هاووڵاتیانی ئاسایی بدۆزینەوە و کاری لەسەر بکەین**

**ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە خراپیی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە، کێشەیەکی گەورەیە و کۆمەڵگە گەیشتووەتە ئاستی مەترسییەکی نیشتمانی**




## ئازاد حەمەدەمین

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:**

# کێشەکانی میدیا بە ئاسانی چارەسەر نابن و دەبێت پێش هەموو شت پلانمان هەبێت و بزانین خەڵک و حکومەت چییان لە میدیا دەوێت

**ئازاد حەمەدەمین جیا لەوەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و ئەزموونی کاری ڕۆژنامەگەری لە قۆناغی خەباتی شاخ هەیە، هەروەها لە دوای ڕاپەڕینیشەوە یەکێک بووە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە جێ پەنجەی لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیار بووە. لە بواری ڕۆژنامەگەریی نووسراو، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی برایەتی بووە و لە بواری میدیای بینراویشدا، ئامادەکار و پێشکەشکاری یەکێک لە گرنگترین بەرنامە سیاسییەکانی کەناڵی سەتەلایتی کردووە و بەردەوامیش پێش ئەوەی بۆ پۆستی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش هەڵبژێردرێت، پارێزەری دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و بە یاسا بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان کردووە، لەم گفتوگۆیە «میدیای کورد و قۆناغ و بەرپرسیاریەتی» بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

سەرەتا دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەم، کە بەشداربووان هەڵوەستەیان لەسەر ئەوە کرد، کە ئێستا بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە قۆناغێکی فەوزا و پاشاگەردانیدا تێدەپەڕێت، ئەم دەستنیشانکردنە پرسیارێك دەورووژێنێت: ئایا هۆکاری ئەم پاشاگەردانییە چییە؟ ئایا دیدوبۆچوونمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم فەوزایە چۆنە؟

بەشداربووان هۆکاری ئەم پاشاگەردانییەی ناو میدیایان گرێ دایەوە بەوەی ئێمە لە قۆناغی ڕاگواستنین بەرەو دیموکراسی و ئەم حاڵەتەش دەرهاوێشتەی ئەم قۆناغەیە، لەمەدا من لەگەڵ ئەو بەڕێزانە یەك ناگرمەوە و پێم وایە بەستنەوەی ئەم فەوزایە بە قۆناغی ڕاگواستنەوە، دەمانباتە ناو بازنەی بۆش و لەوێشدا هیچ چارەسەرێك نادۆزینەوە.

لێرەدا ئاماژە بە پێناسەیەکی فەلسەفەی جوانناسی دەکەم کە دەڵێت: «ناوەڕۆك ڕوخسار دیاری دەکات»، پرسی ئێمەش لەم گفتوگۆیەدا «میدیا»یە و دەبێت بزانین ئەو ناوەڕۆکە چییە کە ڕوخساری میدیا دیاری دەکات. بێگومان ناوەڕۆکی میدیا پێش ئەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، ئابوورییە، ئەمەش واتە میدیا بۆ میدیاکار و ڕۆژنامەنووس پیشەیە، هەروەك چۆن پزیشکی و پارێزەری و.. هتد، پیشەن و خاوەنەکەی بەو پیشەیە دەژی. هەر بۆیەشە هەر یەك لەو پیشانە بە جۆرێك کارەکانی خۆیان ڕێك خستووە، لەمەوە ئێمەش دەبێت هەوڵ بدەین، بۆ ئەوەی پیشەی میدیاکار و ڕۆژنامەنووس ڕێك بخەینەوە.

بۆ ئێمە وەك سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و خۆیشم وەك نەقیبی ئەو سەندیکایە، چارەسەرکردن

و ڕێکخستنی پرسی میدیا، ئەرك و بەرپرسیاریەتییە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەردانی دەیان وڵاتی ئەم جیهانەمان کردووە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو وڵاتانەی دەوروبەر و هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاواش چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسە ئاڵۆزە کردووە و چۆن چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە.

ئێمە لە کوردستان یاسای ژمارە ٣٥ی پەرلەمانی کوردستانمان هەیە بۆ پاراستنی مافەکانی میدیاکار و ڕۆژنامەنووس، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە میدیاکار و ڕۆژنامەنووس کێن؟ بێگومان وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لای ئێمە وەك سەندیکا، میدیاکار و ڕۆژنامەنووس ئەو کەسانەن کە وەك پیشە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار دەکەن، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، واقیعێکی ئاڵۆز و پەرتەوازەیی لە ناو میدیا دروست کردووە، هەروەها ناڕوونییەکیشی لەسەر پێناسەی «میدیاکار و ڕۆژنامەنووس»دروست کردووە. واتە ئێستا هەر تاکێك دەتوانێت ئەو کارە بکات کە میدیاکار و ڕۆژنامەنووسێکی نەریتی پێشتر ئەنجامی دەدا، هەر بۆ نموونە بە ڕێگەی مۆبایل و لاپتۆپەکەی دەتوانێت هەرچی بیەوێت لە هەواڵ و وتار و وێنە بڵاوی بکاتەوە، هەروەها دەتوانێت لایڤ بکاتەوە و گوتار بدات و تەنانەت بەرنامەش پێشکەش بکات، لەمەش زیاتر هەموو بەرهەمەکانی کاری ڕۆژنامەگەری و میدیا «بینراو، بیستراو، نووسراو» جارێکی دیکە لە ڕێگەی پەیج و ئەکاونتی خودی ئەو دەزگایانەوە، دەخرێنەوە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیا لەوەی بووەتە فەزایەك بۆ تاك کە ئەوەی دەیەوێت، دەتوانێت تیایدا بڵاوی بکاتەوە، لە هەمان کاتدا بۆتە فەزایەکیش بۆ دووبارە خستنەڕووی هەموو بەرهەمە میدیایی و ڕۆژنامەنووسییەکان، ئەمەش فەزایەکی تێکەڵاو پێکەڵاوی ئەوتۆی دروست کردووە، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت ئەرك و بەرپرسیاریەتی میدیا لەگەڵ ئەو بێسەروبەرییەی ناو سۆشیال میدیا لێك جیا بکرێتەوە، هیچ یاسایەکیش نییە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەم حاڵەتە بکات و لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە.

لەناو ئەم واقیعەدا، پرسیار ئەوەیە: ئێمە دەبێت چی بکەین؟ بە بۆچوونی من هەنگاوی یەکەممان دەبێت ئەوە بێت کە میدیا و سوشیال میدیا لێك جی بکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین لەگەڵ چ پرسێك مامەڵە دەکەین و چۆن چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە، چۆن ئەرك و بەرپرسیاریەتی بۆ میدیا دیاری دەکەین؟ لەسەر ئەم پرسە ئێمە چەند هەوڵێکمان داوە بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم:

١. لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دانیشتووین بۆ ئەوەی پرۆژەیەك بۆ هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە ٣٥ دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکات کە وەك تاك لە ڕێگەی مۆبایل و لاپتۆپەکەیەوە بە ئارەزووی خۆی چی دەوێت، بڵاوی بکاتەوە.

٢. لە زۆربەی وڵاتان ئەنجومەنێك هەیە بە ناوی «ئەنجومەنی میدیا» و ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لە «وەزارەتی داد، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دەستەی مافەکانی مرۆڤ»، ئەمەش واتە لەو دامودەزگایانە پێکدێت کە لە ناو حکومەت و کۆمەڵگە بوونیان هەیە، ئێمەش هەوڵمان دا ئەنجومەنی میدیا لە کوردستان دابمەزرێنین، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووین.

٣. بۆ ئەوەی میدیایەکی نیشتمانیمان هەبێت، وەك سەندیکا پێشنیارێکمان هەیە بۆ پرۆژەی باربوکردنی میدیا، پێویستە حکومەت بودجەیەك بۆ میدیایەکی سەربەخۆ دیاری بکات، هەتا ئەو کاتەی ئەو میدیایە دەتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، ئەم جۆرە باربووە لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووی ڕۆژئاواش هەیە.

٤. نەخشەڕێگەیەکمان دارشتووە و داومانە بە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە لێژنەشی بۆ دروست کراوە و، بیر لەوەش کراوەتەوە کە هەندێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتییش وەك یونسکۆ ئەم نەخشەڕێگەیە لە ئەستۆ بگرن، هەتا ئێستا لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەم نەخشەڕێگەیە لە دانوستانداین.

٥- یەکێك لە گرفتە جەوهەری و بنەڕەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێناسەکردن و جیاکردنەوەی ڕۆژنامەنووسی پیشەییە لە ڕۆژنامەنووسی هاووڵاتی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکات.

٦- گەرەنتیی گوزەرانی ژیانی ڕۆژنامەنووسان زۆر گرنگە بۆ داهاتووی خۆی، چ لە میانی دۆزینەوەی چارەسەرێك وەکو پێوەری نێودەوڵەتی لە خانەنشینیی ڕۆژنامەنووسان، یان ڕیفۆرمی یاسای کار، یان لەناو گرێبەستی خاوەن کارەکانی ڕاگەیاندن.

٧- ناسنامەی موزاوەلەی کاری ڕۆژنامەنووسی، واتە بتاقەی ڕۆژنامەگەری، یان تەرخیسی ڕۆژنامەگەری، چ لە ئەنجومەنی میدیا وەکو هەندێ وڵات، یان جۆری دی.

ئەوەی دەمەوێت لە دوماهیی قسەکانماندا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە کێشەکانی میدیا بە ئاسانی چارەسەر نابن و دەبێت پێش هەموو شت پلانمان هەبێت و بزانین خەڵك چی لە میدیا دەوێت، حکومەت چی لە میدیا دەوێت، پاشانیش دەبێت حکومەتیش بەرنامەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت میدیا چی لە حکومەت دەوێت.

**بەستنەوەی ئەم فەوزایە بە قۆناغی ڕاگواستنەوە، دەمانباتە ناو بازنەی بۆش و لەوێشدا هیچ چارەسەرێک نادۆزینەوە**

**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، واقیعێکی ئاڵۆز و پەرتەوازەیی لە ناو میدیا دروست کردووە**

**لە زۆربەی وڵاتان ئەنجومەنێک هەیە بە ناوی «ئەنجومەنی میدیا» و ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لە «وەزارەتی داد، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دەستەی مافەکانی مرۆڤ»**

**پێویستە حکومەت بودجەیەک بۆ میدیایەکی سەربەخۆ دیاری بکات، هەتا ئەو کاتەی ئەو میدیایە دەتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت**






## د.سادق حەمە غەریب

مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین:


# میدیای کوردی بێجگە لە پاشکۆیەتیی حزبە سیاسییەکان هیچی دیکەی تێدا نابینینەوە

**پ.ی.د.سادق حەمە غەریب، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە و نامەی دکتۆراکەی لەسەر «ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانی سیاسیدا» بووە، لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵی داوە کە مۆدێلێکی پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات، کە ئەویش «مۆدێلی دیموکراتیزەکراوە» و، هەوڵی داوە مامەڵە لەگەڵ ئەو میدیایە بکات و، ڕێگە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە و، هەتا ئێستا چەندین توێژینەوەی زانستی لەسەر میدیای کوردی ئەنجام داوە، لە ئێستاشدا سەرقاڵی توێژینەوەیەکە بۆ چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو پاشاگەردانییەی کە میدیای گرتووەتەوە، لەم گفتوگۆیەدا بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و چارەسەرەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ئەم پرسەی ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، پرسێکی زۆر گرنگە و بووەتە کێشەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵام من لەو پرسیارەی کاك ئازاد جندیانییەوە دەست پێ دەکەم، کە داوای کرد پێناسەی میدیا بکەین، واتە «میدیا چییە؟» لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم: میدیا لە سەرەتاوە ئامرازێك بووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، پاشان لە دوای شۆڕشی ڕۆشنگەری و دەرکەوتنی بیرمەندەکانی فەرەنسا، میدیا گۆڕا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا، لە ماوەی هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، بووە ئامرازێك بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی ڕای گشتی، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بوو بە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی قەیرانەکان، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا میدیا بووە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شەڕە ساردەی کە لەنێوان هەردوو جەمسەری ناتۆ و وارشۆ هەبوو.

لە کاتی نووسینی نامەی دکتۆراکەم کارم لەسەر مۆدیلەکانی میدیا کرد، کە میدیا چوار جۆری هەیە، کە بریتین لە میدیای «دەسەڵات، لیبراڵی، سۆشیالیستی و کۆمونیستی، لەگەڵ میدیای بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی»، بێگومان میدیا لە کوردستان پەیڕەوی هیچ کام لەم تیۆری مۆدێلانە ناکات، ئەوەی کە میدیا لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی لێ دەکات، بریتییە لە «مۆدێلی دیموکراتیزەکراو»، ئەم مۆدێلەش تایبەتە بەو کۆمەڵگەیانەی لە قۆناغی وەرچەرخاندان لە ڕژێمێکی دیکتاتۆرییەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد. لەم مۆدێلەدا پرۆفیشناڵی لە ئاستێکی نزمدایە، پارالێلی سیاسی جووڵاو و ناجێگیرە، دەستتێوەردان لە هەموو ئاستەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، میدیا

ورووژێنەرە و، لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە کە هەموو ئەو خەسڵەتانە لە میدیای ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە.

لێرەوە کە باس لە بەرپرسیاریەتیی میدیا دەکەین، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە میدیا تەنیا بەپرسیاریەتیی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتیی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی هەیە. تەنانەت ئێمە لەسەر ئاستی جیهان جۆرە میدیایەکی دیکەمان هەیە، پێی دەگوترێت «میدیای دیپلۆماتی»، ئەمەش واتە میدیا یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی و تێکدانی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان کە پێی دەوترێت دیپلۆماسییەتی میدیایی.

لە ڕووی بازاڕی میدیایی و جەماوەرییەوە، د.سامان ئاماژەی پێ کرد، بازاڕێکی میدیایی گۆڕاوی خێرامان هەیە، ئەمەش ئەگەر سەیری میدیاکانمان بکەین «نووسرا و بینراو و بیستراو»، هەروەها ئەگەر سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشمان بکەین، دەبینین کە میدیایەکی جێگیرمان نییە، میدیای ئێمە لە پڕێکدا دەردەکەون، بەڵام دوای ماوەیەك، یان نامێنێت، یان بینەر و بیسەر و خوێنەری نامێنێت.

د.سالار لە سەرەتاوە پێی گوتین بە ڕاشکاوی قسە بکەین و خاڵ بخەینە سەر وشەکان، بۆیە منیش دەڵێم بارودۆخێکی سیاسیی سەقامگیریشمان لە کوردستان نییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی میدیاکانی ئێمە لە کوردستان حزبین و من لەو باوەڕەدام میدیای ئەهلی و سەربەخۆ لە کوردستاندا بوونی نیە، ئەوا ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ناسەقامگیریی میدیاش هەیە، هەر بۆ نموونە کاتێك پاراليلی سیاسیی ئێمە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرزە، ئەوا دەبینین ئاستی سەقامگیریی میدیاش بەرزە، کە کێشەیەك لەناو حزبەکان دروست دەبێت و سەقامگیری نامێنێت، سەقامگیریی ناو میدیاش تێك دەچێت، ئەمەش کێشە سەرەکییەکەیە، چونکە میدیای ئێمە سەر بە حزبە سیاسییەکانە، ئەمە لە کاتێکدا چەمکی دەسەڵاتی چوارەم لە ساڵی ١٧٨٧ دوو ساڵ دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی لەلایەن «ئەدمۆند بورك» سەری هەڵدا و هەتا ئێستا کاری پێ کراوە، میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم، هێزێکە لە پاڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، هێزێکە لە پاڵ هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: میدیای ئێمە چ هێزێکە؟ بێگومان پاشکۆی حزبەکانە، ڕاشکاوانەتر، واتە میدیایەکی نیشتمانیمان نییە کە لە ئاستی ئاسایشی نیشتمانیی ئێمەدا بێت، یان بیپارێزێت.

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەو چەند بەیتە شیعرە بکەم، کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال نووسراوە، ئەم ڕۆژنامەیە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەچوو و دەڵێت:

**خودایە بەسیە ئیتر لابرێ دەیجوولی ئیزمحیلال،**
**تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستقبال**
**لەگەڵ خولیایی هیجرەت بەسەر چوو عومری شیرینم**
**دەسا نۆبەی ویساله ئاه. ئەی ئومێدی ئیستقلال**

کاتێك هەر کەسێك ئەم ڕۆژنامەیە بخوێنێتەوە، پێش هەموو شت ئەو دوو بەیتە شیعرە دەخوێنێتەوە، ئەو شیعرە چ هەستێکت لا دروست دەکات؟ بێگومان هیوای سەربەخۆیت بۆ دروست دەکات، ئینتیمات بۆ دروست دەکات، چۆن ڕووبەڕووی دوژمن دەبیتەوە، با لە خۆمان بپرسین: ئەی کە ڕۆژنامەکانی ئێستا دەخوێنینەوە چی دەبینین؟ بێگومان ڕەسمی بەرپرسێك، کۆبوونەوەی حزبێك.

هەروەها لە ڕۆژنامەی (ئیتحاد و تەرەقی) یش نووسراوە لە « ئیتیحادا قوەت . لە برایەتیدا سەعادەت، لە حکەمەتدا سەلامەت هەیە»، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کە سەیری میدیا و ڕۆژنامەکانی ئێستامان دەکەین، بێجگە لە پاشکۆیەتیی حزبی شتێکی دیکەیان تێدا نابینین. ئاستی پرۆفیشناڵی نزمە، یان لەنێوان دوو کەوانەدا دەتوانم بڵێم ئێمە کادری پرۆفیشناڵمان هەیە، بەڵام لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەستیان بەستراوە، بە سەدان پەیجی فەیك هەیە، کە هەمووی دەستی حزبەکانی لە پشتە، کە من ئێستا توێژینەوەی لەسەر دەکەم، تەنیا ئامانجیان سووکایەتیکردنە بە کەسایەتی و سیمبولەکانی نەتەوە و نیشتمان و دەیانەوێت پیرۆزییەکان هیچ بەهایەکیان نەمێنێت.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، بانگەشەکردن بۆ ورووژاندنی سیاسی گەیشتووەتە ئاستێکی بێ مانا و گەیشتووەتە ئاستێك کە بووەتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمان و نەهێشتنی ئینتیما لای تاکی کوردستان، بۆیە زۆر گرنگە حزبەکان واز لە قۆرخکردنی میدیا بێنن، موڵکداری میدیا دیار بێت و ئاراستەیەکی هەرێمی هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بەرانبەر ئەو میدیایانە بگرێتەبەر کە پیرۆزییەکان دەبەزێنن، هەروەها لە ساڵی ٢٠١١وە کارمان کردووە کە ئەنجومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن بۆ ڕێکخستنی میدیا دابمەزرێت، ئەگەر ئەنجومەنێکی باڵای سەربەخۆمان هەبێت بۆ ڕێکخستنی میدیا، ئەوا دەتوانێت ئەو بۆشاییە یاساییانە پڕ بکاتەوە، میدیا لەو فەوزا و پاشاگەردانییە ڕزگار بکات.

**میدیا تەنیا بەپرسیاریەتیی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتیی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی هەیە**

**میدیا یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی و تێکدانی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان کە پێی دەوترێت دیپلۆماسییەتی میدیایی**

**بانگەشەکردن بۆ ورووژاندنی سیاسی گەیشتووەتە ئاستێکی بێ مانا و گەیشتووەتە ئاستێك کە بووەتە هەڕەشە لە سەر ئاسایشی نیشتمان و نەهێشتنی ئینتیما لای تاکی کوردستان**

**ئەگەر ئەنجومەنێکی باڵای سەربەخۆمان هەبێت بۆ ڕێکخستنی میدیا، ئەوا دەتوانێت ئەو بۆشاییە یاساییانە پڕ بکاتەوە و، میدیا لەو فەوزا و پاشاگەردانییە ڕزگار بکات**




## نەرمین سندی

**میدیاکار و ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

# لە ئێستادا جۆرێک لە میدیا پەیدا بووە کە خاوەندارێتییەکەی دیار نییە و بە خۆشیان دەڵێن ئەهلی و سەربەخۆ

**نەرمین سندی، یەکێکە لە خانمە میدیاکارە بەئەزموون و دێرینەکانی کوردستان و ساڵانێکی زۆر لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری (بینراو، بیستراو، نووسراو) کاری کردووە و، جێگە پەنجەی لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیار بووە، ئێستاش ڕاوێژکارە لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەبارەت بە کێشەکانی میدیای کوردییش لەم گفتوگۆیەدا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

بابەتی پرسی میدیا و کێشە و کەموکورتییەکانی بابەتێکی هێندە ئاڵۆز و هەستیارە تەنانەت قسەلەسەرکردنیشی بەرپرسیارێتییە، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ڕاشکاوانە دەست بخەینە سەر برینەکان و بڵێین: ئەزموونی میدیا لە کوردستان وابەستەیە بە ئەزموونی پارتە سیاسییەکانەوە، کە ئەویش دوو قۆناغە، قۆناغی یەکەمیان قۆناغی خەباتی شاخ و قوربانیدانەکانە، کە ئەم ڕۆژە ئازادەیان بۆ دروست کردووین و ئێستا ئێمە تیایدا دەژین، قۆناغی دووەمیش قۆناغی دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەم قۆناغەشدا بارودۆخ و بەرپرسیاریەتیی میدیا بە سەر حزبەکاندا دابەش بوو، گۆڕانکاری بە سەردا هات، یان دەتوانین بڵێین هەر پارتێکی سیاسی میدیای خۆی هەیە و دەربرین لە ڕا و بۆچوونی دەکات و سیاسەتی میدیاییان لەسەر سیاسەتی پارتەکە بنیاد دەنرێت و خاوەنداریەتی میدیاکە دیارە، بەڵام میدیا هەیە خاوەنداریەتییەکەی نادیارە و نابەرپرسانە مامەڵە دەکات، لەم ڕوانگەیەوە ڕاشکاوانە دەڵێم، کە میدیای ئێستامان دەبینین، خۆزگە بە سەردەمی میدیای شاخ دەخوازین، کە ئەرکی سەرەکیی میدیا، ئەو کات هاندانی پێشمەرگە بوو بۆ بەرگری و بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو لای هاووڵاتیان بەگشتی و گەنجەکانمان بەتایبەتی.

لێرەوە ئەگەر بە خێرایی لەسەر میدیای قۆناغی ئێستامان هەڵوەستەیەك بکەین، ئەوا ڕاستە لە ئێستادا بە ئاشکرا میدیای حزبی دەبینین، بەڵام لە هەمان کاتدا میدیایەکی دیکەش دروست بووە، کە هیچ خاوەندارییەکی دیار نییە، یان ئەو میدیایانەی بە خۆیان دەڵێن ئەهلی و سەربەخۆ، ئەوانیش ناسنامەیان ڕوون نییە، میدیای ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە کە هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە، بەداخەوە ئەو لایەنانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن، هەر وەك چۆن خۆیان مانای ئۆپۆزیسیونیان بە لاڕێدا

بردووە، بە هەمان شێوە میدیاکانیشیان پرانسیپی رای ئازاد و ئازادیی رادەربڕینیان بە لاڕێدا بردووە. ئەم بەلاڕێدا بردنەش بووە هۆی ئەوەی کە دەستدرێژی بکرێتە سەر هەموو بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمان و ئەو بەهایانەی کە لە سەردەمی شاخ پێشمەرگە خۆی لە پێناویدا دەکرد بە قوربانی و پارتە سیاسییەکان شەڕیان لەسەر دەکرد.

هەر بۆیە کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باکگراوندە، بە ڕاستی هەست دەکەین کە میدیای کوردی لەم قۆناغەدا نەخۆشە و شێواوە و پێناسەیەکی ناڕوونی هەیە، لێرەوە ئەگەر هۆکارەکان بۆ ئەم بارودۆخە شێواوەی میدیا دیاری بکەین، ئاماژە بەم خاڵانە دەکەم:

١. نەبوونی میدیای نیشتمانی.

گرفتی سەرەکیمان نەبوونی میدیای نیشتمانییە کە بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کەمکردنەوەی ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ خاک و پیرۆزییەکانی نیشتمان.

٢. نەبوونی میدیایەکی تایبەتمەند.

لە ناو ئەو پێشکەوتنەی ئێستا لەسەر ئاستی جیهان دەبینین هەموو بوارێک بەرەو تایبەتمەندێتی ڕۆیشتووە، بێگومان دەبێت میدیاش بەرەو تایبەتمەندێتی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان میدیای تایبەتمەند زۆر کەمە و ئەگەر هەشبێت کەموکورتیی زۆری هەیە، هەر بۆیە ئەگەر میدیای تایبەتمەند بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بە بواری تایبەت بوونی هەبێت، ئەوا بەرپرسیاریەتیش بە دیار دەکەوێت.

٣. نەبوونی جیاوازی لەنێوان کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکاندا.

بەداخەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ناوەرۆکی کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت پەیامی هەر یەکەیان لەوی دیکەیان جیاواز بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەناڵە ئاسمانییەکان مەودایان فراوانترە و دەبێت ناوەرۆک و پەیامیان بۆ جەماوەرێکی فراوانتر بێت، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە هەر دوو لا بە یەک ناوەرۆک و یەک پەیام کار دەکەن.

٤. نەبوونی میدیای ئاراستەکراو بە زمانەکانی غەیرە کوردی، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی دەوروبەرمان بە هەر سێ زمانی «عەرەبی و تورکی و فارسی»، هەروەها بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ئاستی جیهان، هەر بۆیە ئەگەر ئەو جۆرە میدیایەمان هەبێت، بەرپرسیاریەتییەکەش زیاتر دیار دەبێت.

لە نەبوونی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، بێگومان هی دیکەش هەن، بەرپرسیاریەتی نابینرێ و بە چارەسەرکردنیان دەچینە قۆناغێکی دی، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا ئێستا جێگرەوەیان بووە بە چی؟ ئەوەی دەبینین ئێستا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یان لە نەزانین، یان لە زانین و بە مەبەست، بوونەتە هۆکاری تێکچوونی زۆر شت، لە پرسی زمانەوە بگرە، تا دەگاتە پرسی ئینتیما و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بابەتی بەرهەمی بیانی بۆ نموونە دۆبلاژکردنی ئەو دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنییانەی کە دەوڵەتان بە مەبەستی تایبەت و وەک هێزی نەرم بۆ کارتێکردنی نەتەوەکانی دیکە بە کاری دەهێنن، بەداخەوە کەناڵەکانی ئێمە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو دراما تەلەفزیۆنییانە، ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیرکردنەوەی گەنجەکانی ئێمە کردووە و، کاریان لەسەر تێکدانی شیرازەی خێزانی کوردەواری کردووە.

لە توێژینەوەیەکدا کە لە ناوەندێکی ئەکادیمی ئەنجام درابوو و، باس لە ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و زیادبوونی ڕێژەی توندیژی ناو خێزان دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ بەراوردکردنی کەلتووری ئێمە لەگەڵ کەلتووری بیانی، لە ڕێگەی ئەو دراما دۆبلاژکراوانەی کە لە کەناڵەکانی خۆمانەوە پەخش دەکرێن، هەر بۆیە ئەو کەناڵانەی خۆمان کە بەبێ ئاگایی ئەو کارە دەکەن، بیانەوێت، یان نەیانەوێت، ژەهرێکی کوشندە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە بڵاو دەکەنەوە کە کۆمەڵگەی بە جارێک نەخۆش خستووە.

لەم ڕووەوە ئێمە پێویستمان بە ڕێکخستنەوەی میدیا هەیە و هەروەها پێویستمان بە دەستتێوەردانی دەسەڵاتی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان هەیە لەسەر هەر سێ ئاستی «یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری»، هەروەها گرنگە پشتگیریی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ئەکتیڤتر لە بەرەوپێشەوەبردنی کوالێتیی ڕۆژنامەنووساندا بگێڕێت، هەروەها گرنگە کە لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموون بێتە ئاراوە، چونکە وەک سەیر دەکرێت، ئێستا وەک پێویست هاریکار و هەماهەنگ نین پێکەوە، هەروەها گرنگە بە هاریکاری و هەماهەنگیی هەموو لایەک و پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی میدیا ڕێک بخرێت و لەو کۆنفرانسەدا ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ کاری میدیا لە کوردستاندا دابڕێژرێت.

**ئەو میدیایانەی بە خۆیان دەڵێن ئەهلی و سەربەخۆ، ئەوانیش ناسنامەیان ڕوون نییە، میدیای ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە کە هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە**

**گرفتی سەرەکیمان نەبوونی میدیای نیشتمانییە کە بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کەمکردنەوەی ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ خاک و پیرۆزییەکانی نیشتمان**

**بەو دراما دۆبلاژکراوانەی کە لە کەناڵەکانی خۆمانەوە پەخش دەکرێن، ژەهرێکی کوشندە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە بڵاو دەکەنەوە کە کۆمەڵگەی بە جارێک نەخۆش خستووە**

**پێویستە پشتگیریی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ئەکتیڤتر لە بەرەوپێشەوەبردنی کوالێتیی ڕۆژنامەنووساندا بگێڕێت**





د.سامان جەلال

مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین:

# ئەگەر کوالێتیی میدیای نیشتمانی بەرز نەکەینەوە، میدیای ئێستا پاشاگەردانیی زیاتر دروست دەکات

**پ.ی.د.سامان جەلال، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ڕاگەیاندن لە بەریتانیا بەدەست هێناوە و یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی کە لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی کاری کردووە و، یەکێك لە پسپۆڕان و ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و چەندین توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی جیاجیای جیهان هەیە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو خەمخۆرانەی کە هەوڵی داوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ڕۆنامەنووسانی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و ئەرك و بەرپرسیاریەتی میدیا لە کوردستان دروست بکرێت، لەم گفتوگۆیەشدا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنار و چارەسەرەکانی خستە ڕوو:**

گرنگیی ئەم پرسەی ئەمڕۆ بۆی کۆبووینەتەوە و قسەی لەسەر دەکەین، لەوەدایە کە هەموومان گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە خودی «میدیا» بووەتە کێشە بۆ حزبە سیاسییەکان، بۆ حکومەت و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ خەڵك، ئەمە پێمان دەڵێت: میدیا بۆ هەموان بووەتە کێشە و هۆکاری سەرەکیی ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازەییەش کە ئێستا لە ناو میدیای کوردی دەیبینین، بە بۆچوونی ئەمانەن:

- بەشێکی ئەم پاشاگەردانی و پەرتەوازەییەی میدیا پەیوەندی بە قۆناغی ڕاگواستنەوە هەیە، کە پێی دەڵێن: «قۆناغی دەرکەوتنی دیموکراتی - Emerging Democracy»، ئەمەش واتە لەم قۆناغەدا کێشەی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە بەو قۆناغەدا تێدەپەڕن، نەك تەنیا میدیای کوردی.

- بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە دەرکەوتنی «میدیای وروووژێنەر»ـەوە هەیە و، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم جۆرە میدیایەش جۆرێك لە پاشاگەردانی دروست دەبێت و، سرووشتی ئەم میدیایە بەو جۆرەیە کە بە خێرایی وەرگرانی زیاد دەبن، بەڵام تەمەنیان کورتە، لە کوردستانیش لەم جۆرە میدیایە هەبوون و تەمەنیشیان کورت بووە.

- بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە ناوەرۆك و کوالێتیی نزمی ئەو میدیایانەوە هەیە، کە خۆیان بە میدیای جددی و پابەند بە پرسە

نیشتمانییەکان ناوزەد دەکەن، هەر بۆیە کاتێك ناوەڕۆك و کوالێتیی ئەم میدیا نیشتمانییانە لاواز بێت، لە بەرانبەردا زیاتر میدیای وورووژێنەر دەردەکەوێت.

- بەشێکی دیکەش پەیوەندی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە هەر تاکێکی کردووەتە ڕۆژنامەنووس و لە بنەڕەتیشدا ڕۆژنامەنووسی کاری ئەو نییە. لە ناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا چەند خاڵێك وەك چارەسەر دەخەمە ڕوو:

١- دەبێت حکومەت لە پرسی میدیادا دەست بە ڕیفۆرم بکات.

حکومەت بەرپرسە لە هەموو ئەو کێشانەی کە لە ناو سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیاندا دروست دەبێت، ئەمەش واتە چۆن حکومەت کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر کێشەکانی تەندروستی و گەندەڵی و کەمئاویی و نەبوونی کارەبا و...هتد» ئەنجام دەدات و هەوڵ دەدات چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوا ئەمڕۆ کێشەی میدیا کە بووەتە کێشەی هەمووان، لەو کێشانە کەمتر نییە، بۆیە دەبێت حکومەت بایەخ بەم کێشەیە بدات و دەست بە ڕیفۆرمی میدیایی بکات، ئەمە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا پەیڕەو دەکرێت و توانراوە چارەسەر بۆ کێشەی میدیا بدۆزێتەوە.

٢- لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت ئەو یاسایانەی بۆ بواری میدیا دەردەکرێن، دەبێت یاسای کراوە بن، ئێمە لە کوردستان یاسای کراوەمان نییە، بۆیە لە بەرانبەر ئەو ژمارە بێشومارەی میدیا کە لە کوردستان هەیە، پێویستمان بە کۆمەڵێك یاسا هەیە، لە ناو ئەو یاسایان پێویستە ئەو ڕێوشوێنانە فۆرمەلە بکرێن کە بۆ ئێستا پێویستن و ئەوانەشی کە بۆ ئێستای سەردەمی سۆشیال میدیا ناگونجێن، هەموار بکرێنەوە.

٣- پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەك «وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن» کۆمەڵێك ڕێنمایی پێویست بۆ واقیعی ئێستای میدیا لە کوردستان دەربکەن.

٤- گرنگە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانیت لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەنووسان کە ئەندامن لەو سەندیکایە چاکسازی بکات و کوالێتیی ڕۆژنامەنوسان بەرز بکاتەوە، ئەمە بە کردنەوەی خولی ئەکادیمی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ ڕۆژنامەنووسان دەبێت.

٥- پێویستە سیستمی فلتەرکردنمان هەبێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە میدیا نەتوانێت نابەرپرسیارانە بکەوێتە وێزەی کۆمەڵگە و هیچ بەها و دابونەریتێك ڕەچاو نەکات، ئەم سیستمە لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتوو پەیڕەو دەکرێت و تەنانەت سیستەمێك هەیە کە ناوی سەیرکردنی تەلەفزیۆنە بە بەرپرسیاریەتییەوە.

٦- بەشێکی زۆری کارمەندانی ڕاگەیاندن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا کراون بە ڕاوێژکاری میدیایی، کە لەو جۆرە میدیاکارانەن لە بری ئەوەی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لەنێوان حکومەت و خەڵك و لایەنەکان دروست بکەن، لێکتێنەگەیشتن و دوڕدۆنگی دروست دەکەن، بۆیە ئەم لایەنەش پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و گرنگە خەڵکانی پسپۆڕ و ئەکادیمی میدیایی لەو شوێنانە دابنرێن.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەو حاڵەتە بوو کە د.سالار ئاماژەی پێ کرد و گوتی: «میدیاکانی ئێمە شتی ناشیرین جوان دەکەن»، ئەمە دەستنیشانکردنێکی زۆر جوان بوو، بە ڕاستی ئەم دیاردەیە وەك پەتایەك هەموو ناوەڕۆکی میدیای ئێمەی داگیر کردووە، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەم دیاردەیە بنبڕ بکەین، کە میدیای وورووژێنەر دروستی دەکات، دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین ناوەڕۆك و کوالێتیی میدیای جددی و بەرپرس بەرز بکەینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و مەعریفە بۆ هاووڵاتیان و چیتر هاووڵاتیان پێویستیان بەو کەناڵە وورووژێنەر و نابەرپرسانە نەبێت، کە ئێستا هاووڵاتیان لە نەبوونی میدیایەکی جددی و بەرپرسیار بە دیار ئەو کەناڵانەوە دادەنیشن، دیسان دووبارەی دەکەمەوە، کۆمەڵگە پێویستی بە بەرزکردنەوەی ناوەڕۆك و کوالێتیی میدیای نیشتمانی هەیە، بۆ ئەوەی فۆکس بخاتە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها هەوڵ بدات چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە، ئەگەر بە جددی کار بۆ بەرزکردنەوەی ناوەڕۆك و کوالێتیی میدیای جددی و نیشتمانی نەکەین، میدیا پاشاگەردانی زیاتر دروست دەکات و ئەوەی هەشمانە لە دەست دەچێت.

**هەمووان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە خودی «میدیا» بووەتە کێشە بۆ حزبە سیاسییەکان، بۆ حکومەت و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ خەڵک**

**پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەک «وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن» کۆمەڵێک ڕێنمایی پێویست بۆ واقیعی ئێستای میدیا لە کوردستان دەربکەن**

**پێویستە سیستمی فلتەرکردنمان هەبێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە میدیا نەتوانێت نابەرپرسیارانە بکەوێتە وێزەی کۆمەڵگە و هیچ بەها و دابونەریتێک ڕەچاو نەکات**

**کۆمەڵگە پێویستی بە بەرزکردنەوەی ناوەڕۆک و کوالێتیی میدیای نیشتمانی هەیە، بۆ ئەوەی فۆکس بخاتە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە**





**بەفرین سەلمان**

**بەڕێوەبەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دهۆک:**

# هەندێک دراما و زنجیرەی تەلەفزیۆنی بیانی دۆبلاژ دەکەن کە لە ناویدا ژەهرێکی ئایدیۆلۆژی دژ بە مێژوو و دابونەریت و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی ئێمە شاردراوەتەوە

**بەفرین سەلمان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە و بەڕێوەبەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دهۆکە و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەئەزموون و لێهاتووە و جێگەی دەستی لە ناو کاری ڕۆژنامەگەریدا دیارە، هەر ئەو ئەزموون و لێهاتووییەشی وای کردووە کە متمانەی بەڕێوەبەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دهۆکی پێ بسپێرێت و ڕۆژانە سەرپەرشتیی هەموو ئەو بەرنامەیانەی تەلەفزیۆنی دهۆك بکات، کە تەلەفزیۆنەکە بۆ ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و پرسی خاك و نەتەوە و ئاڵا بەرهەمیان دەهێنێت، لەم گفتوگۆیەشدا زۆر بە پەرۆشی بۆ کێشەکانی میدیا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

کاتێك ئەم پاشاگەردانی و پشێویەی نێو میدیای کوردی دەبینین، خۆزگە بۆ میدیای قۆناغی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەخوازم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەرکی میدیا لەو قۆناغە هاندان و جۆشدانی میللەت بوو بۆ ئەوەی هەست بە ئینتیمای نیشتمانی بکات و ڕێز لە بەها و پیرۆزییەکان و سیمبولەکانی نەتەوە بگیرێت، ئومێدی ئێمە ئەوە بوو، دوای سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ ببێتە قۆناغی بووژاندنەوەی زمان و کەلتووری کوردی و بەرەو پێشەوە بچین، بەڵام بەداخەوە میدیا نەیتوانی لەو قۆناغە هەستیارەدا ئەو ئەرکە نیشتمانیە ڕاپەڕێنێت، لە دوای ئەویش قۆناغێکی دیکە لە ٢٠٠٣ کە ئەویش قۆناغی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی عێراق بوو، لەم قۆناغەشدا ئومێد ئەوە بوو کە میدیای کوردی باشتر بەرگری لە دەستکەوتەکان بکات و هانی هاووڵاتیان بدات، بۆ ئەوەی زیاتر پێداگری لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکات، بەڵام لەم قۆناغەشدا گەلێك جۆری دیکەی میدیا بە ناو سەربەخۆ و ئەهلی و ئۆپۆزیسیۆن دەرکەوتن، کە ئێمەی بردە قۆناغێکی خراپتر لە کاری میدیایدا.

لە قۆناغی ئێستادا کە قۆناغێکی هەستیارە و دەبێت زۆر بە هۆشیاری مامەڵە لەگەڵ پرس و کێشەکانی میدیا بکەین، دەبێت ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین، کە تەنیا میدیاکار و ڕۆژنامەنووس لە بواری میدیا کار ناکەن، بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو تاکێکی کردۆتە میدیاکار و خاوەن میدیا و هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگە خاوەنی پەیج و ئەکاونتی تایبەتیی خۆیەتی و چی مەبەست بێت، دەتوانێت بڵاوی بکاتەوە و هیچ سانسۆرێکیشی لەسەر نییە. ئەم واقیعە حاڵەتێکی شێواو و شپرزەی

لە ناو میدیا دروست کردووە، کە بووەتە هۆکاری ئەوەی:

١. هەست دەکەین هەستی نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتمانی زۆر نزم بووەتەوە.

٢. کۆمەڵێك کێشەی پێکەوە لە ناو کۆمەڵگە دروست کردووە، کە نازانین لە کامیانەوە دەست پێ بکەین.

٣. ئەو بابەتانەی لە ناو سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە، بەشێکیان لە هەموو ئاکار و ڕەسەنایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی داماڵدراون و، ئەوەی جێگەی مەترسیشە ئەوەیە کە گەنجانی ئێمە زیاتر ئالوودەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون و کاریگەریەکی زۆر خراپی لەسەریان دروست کردووە، کە گەنج سەرمایەی مرۆیی هەموو نەتەوە و نیشتمانێکە.

٤- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە لۆکاڵەکانی تەلەفزیۆن بە جارێ پشتیان لە کەلتووری خۆماڵی و سەروەرییەکانی نەتەوە و نیشتمان کردووە و، پشت بە بەرهەمی بیانی و دەوڵەتانی دراوسێ دەبەستن و، هەندێك دراما و زنجیرەی تەلەفزیۆنی دۆبلاژ دەکەن، کە لەناو ئەو درامایە ژەهرێکی ئایدیۆلۆژی دژ بە مێژوو و دابونەریت و ڕەسانەیەتی نەتەوەیی ئێمە شاردراوەتەوە و، زۆر بە نەرمی ئەو ژەهرە دەکەنە ناو جەستەی کۆمەڵگەی ئێمەوە.

ئەم خاڵانەم وەك چوارچێوەیەك بۆ ناساندنی ئەو ژینگە ئاڵۆز و ترسناکە ئاماژە پێ کرد، بۆ ئەوەی بزانین لەناو ئەم ژینگەیەدا چۆن دەتوانین هەنگاو بۆ چارەسەرکردن هەڵبگرین، کە بە بۆچوونی من هەنگاوەکانمان بۆ چارەسەرێکی جددی گەشبینانە نین، لە بەر ئەم هۆکارانە:

- کاتێك هەڵوەستە لەسەر کێشەکانی میدیا دەکەین، ئایا بەو مەبەستە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین، کە دەمانەوێت ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، یان تەنیا دەمانەوێت کێشەکان بخەینە ڕوو؟ من وای دەبینم تا ئێستا ئەو کێشانە بەس خراونەتە ڕوو، هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ نەدراوە.

- ئایا هەوڵمان داوە بە جددی جەماوەر هۆشیار بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەست بە مەترسیی دەرهاویشتە خراپەکانی میدیا بکەن و پلانێك بۆ ئەم پرسە دابنێین، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان نەکەونە بەر مەترسیی ئەو ژەهرەی میدیا بڵاوی دەکاتەوە؟ لەمەشدا کارێکی وا نەکراوە هەتا هەست بەوە بکرێت ئەم کارەشمان کردبێت.

- ئایا توانیومانە کارێك بکەین بۆ ئەوەی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتەکانی «پەرلەمان و حکومەت و دادوەری» بێنە سەرخەت و بە ڕێگەی یاسا و ڕێنمایی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەمەشیان وەك بەشداربووانی بەڕێز پێشتر ئاماژەیان پێ کرد، هەر خۆمان لەمپەرمان بۆ ئەوەش دروست کردووە.

لێرەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەشبینیەی تا ئێستا لە هەمبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی میدیای کوردی هەمانە بیگۆڕین بۆ گەشبینی و هاریکاریی هەمە لایەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی میدیا، ئەم خاڵانە ئاماژە پێ دەکەم:

- زۆر گرنگە دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بە جددی بێنە سەرخەت و مەترسیی کێشەکانی میدیای کوردی وەك مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان سەیر بکەن و بە یاسا و ڕێنمایی پێویست سنوورێك بۆ کێشەکانی میدیا دابنێن.

- گرنگە سنوورێك بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان دابنرێت کە چیدیکە پشت بە بەرهەمی دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و بیانی نەبەستن و، زیاتر هەوڵ بدەن بەرهەمی خۆماڵی بەرهەم بهێنن، ئەو بەرهەمانە کە ڕەسەنایەتیی کەلتووری خۆمان دەپارێزیت و دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و پاراستنی بەهاو پیرۆزییەکانی نیشتمان.

- گرنگە لێکتێگەشتنێك لە نێوان حزبە سیاسییەکان لەسەر مەترسیی کێشەکانی میدیای کوردی بێتە ئاراوە و زۆر بە ڕاشکاوی گفتوگۆی جدی لەسەر ئەم کێشانە بکەن و، کۆنفرانسی ساڵانە گرێ بدەن، بۆ ئەوەی لەسەر کۆمەڵێك هاوبەشیی نیشتمانی ڕێك بکەون و ئەو هاوبەشییە نیشتمانییانە ببنە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ میدیای کوردی.

- پێویستە پشتگیرییەکی جددیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە چەترێك بۆ کۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و دارشتنی ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ کاری میدیایی لە کوردستاندا.

لە دوماهیدا دەخوازم ئەوە بڵێم، کێشەکانی میدیا گەیشتوونەتە ئاستێك کە خەریکە کۆمەڵگەی کوردستان تووشی کارەساتی گەورە دەکات و ئەم واقیعە فەرزی دەکات کە هەموولایەك هەست بەم مەترسییە بکات و بە جددی کار بۆ چارەسەرکردنی بکەین.

ئەو بابەتانەی لە ناو سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە، بەشێکیان لە هەموو ئاکار و ڕەسەنایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی داماڵدراون

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە لۆکاڵەکانی تەلەفزیۆن بە جارێ پشتیان لە کەلتووری خۆماڵی و سەروەرییەکانی نەتەوە و نیشتمان کردووە

زۆر گرنگە دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بە جددی بێنە سەرخەت و مەترسیی کێشەکانی میدیای کوردی وەک مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان سەیر بکەن و بە یاسا و ڕێنمایی پێویست سنوورێک بۆ کێشەکانی میدیا دابنێن

پێویستە پشتگیرییەکی جددیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە چەترێک بۆ کۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و دارشتنی ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ کاری میدیایی لە کوردستاندا



**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# میدیا کاتێک دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم کە هێزێک بێت لە ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا

**شڤان حەمدی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسیشە کە ماڵپەرێکی ئەلکترۆنییە و بایەخ بە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی هەموو سێکتەرەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دەدات، لە هەمانکاتدا ئەم ماڵپەرە بووەتە پانتاییەك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی جیاوازی نیشتمانی لەسەر هەموو ئەو بوارانەی کە پەیوەندی بە خاك و نیشتمانەوە هەیە، لە بواری کاری ڕۆژنامەگەریی کاغەز و نووسراویش یەکێکە لە هاوکارە چالاکەکانی گۆڤاری گوڵان و هەتا ئێستا بەشداریی زۆر کارای لە نووسین و چاپکردنی چەندین کتێبی گرنگ هەبووە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆش بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیار و چارەسەرکانی خستە ڕوو.**

لەم گفتوگۆیەدا بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕێگەچارەی زۆر باش خرانە ڕوو، بەڵام وەك كاك ئازاد جندیانی ئاماژەی پێ کرد، «کێشەی میدیا بووەتە کێشەی کۆمەڵگە لە کوردستان» بۆیە ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان نەیەنە سەر خەت و کێشەی میدیا وەك کێشەیەکی ناو پرۆسەی حوکمڕانی هەڵوەستەی لەسەر نەکەن، ئەوا ئەم کارە لەوە گەورەترە بە گفتۆگۆیەکی نێوان دەستەبژێر چارەسەر بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە ئەرکی میدیا گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا بێت و، ئەگەر زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە نەکەین، لەوانەیە بە جۆرێك جڵەوی میدیا لە دەست دەربچێت، کە پاشان نەتوانین بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکەینەوە.

یەك دوو لە بەڕێزان بەراوردی میدیای ئێستایان بە میدیای قۆناغی شاخ کرد و، ئومێدیان بۆ میدیای شاخ خواست، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، میدیا ئامرازێك بووە بۆ هاندانی جۆش و خرۆشی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرخۆدان و قوربانیدانی پێشمەرگە بۆ ڕزگاری و ئازادی لە کوردستاندا، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئامێرە

پێشکەوتووشمان لەبەر دەستە، میدیا بەو جۆرە خراپە بە کار دەهێنن کە دژی خاك و نیشتمان و کۆی پیرۆزییەکانی نەتەوەی خۆمانە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەبێت زۆر بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەین، کە ئێمە هەتا ئێستاش هەر لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیداین، ڕاستە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی سیاسییە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بەڵام زۆر جاران وەك بینیومانە خودی دەستوورەکە هەڕەشەی لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و ئەگەر قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان نەبوایە، لەوانە بوو قەوارەکەمان نەمێنێت، بۆیە زۆر گرنگە میدیای کوردستان بە سەرجەم میدیای حزبەکان و ئەوانەشی بە خۆیان دەڵێن سەربەخۆ و ئەهلی، دەبێت بەخوداچوونەوەیەك بە خۆیاندا بکەن و، بەردەوام ئەو ڕاستییەیان لەبەر چاو بێت، کە ئێمە هێشتا قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیمان تێنەپەڕاندووە و هەرێمەکەمان لەبەردەم چەندین هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی و تەنانەت عێراقیشدایە، ئەم پرسەش تایبەت نییە بە لایەنێکی سیاسیی دیارکراو و چارەنووسی هەموومانی پێوە گرێ دراوە و، وەك پاپۆڕێك وایە لە گێژاوی زەریایەکدا، ئەگەر خوانەخواستە نقووم بێت، ئەوا هەموو پێکەوە نقووم دەبین.

لەسەر ئەم بنەمایە میدیای کوردی دەبێت ئاراستەی لە میدیاکی نەخۆش و شێواو و شپرزەوە بگۆڕێت بۆ میدیایەکی نیشتمانی و پەروەردەیی بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بەو شێوەیە پەروەردە بکات، کە ئاستی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوەییان بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێن، کە نەتەوەکانی دیکە پێی گەیشتوون، کە ئەویش سەربەخۆییە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ململانێی ناتەندروستی نێوان حزبە سیاسییەکانە کە میدیایان کردووەتە ئامرازێك بۆ ئامانجی تەسکی حزبایەتی و بڵاوکردنەوەی ڕق و بوغز و کینە بەرانبەر یەکتری، ئەم حاڵەتەی حزبەکان دروستیان کردووە، بە جارێك میدیای لە ئەرك و بەرپرسیاریەتیی نیشتمانییان داماڵیوە، بۆیە زۆر گرنگە بە هەر ڕێگەیەك بێت، کەناڵێك دروست بکرێت، بۆ ئەوەی حزبەکان پێکەوە لەسەر ئەم پرسە قسەی جددی بکەن و پێکەوە چارەسەرێکی نیشتمانییانە بۆ پرسی میدیا بدۆزنەوە.

لایەنێکی دیکە پەیوەندی بە یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستانەوە هەیە، کە ئەویش یاسای ژمارە ٣٥ی پەرلەمانی کوردستانە، ئەم یاسایە زیاتر لە ١٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کاتێك ئەم یاسایە دەرچووە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك تەنیا وەك هەواڵێکی زانستی باسی لێوە دەکرا و، لەسەر ئاستی گشتی خەڵك بوونی نەبوو، مۆبایلی زیرەك زۆر سەرەتایی بوو، ئایپاد نەبوو، لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی دوای یاسای ڕۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە ئاستێك میدیای گۆڕیوە، کە ئێستا هەر تاکێك خۆی خاوەنی میدیایەکە کە هەر سێ ئەرکە سەرەکییەکەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات، کە ئەویش «بینراو و بیستراو و نووسراوە»، هەر بۆیە زۆر گرنگە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك بۆ میدیا دابڕێژێت، کە ئەو یاسایە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستای میدیا و سۆشیال میدیا لە کوردستاندا بکات، لەمەش زیاتر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی و ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بۆ ئاراستەکردنی میدیا و سۆشیال میدیا بگرێتە بەر.

لە دوماهیدا منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی پێشتر ئاماژەیان بەوە کرد، بەوەی ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێك هەیە، پێویستمان بەوەیە هەنگاوی نوێ و جددی هەڵبگرین، ئەمەش نەك هەر لە بواری میدیا، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، هەر لەم گفتوگۆیەدا پێشنیار دەکەم د.سالار عوسمان وەك بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کەناڵێکی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەسەر ئاستی میدیا و ڕاگەیاندن لەگەڵ کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە میدیا کاتێك دەبێت بە دەسەڵاتی چوارەم کە هێزێك بێت لە ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا.

**میدیای کوردی دەبێت ئاراستەی لە میدیاکی نەخۆش و شێواو شپرزەوە بگۆڕێت بۆ میدیایەکی نیشتمانی و پەروەردەیی**

**ململانێی ناتەندروستی نێوان حزبە سیاسییەکانە کە میدیایان کردووەتە ئامرازێك بۆ ئامانجی تەسکی حزبایەتی و بڵاوکردنەوەی ڕق و بوغز و کینە بەرانبەر یەکتری**

**زۆر گرنگە بە هەر ڕێگەیەک بێت، کەناڵێک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی حزبەکان پێکەوە لەسەر ئەم پرسە قسەی جددی بکەن و پێکەوە چارەسەرێکی نیشتمانییانە بۆ پرسی میدیا بدۆزنەوە**

**زۆر گرنگە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک بۆ میدیا دابڕێژێت، کە ئەو یاسایە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستای میدیا و سۆشیال میدیا لە کوردستاندا بکات**





## پ.د. نەزاکەت حسێن

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت دەست لە میدیا بەرنەدرێت و لەلایەن حکومەتەوە دووبارە میدیا ڕێک بخرێتەوە و بەرپرسیارێتی بۆ دیاری بکرێت

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانییە و یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسە دیارانەی کە بە پراکتیکی کاری لە بواری ڕۆژنامەگەری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا کردووە، هەروەها چەندین ساڵیشە وەك پسپۆر و تایبەتمەندێك هەستی بەوە کردووە کە میدیای کوردی بە قۆناغێکی مەترسیداردا هەنگاو هەڵدەگرێت و خەریکە پەیامە ژەهراوییەکانی، مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان دروست دەکات، لەم گفتوگۆیەشدا سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی میدیا بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ڕەشبینیی من بەرانبەر ئەو قۆناغە مەترسیدارەی میدیای کوردیی پێدا تێدەپەڕێت، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆر جاریش هاوڕێکانم ئەم ڕەشبینییەم وەك گوتارێکی توند پێناسە دەکەن، بەڵام لە واقیعدا توندی و ڕەشبینیمان بەرانبەر بەم قۆناغەی ئێستای میدیا لە کوردستاندا، ڕەنگدانەوەی پسپۆری و لەسەر بنەمای زانستییە و بەرەنجامی ئەو پراکتیکەیە کە خۆمان ڕۆژانە لە ناو میدیای کوردیدا ئەنجامی دەدەین.

ئەم واقیعەی ئێستا پرسیارگەلێك لەگەڵ خۆی دەورووژێنێت، ئەو پرسیارە سەرەکییانە ئەمانەن: «ئایا میدیایەکمان هەیە، لە دروستکردنی ناسنامەدا بەشدار بێت؟ ئایا میدیایەکمان هەیە، لە دروستکردنی پەروەردەیەکی خۆماڵیی تەندروستدا بەشدار بێت؟ ئایا میدیایەکمان هەیە، بتوانێت بەهاو پیرۆزییەکان و ڕەسەنایەتیی نەتەوەمان بپارێزێت؟ ئایا میدیایەکمان هەیە، سەقامگیریی دەروونیمان پێ بدات و گوتارێکی پڕ مەعریفەمان پێشکەش بکات و، زانیارییەکی ڕاست و دروست و دوور لە چەواشەکاریمان بداتێ؟ ئایا میدیایەکمان هەیە لە خزمەتی دۆزەکەماندا بێت و ئێمە بێین هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەوەی دەبینین، ئەوەیە کە هەست دەکەین لە ناو میدیای کوردیدا شڵەژان و شپرزەییەك هەیە، نازانیت لە کوێوە بۆ ناسنامەکەی بگەڕێیت و لە کوێوە هەڵوەستەی لەسەر بکەیت، خۆ ئەگەر میدیای کوردی بەراورد بکەین بە میدیای تورکی و دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەر لە سەرەتاوە دەتوانیت پێناسەیەك بۆ ئەوان بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەیت

و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت، بەڵام کە دێیتە ناو میدیای کوردی پێناسەیەك نادۆزیتەوە.

ئەگەر باسی قۆناغبەندی بکەین، ئایا میدیای کوردی وەك میدیای نەتەوەکانی دیکە بە قۆناغبەندیدا ڕۆشتووە و قۆناغی دەسەڵاتی تێپەڕاندووە و هەنگاوی ناوە بۆ میدیای لیبراڵی و، پاشاگەردانیی ئەو قۆناغەشی چارەسەر کردووە، تا هەنگاوی نابێت بۆ قۆناغی بەرپرسیارێتی و میدیای کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی میدیا پابەند و بەرپرسیار بێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی میدیای کوردی، دەبینین قۆناغی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانمان هەبووە، کە میدیای وەك ئامرازێك بەکار هێناوە، بۆ گەشەپێدانی پرسی نەتەوەیی و هاندان بۆ بەرخۆدان و بەگژداچوونەوەی دوژمنان، بەڵام کە گەیشتینە قۆناغی مەدەنییەت و حوکمڕانیی خۆمان، دەستمان لە میدیا بەرداوە و لە هەمان کاتدا داوای بەرپرسیارێتی لە میدیاش دەکەین، بۆیە لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی لەسەر ئەو پرسە هەڵوەستە دەکەم و دەڵێم: بەرپرسیارێتی پێناسە و کار و ئەرکی میدیا نییە، هەروەها سرووشت و وێنای میدیاش نییە، بەڵکو دەبێت ئێمە خۆمان بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکەین.

میدیا لە بنەڕەتەوە سێ ئەرکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە «گەیاندنی زانیاری، پەروەردە، کاتبەسەربردن»، ئەوجا لەم سێ بوارەدا ئەوە ئێمەین دەتوانین بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکەین، ئەمەش واتە ئەوە ئێمەین میدیا وا لێ دەکەین کە زانیاریی ڕاست و گوتارێکی مەعریفیی ئاست بەرز پێشکەشی هاووڵاتیان بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەسەر سندوقی دەنگدان بزانێت دەنگ بەکێ دەدات، ئەوە ئێمەین دەبێ بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکەین، کە چۆن نەوەکانی ئێستا پەروەردە بکات و ڕێز لە پیرۆزییەکانی نەتەوە بگرێت و خاك و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، ئەوە ئێمەین بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست دەکەین، کە چۆن کاتەکانی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ستاندەر و تەندروست پڕبکاتەوە بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی و سەقامگیریی دەروونی خۆی بکات، ئێمە کە خۆمان هیچ کام لەمانەمان نەکردووە بە ئەرك و بەرپرسیارێتی میدیا و، بە جارێك دەستمان لێ بەرداوە چۆن دەتوانین داوای بەرپرسیارێتی لە میدیا بکەین؟

کەواتە بۆ ئەوەی میدیایەکی بەرپرسیار دروست بکەین، دەبێت حکومەت بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکات و دەست لە میدیاکە بەرنەدات، ئەگەر میدیاکە ئەهلی بێت، دەبێت خاوەنی میدیایەکە بەرپرسیارێتی بۆ میدیاکەی دروست بکات و کۆدی ئەو بەرپرسیارێتییەی بۆ دابنێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم بەرپرسیاریەتییانە «نیشتمانی، پەروەردەیی، تەندروستی، سەلامەتیی هاووڵاتیان و...هتد». بۆ کام جۆری میدیا دیاری دەکرێن، پێشتر نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بە «ناوەرۆك و ڕوخسار» کرد و گوتی ناوەرۆك ڕوخسار دیاری دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك سەیری ناوەرۆکی میدیای کوردی دەکەین، دەبینین لە بری ئەوەی ناوەرۆکی ئەم میدیایە کەلتووری کورد و کوردستان بێت، کەچی کەلتووری بیانیی تورکی و ئێرانی، یان مەکسیکییە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئاستی پشتبەستنی میدیای کوردی بە بەرهەمی بیانی زۆر بەرزە و کەمتر پشت بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەستێت، بەڕای من ئەمە کارەساتە.

لێرەوە چەند پێشنیارێك بۆ چارەسەری ئەم شێواوی و شپرزەییەی میدیای کوردی دەخەمەڕوو کە بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- پرسی میدیا و کێشەکانی، بە تەنیا خەمی لایەنێك و یەك حزبی سیاسی نییە، خەم و پرسێکی نیشتمانییە و پێویستە پلانێکی نیشتمانیشمان بۆ چارەسەرکردنی هەبێت، ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو لایەك هەیە.

٢- دەبێت دەست لە میدیا بەرنەدرێت، بەتایبەتی لەلایەن حکومەتەوە و دووبارە میدیا ڕێك بخرێتەوە و بەرپرسیارێتی بۆ دیاری بکرێت.

٣- گەڕانەوە بۆ کۆدی ئیتیکی و بەرپرسیارێتی بۆ کۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئەوجا ئەو ڕاگەیاندنە هی هەر کەس و لایەن و حزبێکە.

٤- ئێمە هەموو لایەکمان بە ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسە خاوەن ئەزموونەکانیشەوە هەتا لە قۆناغی دەسنیشانکردنی کێشەکانداین، دەبێت هەنگاو هەڵبگرین بۆ قۆناغی چارەسەر.

٥- میدیا دەبێت لە بناغەوە چاکسازی تێدا بکرێت و ببێتە بەشێك لە سیستمی حوکمڕانی و، وەك سێکتەرەکانی پەروەردە و کشتوکاڵ و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و.. هتد، هەماهەنگ بێت لە ناو سیستمی حوکمڕانیدا، ئەو کات میدیا دەتوانێت هەماهەنگ و بەپرسیار بێت لەگەڵ کۆی سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

> **بەرپرسیارێتی پێناسە و کار و ئەرکی میدیا نییە، هەروەها سرووشت و وێنای میدیاش نییە، بەڵکو دەبێت ئێمە خۆمان بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکەین**

> **ئەوە ئێمەین دەبێ بەرپرسیارێتی بۆ میدیا دروست بکەین، کە چۆن نەوەکانی ئێستا پەروەردە بکات و ڕێز لە پیرۆزییەکانی نەتەوە بگرێت**

> **پشتبەستنی میدیای کوردی بە بەرهەمی بیانی زۆر بەرزە و کەمتر پشت بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەستێت، بەڕای من ئەمە کارەساتە**

> **پرسی میدیا و کێشەکانی، بە تەنیا خەمی لایەنێک و یەک حزبی سیاسی نییە، خەم و پرسێکی نیشتمانییە و پێویستە پلانێکی نیشتمانیشمان بۆ چارەسەرکردنی هەبێت**





**د.جەلال ئەحمەد**

بەرپرسی بەشی توێژینەوە و ڕاپرسی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بەشێکی زۆر لە میدیاکان بە بەرنامە کار بۆ پێشێلکردنی ئازادییە گشتییەکان دەکەن تا وێنەیەکی شێواوی کەتواری ژیان لە هەرێمدا نیشان بدەن

**د.جەلال ئەحمەد، جیا لەوەی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بەشی توێژینەوە و ڕاپرسییە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مامۆستایە لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین و، لەسەر هەر دوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی، زانستی کۆمەڵناسی و میدیای پێکەوە گرێ دەواتەوە، ئەم ئاراستەیەش بەرەو ئەوەمان دەبات ئێمە لە ناو خەڵك و جەماوەرەوە سەیری میدیای خۆمان بکەین، نەك لە میدیایەکی خراپەوە سەیری خەڵك و جەماوەری خۆمان بکەین، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.**

یەکێك لە بەرپرسیاریەتییە سەرەکییەکانی میدیا بەرانبەر بە کۆمەڵگە و هاووڵاتیان ئەوەیە، کە دەبێت داکۆکی لە ئازادییە گشتییەکانیان بکات، جا لە ڕووی مادییەوە بێت، کە خۆی لە دەستەبەرکردنی ئازادییە کەسییەکان لە ڕووی ئازادیی هەڵبژاردنی کار و بژێوی و نیشتەجێبوون و مافی خاوەندارێتیدا دەبینێتەوە، یان لە ڕووی مەعنەوییەوە بێت، کە پەیوەستن بە ئازادیی خوێندن و بیروباوەڕ و ئەنجامدانی کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەکانەوە، تا دەگاتە داکۆکیکردن لە ئازادییە سیاسییەکان لە ڕووی ئازادی لە خۆپاڵاوتن و دەنگدان و دروستکردنی پارتی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنبوون لە بەرانبەر زۆرینەدا و...هتد. بە داخەوە میدیای کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ئەو پانتاییە گشتییەی کە پێویستە بۆ گەڵاڵەکردنی ڕایەکی گشتیی داکۆکیکار لەو ئازادییە گشتییانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆر لە میدیاکان بە بەرنامە کار بۆ پێشێلکردنی ئازادییە گشتییەکان دەکەن تا وێنەیەکی شێواوی کەتوار (واقع)ی ژیان لە هەرێمدا نیشان بدەن.

بەرپرسیاریەتییەکی دیکەی میدیا بڵاوکردنەوەی مەعریفەیەکی ڕەخنەگرانەی بنیادنەرانەیە بۆ خەڵك، بەڵام دەپرسین میدیا چۆن و چ کاتێك دەتوانێت مەعریفەیەکی وەها بڵاو بکاتەوە؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: کاتێك کە خۆی لە پەخشکردنی هەندێك پرس و ڕووداودا نەدزێتەوە و هەر تەنیا ئەو ڕووداو و پرسانە نەورووژێنێ کە لە خزمەتی لایەن، یا کەسانێکدان و، لە بەدواداچوونی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان سڵ نەکاتەوە و، بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکات و بە لاڕێیاندا نەبات و، ئەمانەتپارێز بێت و لە چوارچێوەیەکی گونجادا بڵاویان بکاتەوە و، خۆی تەنیا بە ڕۆئیایەکی تاکڕەهەند و تاکلایەنەوە

نەبەستێتەوە، بەڵکو سەکۆیەك بێت بۆ زۆرترین ڕای جیاواز و هاوسەنگییەك ڕابگرێت لە نێوان پێدانی چێژ و سەرنجڕاکێشی بەو زانیارییانەی کە هاووڵاتی دەبێ هەیبن و ئەویش پێویستە بڵاویان بکاتەوە، هەروەها ورد بێت، لە بڵاوکردنەوەی ژمارە و داتا و ڕووداوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکاندا، تا زانیاری هەڵە بڵاونەکاتەوە، لە ئەگەری ڕوودانی ئەمەشدا بەرپرسیار و هاوکار بێت لە ڕاستکردنەوەیاندا، میدیا دەبێت بە ئیتیکێکی پیشەییانە شیکردنەوەی پێویست کار بکات بۆ هەندێك لەو ڕووداو و بابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە، تاوەکو بەدروستی بگەن و خراپ بەکارنەهێرێن، لە هەما کاتدا کۆمێنت و ڕۆئیای خۆی بڵێت لەسەر هەندێك لە زانیارییەکان ئەگەر پێویست بێت. هەندێجار بەشێك لە میدیاکان وەك بڵێی ئاراستە کراون و بۆ بەرژەوەندیی ماددیی کەسانێك، یان کۆمپانیایەك کار دەکەن، بە بڵاوکراوەیەك کێشە لە بازاڕ و بواری خزمەتگوزاریی نرخی کاڵاکاندا دروست دەکەن، بینیمان کە چۆن بوونە مایەی شڵەژان و هەستی مەترسییان لەسەر ئاسایشی خۆراك و وزە لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی کەرەنتینەی کۆرۆنا و سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین لای هاووڵاتیان دروست کرد، کە دواجار بە زەرەری زۆرینە و قازانجی کەمینەیەك کۆتایی هات.

جا ئەم قۆناغە ڕاگوزەرییەی ئێستا هەرێمی کوردستان، قۆناغیکی هەستیار و گرنگە بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی باشتر و، هاووڵاتیان پێویستیان بە مەعریفە و لۆژیکێکی عەقڵانیی ڕەخنەگری بنیادنەرانە هەیە، کە سیما دیارەکانی لێبووردەیی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بن لە ئاست پرس و ئاڵنگارییەکاندا، بەڵام بەداخەوە میدیای کوردی کە نەیتوانیوە ئەمە بکات، ئەو بڕە مەعریفەیەی کە هەشبوو شێواندی، کاری سەرەکیشی بوو بە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی مەعریفەیەکی بەکاربەری کاتی، کە بە ڕواڵەت چێژبەخشە، لە ناوەرۆکیشدا درۆن و هەڵخەڵتێنەرە.

بەرپرسیارێتییەکی دیکەی میدیا سازکردن و گواستنەوەی موناقەشەیەکی جددیی ئازادانەی پیشەیی و بێلایەنە سەبارەت بە پرسە هەستیار و پێویستەکانی ژیان و گوزەران و داهاتووی خەڵکی لە هەموو بوارەکاندا، بەشێکی میدیای کوردی خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە دزیوەتەوە، بەشەکەی دیکەش پرس و کێشە و ئاریشەکانیان بۆ بەرژەوەندییەکی سیاسی، یان ئابووریی بەرتەسك و هەندێك جاریش بۆ خزمەتکردن بە ئەجێندا دەرەکییەکان بەکاریان هێناوە، بۆ ئەم کارەشیان سڵیان لە بەرکاهێنانی هیچ شتێك نەکردووەتەوە.

بەرپرسیارێتییەکی دیکەی میدیا ڕێزگرتنە لە بەها و دابونەریت و سیمبول و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە، هەرچەندە کە دەبوو هەستیارانە و دوور لە لێدانی وەتەری خەڵك، کاریگەریی ئەرێنییان هەبوایە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، بەڵام نەدەبوو بە هێرشکردنە سەریان دەست پێ بکات و لە بری چاکسازیکردن پەرچەکرداری کوێرانە لای خەڵکی دروست بکەن، زۆربەی میدیا کوردییەکان لە بری ڕێزگرتن و زیندووهێشتنەوەی ڕەسەنایەتییەکانمان، شتگەلێکی بێ سەروبەر و ناکۆك و خەتەریان لەسەر زهنییەتمان هاوردە کردووە و بە هەرزانیش پێمان دەفرۆشنەوە و شیرازەی خێزان و پەروەردەشیان شێواندووە.

سەرباری هەموو ئەم بەرپرسیارێتییانە، میدیا دەبوایە لە خەمی ڕۆڵی کۆمەڵگەدا بوایە لە چەسپاندن و ئیدارەدانی دادپەروەریدا، دواجار دەمەوێت پێتان بڵێم: هۆکاری ئەم ڕەوشەی میدیای کوردی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان میدیا کراوەتە مەیدان بۆ دوو شت، یەکێکیان: بووتە ڕایەڵەی سەرەکیی پەیوەندیی خەڵك بە حزبەوە، بە جۆرێك ڕایەڵەکانی دیکەی پەیوەندییان فەرامۆش کردووە. دووەمیان: حزبەکان ململانێی ناعەقڵانی و تەسفیەی حیساباتی تاقەتپڕووکێنی ڕابردوویان بردووەتە ناو میدیا، کە ئەمە لە بەشی هەرە زۆری میدیادا خراپ ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دەبێت ڕاگەیاندن لە چنگی میدیای نابەرپرسیاری هەرێمی کوردستان دەربهینرێن، تا چیتر نەتوانێ خەڵکی بەسەر بەرەی پێچەوانە و دژ بە یەکتریدا دابەش بکات. میدیا دەبێت لە جیاتی دابەشکردنی شەقام و قووڵکردنەوە و ئیدارەدانی ململانێی حزبی و پۆپۆلیزمی شەقام، ببێتە دەسەڵاتی چوارەم و ڕای گشتی گەلاڵە بکات و، ئەرێنییانە کۆمەڵگە ئاراستە بکات. کەواتە میدیای کوردی دەبێت ببێتە ئەو پانتاییە گشتییەی کە بە گوتەی هابەرماس دەبێت شوێنێك بێت بۆ گەنگەشەکردن و گفتوگۆیەکی عەقڵانیی بەکۆمەڵ لە نێوان دیدگە جیاواز و پێکناکۆکەکاندا، یان وەك هەنا ئارێنت دەڵێت: کەشێکی وەها بسازێنێت کە لە جیاوازییەکاندا دواجار جیهانێکی هاوبەش دروست بکات، دەبێت ئەو میدیا نابەرپرسیارە لە ڕێی دەرکردنی یاسایەکی عەمەلی و ڕەخساندنی زەمینەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی، کۆنترۆڵ بکرێت، بە یاساش ناچار بکرێن کە یەکەیەکی ڕاوێژکاریی یاسایی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و دەروونییان هەبێت.

**میدیای کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ئەو پانتاییە گشتییەی کە پێویستە بۆ گەلاڵەکردنی ڕایەکی گشتیی داکۆکیکار لەو ئازادییە گشتییانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان**

**بەشێک لە میدیاکان وەک بڵێی ئاراستە کراون و بۆ بەرژەوەندیی ماددیی کەسانێک، یان کۆمپانیایەک کار دەکەن، بە بڵاوکراوەیەک کێشە لە بازاڕ و بواری خزمەتگوزاریی نرخی کاڵاکاندا دروست دەکەن**

**زۆربەی میدیا کوردییەکان لە بری ڕێزگرتن و زیندووهێشتنەوەی ڕەسەنایەتییەکانمان، شتگەلێکی بێ سەروبەر و ناکۆک و خەتەریان لەسەر زهنییەتمان هاوردە کردووە**

**میدیا دەبێت لە جیاتی دابەشکردنی شەقام و قووڵکردنەوە و ئیدارەدانی ململانێی حزبی و پۆپۆلیزمی شەقام، ببێتە دەسەڵاتی چوارەم و ڕای گشتی گەلاڵە بکات**





## فەرهاد محەمەد

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# میدیای خراپ و گێرەشێوێن ئایندەی وڵات بەرەو کاولکاری و کارەسات دەبات

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئەزموونی نزیکەی سێ دەیەی لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە و، چەندین ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی لەسەر پرسی میدیا لەسەر ئاستی کوردستان و، میدیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی جیهان ئەنجام داوە، لە ئەڵقەی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ، بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

لەوانەیە ئەو ڕستەیەی لەسەر خەڵاتی پۆلیتزەر نووسراوە «ئایندەی کۆمارە ئازادەکەمان (ئەمریکا) لە ئەستۆی نەوەی داهاتووی ڕۆژنامەنووسەکانمدایە»، دەروازەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی باس لە کاریگەریی گەورەی «ئەرێنی و نەرێنی»ی میدیا لەسەر داهاتووی نەتەوە و نیشتمان بکەین.

جوزیف پۆلیتزر کە ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ئەمریکا و خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «نیویۆرك وۆرڵد»ـە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە خراپیی باری میدیا و ڕۆژنامەگەری گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەڕەشە لە ئایندەی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا دەکات و، تەنیا ڕێگەش بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە تێپەڕێنرێت، ئەوەیە کە دەبێت دووبارە میدیا و ڕۆژنامەگەری ڕێك بخرێتەوە، چونکە تەنیا میدیای پابەند و نیشتمانی و ئازاد دەتوانێت ئایندەی ئازادی بۆ وڵات مسۆگەر بکات، لەم ڕوانگەیەوە پێشنیاری بۆ زانکۆی کۆلۆمبیا کرد، کە ئەو ئامادەیە ڕۆژنامەکەی بفرۆشێت و پارەکەی بدات بەو زانکۆیە، بەو مەرجەی زانکۆی کۆلۆمبیا «کۆلێژی ڕۆژنامەگەری» بکاتەوە، بەڵام جوزیف پۆلیتزر کۆچی دوایی کرد و ئاواتەکەی نەهاتە دی، دوایی کۆلێژی ڕۆژنامەگەری کرایەوە و لەساڵی ١٩١٧یشەوە خەڵاتێك بۆ کارە باشەکانی ڕۆژنامەگەری دیاری کرا بە ناوی «خەڵاتی پۆلیتزر.»

کەواتە ئەم باسەی ئەمڕۆ ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، باسێکە پەیوەندی بە ئایندەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و، بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە، ڕاشکاوانەتر ئەگەر دەستەوەستان بین و هەروەکو ئێستا دەست لە میدیای خۆمان بەر بدەین و

ڕێگەچارەیەك نەدۆزینەوە بۆ ئەو پاشاگەردانی و پشێوی و شپرزەییەی میدیای ئەمڕۆی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەین، ئەم ئاراستەیە کارەساتی گەورە بە سەر هەرێمەکەمان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەها و پیرۆزییەکانی نیشتماندا بهێنێت، ئەگەر وەك جۆزیف پۆلیتزریش ئەو ئامادەباشییەمان تێدا بێت، واز لە هەموو شتێك بهێنین لەپێناوی میدیادا و ڕۆژنامەگەری ڕێك بخەینەوە، ئەوا ئایندەی هەرێمەکەمان و دووبارە گێڕانەوەی بەهاکان بۆ نیشتمان و پیرۆزییەکانی، هەرێمی کوردستان دەکاتە نموونەیەکی ئەوتۆ کە نەك هەر خۆمان، بەڵکو جیهانیش شانازیمان پێوە دەکات.

بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر خاڵێکی گرنگ هەڵوەستەیان کرد و پێشنیاریان کرد، میدیاش وەك هەر سێکتەرێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵگە بەشێکە لە پرۆسەی حوکمڕانی و دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەستی کردووە بە ڕیفۆرم و چاکسازی لە بوارەکانی تەندروستی، کارگێڕی، تەندروستی، پەروەردە وخوێندن و...هتد، بە هەمان شێوە دەبێت ئەرکی ڕیفۆرم و چاکسازیش لە سێکتەری میدیا بخاتە سەرشانی خۆی، کە ئەمە پێشنیارێکی گرنگە و دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەم ڕیفۆرمە لە سێکتەری میدیا بکات، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین، چۆن کۆی پرۆسەی حوکمڕانی پرۆسەیەکی لۆکاڵە و لە ناو واقیعی کۆمەڵگەوە پرۆسەی حوکمڕانیی باش دەست پێ دەکات، ناکرێت لە پرۆسەی حوکمڕانیدا کۆپیکردنەوەی ئەزموونی دەرەکی هەبێت، بە هەمان شێوە دەبێت پرۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازییش لە سێکتەری میدیای کوردستاندا پرۆسەیەکی لۆکاڵیی ناو واقیعی ئێستای کوردستان بێت و، دوور بێت لە کۆپیکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە، لە ناو واقیعی ئێستای کوردستانەوە و لە ڕێگەی پەرلەمان و حکومەتەوە بکرێتە خەمێکی نیشتمانی و هەموو لایەك پێکەوە شان بدەینە بەر بەرپرسیارێتی.

هەر لەم گفتوگۆیەدا بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد، ئەم پاشاگەردانی و پشێوییەی ناو میدیای کوردی دەرهاویشتەی ئەو قۆناغی وەرچەخانەیە کە بەرەو دیموکراتی هەنگاومان هەڵگرتووە، ئەم دەستنیشانکردنە لە ڕوخساردا دەستنیشانکردنێکی ڕاستە و هەموو ئەو وڵاتانەی لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانەوە، هەر وڵاتێك هەنگاوی بەرەو دیموکراتی و کرانەوە هەڵگرتبێت، سێکتەری میدیا و فەزای گشتیی ئەو کۆمەڵگەیە تووشی پاشاگەردانی و پشێوی و پەرتەوازەیی بووە، بەڵام پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە کە هەنگاوهەڵگرتن بۆ پرۆسەی دیموکراتی بە سرووشتی خۆی ئەو پاشاگەردانییە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی ئەو دەستتێوەردانە نەرێنییەیە کە «باڵیۆزخانە و کونسووڵخانەکان، هەندێك لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا»یە لە کاروباری ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانەدا دەیکەن و دەیانەوێت هەمان دامەزراوە و هەمان مودێلی میدیا لەو دەوڵەتانەدا کۆپی بکەنەوە و بە هەمان پێوەر و تێگەیشتن مانا و چەمکی ئازادییەکان و ئازادیی ڕادەربڕین پێناسە بکەین، بۆ ئەمەش لە توێژینەوەیەکدا کە پرۆفیسۆری پۆڵەندی (کارۆڵ جاکۆبیتچ) بە ناوی «تێڕوانینێك بۆ پەرەپێدانی میدیا لە دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست»دا، ڕاشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر ئەم حاڵەتە مەترسیدارە کردووە و نووسیویەتی: «دەستتێوەردانەکانی ڕۆژئاوا بۆ بونیادنانی میدیایەك بە هاوشێوەی ئەو میدیا لە ڕۆژئاوا هەیە، بە بێ ئەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاستی دامەزراوەیی ئەو وڵاتانە لەبەر چاو بگرن، ڕێك لەو بەرنامەیە دەچێت کە کریستۆفەر کۆلۆمبۆس لە ئەورووپا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ هیندستان دایڕشت، بەڵام لەبری ئەوەی بگاتە هیندستان، لە کیشوەرێکی تازە سەری دەرهینا، کە ئەویش ئەمریکای ئێستایە» و، ئاکامەکەشی ئەو پاشاگەردانییەی میدیایە کە لە کۆمەڵگەدا دروستی دەکات.

لە دوماهی قسەکانمدا، دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، بەوەی ڕاستە سێکتەری میدیا بەشێکە لە پرۆسەی حوکمڕانی و میدیای باشیش وەك «دەسەڵاتی چوارەم» هێزێکە لە پاڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکە «یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری» ئەوا میدیای خراپ و گێرەشێوێنیش دوژمنێکە بۆ هەر سێ دەسەڵاتەکە و ئایندەی وڵات بەرەو کارەسات و کاولکاری دەبات.

**ئەگەر دەستەوەستان بین و هەروەکو ئێستا دەست لە میدیای خۆمان بەر بدەین و ڕێگەچارەیەک نەدۆزینەوە بۆ ئەو پاشاگەردانی و پشێوی و شپرزەییەی میدیای ئەمڕۆی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەین، ئەم ئاراستەیە کارەساتی گەورە بە سەر هەرێمەکەمان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەها و پیرۆزییەکانی نیشتماندا بهێنێت**

**ئەگەر واز لە هەموو شتێک بهێنین لەپێناوی میدیادا و ڕۆژنامەگەری ڕێک بخەینەوە، ئەوا ئایندەی هەرێمەکەمان و دووبارە گێڕانەوەی بەهاکان بۆ نیشتمان و پیرۆزییەکانی، هەرێمی کوردستان دەکاتە نموونەیەکی ئەوتۆ کە نەک هەر خۆمان، بەڵکو جیهانیش شانازیمان پێوە دەکات**

# دیمانەی تایبەت



پاوڵ كوادرۆس پرۆفیسۆرە لە سكوڵی هەسمان بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە زانكۆی نۆرس كالیفۆڕنیا، وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووسێكی لێكۆڵینەوە بۆ (نیویۆرك تایمز، هەفتیگتۆن پۆست، تایم مەگەزین) كاری كردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی گرنگی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە كاری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانی و ئەو تەحەددی و دژوارییانەی ڕووبەڕووی ئەم بوارە بوونەتەوە، هەروەها كاریگەریی تەكنەلۆژیا لەسەر ئەرك و كاری ڕاگەیاندن و چەند پرس و بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر پاوڵ کوادرۆس بۆ گوڵان:

# ڕەنگە پێشکەوتنەکانی بواری زیرەکیی دەستکرد و چات جی پی تی ببنە هۆی بەهادارتربوونی کاری ڕۆژنامەنووسی

* نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا هەلومەرجێکی نوێ هاتووەتەئاراوە و سەری هەڵداوە، کە دۆخێکی خوڵقاندووە تێیدا گرفت و تەحەدیی نوێی بۆ ڕاگەیاندن دروست کردووە و خوڵقاندووە، بە تێڕوانینی ئێوە سەرەکیترین و بنەڕەتیترینی ئەو گرفت و دژوارییانە چین کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی بوونەتەوە؟

- لە ڕاستیدا لە ئێستادا ئەو دژواری و سەختییە زیاتر ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری و کاری ڕاگەیاندن بووەتەوە ئەوەیە چۆن ڕاپۆرت و هەواڵی دروست ئامادە و بڵاو بکاتەوە کە میسداقییەتی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئێستا بە هۆی ئەو پروپاگەندە و هەواڵە ناڕاستە زۆرانەی دەخرێنە ڕوو و بڵاو دەکرێنەوە، ئەرکێکی زەحمەت و قورسە کە بتوانرێت هەواڵ و کاری ڕۆژنامەوانی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراو ئامادە بکرێت، بەتایبەتی بە هۆی ئەو پروپاگەندانەی کە کەسانی سیاسەتمەدار و لایەنەکانی دیکە بڵاوی دەکەنەوە، لەپێناو ئەوەی ڕای گشتی بەلای خۆیاندا کێش بکەن و قەناعەتیان بۆ دروست بکەن، ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا لە ئێستادا زەحمەتە بۆ خەڵك کە هەواڵی ڕاست و دروست لە پێچەوانەکەی جیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن وێنایەکی ڕاستەقینەیان لا دروست ببێت لە بارەی ئەوەی دەگوزەرێت و

**بە هۆی ئەو پروپاگەندە و هەواڵە ناڕاستە زۆرانەی دەخرێنە ڕوو و بڵاو دەکرێنەوە، ئەرکێکی زەحمەت و قورسە کە بتوانرێت هەواڵ و کاری ڕۆژنامەوانی باوەڕپێکراو و متمانە پێکراو ئامادە بکرێت**

ڕوو دەدات.

*** ئێمە لە پرسیاری پێشوودا باسی گۆڕانی هەلومەرج و چوارچێوەی کارکردنی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنمان کرد، لێرەدا دەمانەوێت بە دیاریکراوی ئاماژە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەریی ئەم پێشکەوتنە بکەین لەسەر ئەرك و ڕۆڵی ڕاگەیاندن، ئێوە چ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکتان بۆی هەیە؟**

- ئەوە ڕاستییە کە کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا حاشاهەڵنەگرە و ڕەنگدانەوە و کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر کاری ڕاگەیاندن، بەڵام نابێت ئێمە لەم ڕووەوە کاریگەریی دەسەڵات و پارە نادیدە بگرین لەسەر کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و، لەسەر ئەوەی بتوانرێت بە ڕاست و دروستی وێنای ئەوە بگوازرێتەوە کە ڕوو دەدات لەسەر ئاستی وڵات و شار و.. هتد، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەوا لە ئێستادا تەکنەلۆژیا بە چەشنێك گەشەی کردووە کە لە توانایدایە خۆی واقیع و ڕووداوێك دروست بکات و وەك ڕاستییەك بڵاوی بکاتەوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بە هیچ شێوەیەك ئەو ڕووداو و واقیعەش ڕووی نەدابێت، ئەویش لە ڕێی ئەوەی پێی دەووترێت (deep fake) و دروستکردنی چیرۆك و پەیامی تەواو هەڵبەستراو و داتاشراو، ئەمەش دۆخێکی نالەبار دروست دەکات، کە تێیدا خەڵکی ناتوانن وێنە و ڤیدیۆ و قسە هەڵبەستراو و دروستکراوەکان لە ڕاستییەکە جیا بکەنەوە.

*** ئایا ئەم پێشکەوتنەی بواری تەکنەلۆژیا و ئەو ئەگەرانەی ئێوە ئاماژەیان پێ دەکەن، تا چ ڕاددەیەك بوونەتە هۆی گۆڕینی ئەرکی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و، ئایا لەم ڕۆژگار و هەلومەرجە نوێیەدا ڕۆژنامەگەری دەتوانێت ڕۆڵی تەقلیدیی خۆی لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی ڕاستیی هەواڵ و ڕووداوەکان و ئاشکراکردنیان ببینێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەرکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، کە بریتییە لە بەدواداچوونی ڕووداو و هەواڵ و هەلومەرجەکە و دواتر ڕاگەیاندنی ڕاستییەکە بە ڕای گشتی، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بە باشترین شێوە ئاشنا بن بە ڕاست و دروستی ئەوەی لە کۆمەڵگە و وڵاتەکەیاندا دەگوزەرێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کێشەکە لەوەدایە هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەم کارە لە ڕەوتی خۆی لابدرێت و بشێوێندرێت، ئیدی بە هۆی دەسەڵاتەوە بێت، یان پارە، یانیش تەکنەلۆژیاوە، لەم ڕوانگەیەوە تەحەددییەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت بابەت و هەواڵەکان بە ڕاست و دروستی بگوازرێنەوە بۆ ئەوەی تاکە کەسەکان هۆشیاری و ئاگاییەکی باشتریان بۆ دروست بێت و لە کۆتاییدا ببنە هاووڵاتییەکی باشتر.

*** ئەگەر باسی ڕاگەیاندن بکرێت، ناکرێت باس لە سۆشیال میدیا نەکرێت، بەتایبەتی فەیسبووك و تویتەر، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن لە ڕۆڵی ئەم ڕاگەیاندنە دەڕوانن و پێتان وایە تا چ ڕاددەیەك جیاوازیی هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی؟ ئایا بە گشتی خزمەتیان بە بواری ڕاگەیاندن کردووە، یان ئاستەنگیان بۆ دروست کردووە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە خودی سۆشیال میدیا نایەوێت بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی وەسف و ناوزەد بکرێت، چونکە هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەرك و کاری بنەڕەتی و تەقلیدیی ڕۆژنامەگەری کۆکردنەوەی زانیارییە ڕاست و دروستەکان و ڕاگەیاندنیەتی بە خەڵکی، لە کاتێکدا سۆشیال میدیا ئەم کارە ئەنجام نادات، کەواتە دەکرێت بڵێین مەرج نییە سۆشیال میدیا بە بەشێك لە بزنێسی ڕاگەیاندن هەژمار بکرێت، ئەگەرچی ڕەنگە لە بارێکدا بن کە زانیاری بڵاو بکەنەوە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەو زانیارییانەی سۆشیال میدیا بڵاویان دەکاتەوە، بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی کۆ نەکراونەتەوە و بەدواداچوونیان بۆ نەکراوە، لەبەر ئەوە پێم وانییە وەك ڕۆژنامەگەرییەکی پیشەوەر لە خۆیان بڕوانن.

*** بەڵام ئەگەر لە ڕۆژگاری ئێستە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە زانیاریی زۆر و بە خێراییەکی گەورە لە بەردەستی هەمووانداییە، واتە کێشەکە لە کەمیی زانیاریدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێندە زانیاری لە ئارادایە کە ڕەنگە ئاسان نەبێت بتوانرێت زانیاریی ڕاست و متمانەپێکراو**

**لە ئێستادا زەحمەتە بۆ خەڵک کە هەواڵی ڕاست و دروست لە پێچەوانەکەی جیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن وێنایەکی ڕاستەقینەیان لا دروست ببێت لە بارەی ئەوەی دەگوزەرێت و ڕوو دەدات**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەوا لە ئێستادا تەکنەلۆژیا بە چەشنێک گەشەی کردووە کە لە توانایدایە خۆی واقیع و ڕووداوێک دروست بکات و وەک ڕاستییەک بڵاوی بکاتەوە**

**ئەرک و کاری بنەڕەتی و تەقلیدیی ڕۆژنامەگەری کۆکردنەوەی زانیارییە ڕاست و دروستەکان و ڕاگەیاندنیەتی بە خەڵکی، لە کاتێکدا سۆشیال میدیا ئەم کارە ئەنجام نادات**


**لە پێچەوانەکەی جیا بکرێتەوە، پێت وایە لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا دەبێت ڕاگەیاندن چۆن کارەکانی ئەنجام بدات؟**

- لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەمە زەحمەتە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەر چاو بگرین ئەوەی پێی دەگوترێت (fake news) و (deep fake) و زیرەکیی دەستکرد (artificial intelligence) چۆن ناوەڕۆکی هەواڵەکان دروست دەکەن، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوەش ڕەنگە یەکێك لە ڕێگەکان پەرەپێدانی ڕێچکەیەك بێت کە پێی دەگوترێت خوێندەواریی میدیایی (media literacy) تاوەکو هاووڵاتییان و تاکە کەسەکان بتوانن زانیاریی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراو جیا بکەنەوە و دەستنیشانی بکەن، هەرچەندە ئێمە پێمان ناوەتە ڕۆژگارێکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە کە ڕەنگە نەتوانین بە دڵنیایی و ئەوەیە ڕەنگە ڕۆژنامەگەری ئامرازێك بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پڕوپاگەندە و گەمەپێکردنەی ڕاستی و زانیارییەکان کە زۆر جار حکومەتەکان پەنایان بۆ دەبەن، لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێوە.

**ئەو زانیارییانەی سۆشیال میدیا بڵاویان دەکاتەوە، بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی کۆ نەکراونەتەوە و بەدواداچوونیان بۆ نەکراوە**

*** دوایین پرسیارمان پەیوەستە بە ڕووماڵی ڕاگەیاندنەوە بۆ شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئێوە چۆن لەم ڕۆماڵە دەڕوانن و پێتان وایە ڕاگەیاندنکاران و ڕۆژنامەنووسان لەم ڕووەوە توانیویانە ڕۆڵی چاوەڕوانکراو ببینن و ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن؟**

- من لەم ڕووەوە ئومێد دەکەم کە ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسان بتوانن دەستیان بگات بە سەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاری لە هەردوو لایەنی ناکۆکییەوە، بۆ ئەوەی بتوانن باشترین زانیاری دەستەبەر بکەن بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی




بە وردییەوە ئاراستەی کاری ڕاگەیاندن دیاری بکەین.

*** ئەی چۆن لە کاریگەری و ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەوەی پێی دەگوترێت (Chat GPT) لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە من نازانم چ ئاکام و دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، ڕەنگە یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوە بێت کە ڕۆژنامەنووسی بەها و پێگەیەکی باشتری هەبێت، بە حوکمی ئەوەی کەسێکە کە پیشەی ئەوەیە زانیاریی ڕاست و دروست و ڕاستەقینە بۆ ڕای گشتی و بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکات، نەك هەواڵی دروستکراو و ساختە و هەڵبەستراو، مەبەستم وێنەیەکی ڕوونیان لا گەڵاڵە ببێت دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات و دەگوزەرێت، واتە ئومێدەکە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ سوپای ڕووسیا، یان ئۆکرانیان بتوانن زانیاریی دروست و لە کاتی گونجاودا بۆ ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە دەربارەی ئەوەی کە ڕوودەدات، ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری سیاسییەوە، ئەوا هیوادارم ڕۆژنامەنووسان بتوانن قسە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی هەر دوو لایەنی ناکۆکییەکەدا بکەن، بۆ گواستنەوەی دید و بۆچوونی ڕاستەقینەیان لە نێو شەپۆلی زانیاریی ناڕاست و هەڵبەستراودا، کە بڵاوکراوەی زانیاریی لەم چەشنە شتێکی ئاساییە و لە هەموو جەنگێکدا ڕوو دەدات.

**ڕەنگە ڕۆژنامەگەری ئامرازێک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پڕوپاگەندە و گەمەپێکردنەی ڕاستی و زانیارییەکان کە زۆر جار حکومەتەکان پەنایان بۆ دەبەن، لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێوە**



د. کامەران یونس محەمەد ئەمین بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین ڕەزامەندی دەربڕی

**زانکۆی سەڵاحەدین وەکو گەورەترین و دێرینترین زانکۆکانی کوردستان هەنگاوەکانی بۆ کاری پێشکەوتن و خوێندنی باڵا چییە؟ ڕۆڵی زانکۆ لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە چ ئاستێکدایە؟ سەبارەت بەم پرسانە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر کامەران یونس محەمەد ئەمین سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** زانکۆی سەڵاحەدین بە زانکۆی دایك و دێرینترین زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و، ژمارەیەکی زۆری کۆلێژ لە خۆ دەگرێت، سەرەتای پرسیارمان بەوە دەست پێ دەکەین ئایا ئەم زانکۆیە لە ئاستی زانکۆکانی جیهاندا لە چ ڕیزبەندیێکدایە؟**

- زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە دێرینترین و گەورەترین زانکۆکانی کوردستان دادەنرێت و خاوەنی ١٦ کۆلێژ و سەنتەرێکی توێژینەوە و ٢٥ هەزار قوتابییە، سەرۆك بارزانی پاڵپشتی گەشەکردن و پێشکەوتنی زانکۆکەمانە و بەردەوام هاندەر و پاڵپشتی بەردەوامی زانست و زانکۆ بووە لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی دەستبەکاربوونم دوو جار چوومەتە خزمەتی سەرۆك بارزانی، پێی گوتین بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتیی زانکۆی سەڵاحەدین دەکەم، ئاستی پێشکەوتنی زانکۆکە زۆر چووەتە پێشەوە، دوای ئەوەی پێش ساڵێك لەمەوبەر زانکۆی سەڵاحەدین لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە ڕیزبەندی ٣٠٠٠ ـەکان بوو، لە ئێستادا ١٠٠٠ پلە هاتووینەتە پێشەوە، خۆ ئەگەر کەمپی زانکۆمان هەبووایە، لەسەر ئاستی جیهان زۆر زیاتر پێش دەکەوتین، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین گۆڕانکاریمان لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی زانکۆ و کۆلێژەکان دەست پێ کردووە و، چەندین ڕاگری نوێ دەستبەکار بوون، چاوەڕوانیش دەکەین ڕاگرە نوێیەکان لەسەر هەردوو ئاستی کارگێڕی و زانستی بەرنامەی نوێ و گڕوتینی زیاتر بخەنە زانکۆی سەڵاحەدین.

*** بەو پێیەی زانکۆی سەڵاحەدین لە ئاستێکی باشی پێشکەوتندایە لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان، کەواتە لە ڕووی توێژینەوە و بەشداریکردن لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانیشدا پێگەی خۆتان هەیە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئایا لەم ڕووەوە چ هەنگاوێکتان ناوە؟**

- لە ساڵانی ڕابردوودا ئەو گلەییە هەبوو کە زانکۆی سەڵاحەدین لە ڕووی بەشداری لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ڕۆڵی لاوازە، بە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵ لە سەرجەم کۆلێژەکاندا لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی سیاسی و یاسایی

**سەرۆک بارزانی پاڵپشتی گەشەکردن و پێشکەوتنی زانکۆکەمانە و بەردەوام هاندەر و پاڵپشتی بەردەوامی زانست و زانکۆ بووە لە هەرێمی کوردستان**

و کۆمەڵایەتی کار و چالاکی و وۆرکشوپ و سیمینارمان ڕێك خستووە، گرنگییەکی زۆرمان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان داوە و، بۆنە و یادەکانمان بەرز ڕاگرتووە، کۆلێژی یاسا چەندین وۆرکشوپی لەم بارەیەوە ڕێك خستووە و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانمان بانگهێشت کردووە، لە سیمینار و وۆرکشوپەکاندا گرنگیی زۆرمان بە پرسی گەنجان و بێکاری و هۆکاری لاوازیی ئینتمای نیشتمانی داوە، بەردەوامیش هاندەر بووین لە توێژینەوەکانی زانکۆدا بایەخێکی زیاتر بەم پرسانە بدەین و کێرڤی بەشداریی زانکۆ لەم ڕووەوە ڕووی لەهەڵکشانە.

*** باسی پاڵپشتیی زانکۆتان کرد، هەڵبەتە پەیوەندیی نێوان زانکۆ و دامەزراوەکانی حکومەت پێکەوە کاریگەریی باشیان دەبێت لەسەر پێشخستنی وڵات، لەم ڕووەوە زانکۆی سەڵاحەدین تا چەند نزیکە لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی حکومەت؟**

- ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و بایەخێکی زۆری بە پرۆسەی خوێندنی باڵا داوە، ئێمەش لە زانکۆی سەڵاحەدین پاڵپشتییەکی باشی کارنامە و بەرنامە وەزارییەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم دەکەین، لە لایەکی دیکەوە گرنگیدان بە فرەچەشنکردنی ئابووری و دۆزینەوەی بەدیلی نەوت ئاسۆیەکی فراوان بۆ کۆلێژ و بەشەکانمان دەکاتەوە و ئەو بەشانە دەبووژێنێتەوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بووژانەوەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بوارەکانی دیکەوە هەیە، بۆ نموونە ئێمە لە کۆلێژی ئاداب بەشێکی نوێی گەشتوگوزارمان کردەوە و لەگەڵ بەشی شوێنەوارمان لەیەکتر دا، گەشەکردنی وڵات و حوکمڕانیی باش پێویستی بە پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ هەیە، کە لەگەڵ گۆڕانکاری و سەردەمەکەدا بگونجێت و، پرۆگرامەکانی خوێندنیش لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێنین و، پەیوەندیی تۆکمە لە نێوان زانکۆ و گەورە کۆمپانیاکان دروست بکەین، چونکە دواجار قوتابی مافی خۆیەتی بچێتە بەشێك کە لە دوارۆژدا هەلی کاری دەست بکەوێت، لە ئێستادا بۆ گونجاندنی پرۆگرامەکان لەگەڵ بازاڕی کاردا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لێژنەی پێك هێناوە، بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامی سەرجەم بەشی کۆلێژەکان لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستاندا.

*** باسی حکومەتت کرد، وەکو سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین دەمانەوێت، ڕاوبۆچوونت لەسەر حوکمڕانی و بەتایبەتی ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بزانین؟**

- سەرەتا با لە ڕێککەوتنەکەوە دەست پێ بکەین، ڕێزدار مەسرور بارزانی لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بوو لەگەڵ بەغدا، دەرکردن و ناردنە دەرەوەی نەوت و فرۆشتنی جگە لەوەی کارێکی یاسایی و دەستووری بوو، هاوکات بۆ دابینکردنی مووچە و بودجە و پاراستنی قەوارەکە بوو لە شەڕی داعش و بەردەوامیی دەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە ئێستاشدا ئەم ڕێککەوتنە لە لایەن خەڵك و نوخبەی وڵاتەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە و خەڵك دڵخۆشە کە زامنی مووچە و دابینکردنی سیولەی نەختینەیی دەکات، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهانیش پاڵپشتییان لێ کردووە، سەبارەت بە حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، لەم کابینەیەدا چاکسازی و گۆڕانکارییەکان دوور بوون لە دەستتێوەردان و ئەجیندەی حزبی، کارەکانی حکومەت بۆ بەرژەوەندیی هەرێم و بەهێزکردنی بووە، ناکرێت وەزیرەکانی حزبێك کە لە بەردەم پەرلەمان سوێندی یاساییان خوارد، بە ڕۆژ لە حکومەت بن و بە شەویش خۆیان و حزبەکەیان ئۆپۆزیسیۆن بن، کاتێك حزبێك لە بانگەشەی هەڵبژاردندا دروشم و بەرنامەی خۆی بە دەنگدەرانی ڕادەگەیەنیت لە ناو حکومەت ئەو دروشم و ئەجیندەیە تەنیا بۆ خەڵك و بووژانەوە و حوکمڕانی بەکار دەهێنیت، ئومێدەوارم حزبەکانی کوردستان پابەندی ئەم دیسپلین و داواکاری و خواستەی هاووڵاتیان بن.

*** بەپێی ڕیزبەندی جیهانیی ئاستی زانکۆی سەڵاحەدین بێت کە لە ڕیزبەندی ٢٠٠٠ ـەکانی زانکۆ جیهانییەکاندا ناوتان هاتووە، دەبێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ زانکۆکانی جیهان لە**

**پێش ساڵێک لەمەوبەر زانکۆی سەڵاحەدین لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە ڕیزبەندی ٣٠٠٠ ـەکان بوو، لە ئێستادا ١٠٠٠ پلە هاتووینەتە پێشەوە**

**ئەمساڵ لە سەرجەم کۆلێژەکاندا لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی کار و چالاکی و وۆرکشوپ و سیمینارمان ڕێک خستووە، گرنگییەکی زۆرمان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان داوە**

**لە سیمینار و وۆرکشوپەکاندا گرنگیی زۆرمان بە پرسی گەنجان و بێکاری و هۆکاری لاوازیی ئینتمای نیشتمانی داوە، بەردەوامیش هاندەر بووین لە توێژینەوەکانی زانکۆدا بایەخێکی زیاتر بەم پرسانە بدەین**

**ئاستێکی باش و بەرزدا بێت، ئایا زانکۆی سەلاحەدین چۆن دەڕوانێتە ئەم پەیوەندییانە؟**

- زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکاندا هەیە، لە ئێستادا لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتی ئیتاڵیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی کیشوەری ئەورووپا و زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران پەیوەندیی باشمان هەیە، لەگەڵ زانکۆکانی هەریەك لە وڵاتانی دراوسێی (ئێران و تورکیا) ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی خوێندنی باڵا هەیە، لەگەڵ وڵاتی ئوردنیش بەشی فڕۆکەوانیمان هەبوو، دوایین بەشداریکردنمان لە کۆنفرانسی یەکێتیی زانکۆکانی عەرەبی لە وڵاتی تونس ئەنجامدرا، کە زیاتر لە ١٥٠ زانکۆی عەرەبی بەشدار بوون، ڕێککەوتنی لێکتێگەیشتنمان واژۆ کردووە و ئامادەیی تەواویان نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی زانکۆی سەلاحەدین، هەروەها لەگەڵ زانکۆیەکی ئوردنی – ئەڵمانی کە هەر قوتابییەك لەو زانکۆیە چوار ساڵ بخوێنێت، دەبێت کۆتا ساڵی لە وڵاتی ئەڵمانیا بخوێنێت، ئامادەییان نیشان دا بەوەی دوو قوتابیی ماستەر بە بێ بەرانبەر بنێرینە ئەو زانکۆیە.

*** دەستپێکردنی پرۆسەی پێشکەشکردنی کورسیی خوێندن بۆ دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا ڕاگەیەندرا، چاوەڕوان دەکرێت لە زانکۆکەتان زۆرترین کورسیی بڕوانامەی باڵا بە خۆڕایی و پاراڵێل پێشکەش بکرێت، ئایا ئەو پرۆسەیە چۆن بەڕێوە دەڕوات؟**

- هیچ زانکۆیەك بێ خوێندنی باڵا سەرکەوتوو نابێت، دوای ئەوەی تا ساڵی ٢٠١٩ خوێندنی باڵا نەکرابووەوە، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاری دا ساڵانە خوێندنی باڵا بکرێتەوە، بۆ ئەمساڵ زۆرترین ژمارەی کورسیی خوێندنی باڵا تەنیا لە زانکۆی سەلاحەدین ڕاگەیەندرا کە نزیکەی ١٧٤٤ دەرچووی زانکۆ بوو، کورسییەکانیش بەپێی کۆمەڵێك پێوەری زانستییانە و ڕێکوپێك دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا وەردەگیرێت، کە ڕەچاوی شەفافییەت و دادپەروەریی تێدا دەبێت، لە زۆربەی پسپۆڕایەتییەکاندا کورسیمان هەیە و لەسەر ئەم کورسییانەش قوتابیان کێبڕکێ دەکەن و بە پێی کۆمەڵێك مەرج و ڕێنمایی قوتابی و ٤٥٪ داشکانی نرخی خوێندنیش لە پاراڵێل دەکرێت.

*** باسی گرنگیی دروستکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدینت کرد، ئەمە بەکوێ گەیشتووە؟**

- یەکێك لە کێشە گەورەکانی زانکۆی سەلاحەدین نەبوونی کەمپی زانکۆیە، بە خۆشحاڵییەوە لە دوا دیداری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی گفتوگۆمان لەسەر گرنگیی ئەم زانکۆیە و چۆنیەتی پێشخستنی ئاستی زانستی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کرد، ڕەزامەندیی نیشان دا بۆ جێبەجێکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین و چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەیەکی کورتدا بەردی بناغەی بۆ دانرێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت.

*** پێش چوار ڕۆژ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەگەڵ بەڕێزت سەردانی بەشە ناوخۆییەکانتان کرد، وەکو ئاشکرایە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین ژمارەیەکی زۆری قوتابی لەخۆگرتووە، ئایا تاچ رادەیەك توانیوتانە پێداویستیەکانی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابی دابین بکەن؟**

- زیاتر لە ٥ هەزار قوتابی لە بەشی ناوخۆیی ١٨ شوبات و شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و حەوت بەشی دیکەی ناوخۆیدان، ئەم ژمارەیەش زۆرە و بەڕێوەبردنی کارێکی ئاسان نییە، بۆ نموونە تەنیا بۆ کڕینی گازوایل بۆ ئیشپێکردنی بۆیلەری ئاو گەرمکردنەوە مانگانە پێویستیمان بە ١٠٠ ملیۆن دینار هەیە تاوەکو ئاوی ناو بەشە ناوخۆییەکان بۆ قوتابیان بەگەرمی بمێنێتەوە کە بۆ گەرمکردنەوەش بەکار دەهێنرێت، لەم مانگە پیرۆزەی رەمەزاندا کۆمپانیای کار بۆ هەر ٣٠ ڕۆژەی مانگی رەمەزان بەشە خۆراکی بۆ بەربانگ بۆ قوتابیان ئامادەکردووە، سەبارەت بەداواکاریی و پێداویستییەکانی قوتابیانیش من خۆم بەردەوام بەدواداچوونی دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان دەکەم و بەپێی توانای دارایی گرفتەکانمان بۆ چارەسەر کردوون.

**گەشەکردنی وڵات و حوکمڕانیی باش پێویستی بە پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ هەیە، کە لەگەڵ گۆڕانکاری و سەردەمەکەدا بگونجێت و، پڕۆگرامەکانی خوێندنیش لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێنین**

**لە ئێستادا بۆ گونجاندنی پڕۆگرامەکان لەگەڵ بازاڕی کاردا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لێژنەی پێک هێناوە، بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆگرامی سەرجەم بەشی کۆلێژەکان لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستاندا**

**ڕێزدار مەسرور بارزانی لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بوو لەگەڵ بەغدا**

# کابینەی نۆیەم و چەسپاندنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش

ئەوەی لە جاڕنامە و بەرنامەی کاری ڤیەننای ساڵی ١٩٩٣ ددانی پێدا نراوە، ئەوەیە دیموکراسییەت وەکو ئایدیالێکی باڵا لەسەر خواستی ئازادانەی گەلان دامەزراوە، بێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەوەش بە مەبەستی دیاریکردنی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی گەلانە و لە پێناو بەشداریکردنیانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بابەتگەلێکن بە یەکەوە گرێ دراون و پاڵپشتی یەکتر دەکەن، بێگومان ئازادیی تاك بەشێکە لە بنەمای سەردەمی مۆدێرنیتە و ناکرێ لە چوارچێوەی ئازادییە بنەڕەتییەکان دابڕێندرێت، ئەو کەسەی ئازادیی سیاسی ئامانجی بێت، پێویستە زمانی ددانپێدانان، دیالۆگ، نێوەندگیری، فرەیی، گفتوگۆ و هاوبەشی بزانێت و خۆی نەخزێنێتە ناو لۆژیکی جیاکاری و گۆشەگیری و سەربازگەری و پێکدادانەوە، ئاشکرایە کەوا ستەمکاری و چەوساندنەوە و زەوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێگریکردن لە هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی ئازادی و سەپاندنی دیفاکتۆ دژ بە مرۆڤبوونی مرۆڤە.

**ئازادیی تاک بەشێکە لە بنەمای سەردەمی مۆدێرنیتە و ناکرێ لە چوارچێوەی ئازادییە بنەڕەتییەکان دابڕێندرێت**

**ستەمکاری و چەوساندنەوە و زەوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێگریکردن لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی ئازادی و سەپاندنی دیفاکتۆ دژ بە مرۆڤبوونی مرۆڤە**

ئەوەی پەیوەست بێت بە هەرێمی کوردستانەوە، دەکرێت بە ڕاشکاوی بڵێین، کەوا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان توانیویەتی بە سیاسەتێکی حەکیمانەی هاوسەنگ ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێنسانسی هەرێمدا بگێڕێت، ئەویش لە ڕێگەی بونیادنانی هێڵێکی گشتیی نیشتمانی و ئاوەدانکردنەوە و تۆکمەکردنی ژێرخان و ڕێگریکردن لە پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتیی بەرجەستە، ئەم سەرکردایەتییە ئەزمووندار و پراکماتیکە سەرکەوتوو بووە لە ئیدارەدانی جیاوازییەکان و فرەییدا، بە عەقڵییەتی دیالۆگ و تێگەیشتن کاری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی واقیع کردووە و توانیویە ڕواڵەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاری ئەرێنی و دەستکەوت بگۆڕێ.

حوکمڕانیی باش لە هەرێم ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە لە ئاشنابوون بە دیموکراسییەت، بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو چەمکە و دروستکردنی وەرچەرخان و گۆڕانکاریی دیموکراسییانە، کە بە دڵنیاییەوە تەنیا لە ڕێگەی چاکسازیی هەستیارانە و دلێرانەوە دەستەبەر دەکرێن. خۆشەویستی کوردستانیان بۆ ئەو سەرکردە سیاسییە کاریزما و کارایانەی، کە بە هەڵوێستە بنچینەییە بەهێزەکانیان و بە پابەندبوونیان بە بەڵێنەکانیان ناسراون، بەردەوم لە گەشەسەندایە، ئەم سەرکردە حەکیمانە بۆ ئایندەسازی کار دەکەن و بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆ گرتووە و لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و چارەسەکردنی کێشە ناوخۆیی و هەرێمییەکاندا گەلی کوردستانیان کردووە بە هاوبەشی خۆیان.

کابینەی نۆیەم لە سایەی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی، باوەڕی تەواوی بە کرانەوە و فرەیی و دیموکراسییەت هەیە، کە بەشێکە لە باوەڕ و نەریتی گەلی کوردستان، بۆیە ئەم کابینەیە دەرفەت دەڕەخسێنێت و ئاسۆ لە بەردەم هێزە زیندووەکان و دینامیکی داهێنەرانەدا دەکاتەوە.

**کابینەی نۆیەم لە سایەی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی، باوەڕی تەواوی بە کرانەوە و فرەیی و دیموکراسییەت هەیە، کە بەشێکە لە باوەڕ و نەریتی گەلی کوردستان**

ڕێزدار سەرۆکی حکومەت کاری لەسەر نەهێشتنی سنووری چەقبەستووی نێوان کۆمەڵگە و کەلتوورەکان کردووە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی سیستمێکی سیاسیی سەردەمییانە و ڕێبەریکردنی کۆمەڵگە بەرەو کەناری ئارام.

کابینەی نۆیەم توانی لە ماوەی یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیدا متمانە بۆ گەلی کوردستان بگەڕێنێتەوە و ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە و زیاتر لە یەك ملیار دۆلار قەرز بداتەوە و، ڕێگەوبانەکانی هەرێمی کوردستان باشتر و ئابووریی هەرێم فرەچەشن بکات و، شکۆمەندیی تاك و مافە بنەڕەتییەکانی بەهێزتر بکات و، تا ڕادەیەکی زۆر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات و، پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵگەیی هان بدات و، کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەهێز بکات و، کەرتی بانکی لە ڕێگەی پرۆژەی (هەژماری من) زیندوو بکاتەوە و، کەرتی کشتوکاڵ ببووژێنێتەوە و بەرەو پێشەوەی ببات و، کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهان تۆکمە و توندوتۆڵتر بکات و، یەکگرتوویی کۆمەڵگە لە هەوڵەکان بۆ پەرتەوازیی بپارێزێت و، ئاسایشی نیشتمانی یەك بخات و، کەشێکی لەبار بۆ



**دکتۆر سامان سۆرانی**
پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیەت
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاشتەوایی لەسەر ئاستی هەرێم و عێراقی فیدراڵ فەراهەم بکات.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە سایەی کابینەی نۆیەمدا لە هەموو کاتێ زیاتر وەکو هاوبەشێکی بەهێز و گرنگ دادەنرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی متمانەی پێ دەکرێت، بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا.

بۆیە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەم هاوبەشییە و کار بۆ بەرزترکردنی ئاستی ئەو هاوبەشییە دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا بگاتە ئاستی هاوپەیمانێکی ستراتیژی.

هەرێمیش لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و پرۆگرامی چاکسازیی پێشمەرگەدا لە ڕووی ئاسایشییەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان سوورە لەسەر پابەندبوون و هەماهەنگیی بەردەوام.

کابینەی نۆیەم بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دیپلۆماسیی ئارام لە پێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ ژینگەی هەرێمی و وڵاتانی دراوسێدا، دوور لە سیاسەتەکانی گرژی نواندن و دروستکردنی جەمسەری ڕکابەری و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، پێی وایە تەلارسازیی ئاسایشی ناوخۆیی و هەرێمیی لە دیالۆگەوە سەرچاوە دەگرێت و، دیالۆگ بە دەنگێکی میانڕەوانە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی خێرا لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە پەسەند دەزانێت بۆ دەستەبەرکردنی کۆدەنگیی نێوان لایەنەکان و نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان.

کابینەی نۆیەم گرنگی بە دەستکەوتەکان دەدات و هەوڵی باشترکردن و زیاترکردنیان دەدات، چونکە سەرۆکی حکومەت پێی وایە، تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەکرێ پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە تۆکمەتر بکەین.

ئەوەی لەم کابینەیە بە سوودی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم تۆمار کراوە، گەواهیدانی وڵاتان و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانە، بەوەی کە حکومەتی هەرێم بەرانبەر بە دۆسییەکانی پەیوەست بە ناکۆکی و ململانێی هەرێمی و گەمە نێودەوڵەتییەکان بێلایەنیی هەڵبژاردووە و مەبەستی نەبووە لە پێناو بەرژەوەندیی کاتیدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر هاوسەنگی و سەقامگیریی هەرێمی هەبێت.

ئەمڕۆ جوگرافیای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆشبەختانە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە و هەرێمی کوردستان دورگەیەکی ئارامە لە ناوچەیەکی پڕ پاشاگەردانیدا، گرینگیدانی کابینەی نۆیەم بە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان و بەرزڕاگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، لە باوەڕی قووڵی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و ڕێبازی مستەفا بارزانی-یەوە سەرچاوەی گرتووە، کە باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە مافی گەلی کوردستان و هێنانە دیی خەونی نەوەی ئایندە، تا بتوانێ بە ئازادی و شکۆمەندی بژی.

کابینەی نۆیەم توانی بە مکووڕبوونی لەسەر بەکارهێنانی زمانی دیالۆگ بەرامبەر بە عێراقی فیدراڵ، فەرهەنگ و زمانی هەڕەشەی سیاسیی باو لە عێراقدا بگۆڕێت، ئەمەش بووە هۆکاری لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا، دواجار بینیمان چۆن ڕێککەوتنی مێژوویی لە نێوان حکومەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی و حکومەتی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانیدا دروست بوو لەسەر چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت، ئەوەش بە گرتنەبەری هەموو ڕێکارە دەستووری و یاساییەکان بوو بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکان و پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان.

کابینەی نۆیەم سەرکەوتووانە کاری لەسەر بەهێزترکردنی کوردستان کرد و زۆربەی ئەو بەڵێنانەی هێنایە دی کە لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی لە ١٠ی تەمووزی ساڵی ٢٠١٩ بە گەلی کوردستانی دابوو.

سەرکەوتن بۆ ئەو کەسەیە لە کاتی سەرهەڵدانی پەتای کۆرونا و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغدا و درووستبوونی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت بۆ ٢٠ دۆلار و بوونی چەندین کێشەی دیکە، لە بەرپرسیارێتی نەترسا و ئامانجی سەرەکیی تەنیا ئەوە بوو چۆن وەکو پێشمەرگەیەکی دڵێر باشتر خزمەتی گەلەکەی بکات، تا لە ئاست متمانەی میللەت و هاووڵاتیانی کوردستاندا بێت.

**ڕێزدار سەرۆکی حکومەت کاری لەسەر نەهێشتنی سنووری چەقبەستووی نێوان کۆمەڵگە و کەلتوورەکان کردووە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی سیستمێکی سیاسیی سەردەمییانە و ڕێبەریکردنی کۆمەڵگە بەرەو کەناری ئارام**

**کابینەی نۆیەم توانی لە ماوەی یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیدا متمانە بۆ گەلی کوردستان بگەڕێنێتەوە و ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە و زیاتر لە یەک ملیار دۆلار قەرز بداتەوە**

**هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەم هاوبەشییە و کار بۆ بەرزترکردنی ئاستی ئەو هاوبەشییە دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا بگاتە ئاستی هاوپەیمانێکی ستراتیژی**



کەریم سلێمان بۆ گوڵان:

# بۆ ئازادکردنی شنگال زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگە شەهید و نزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگە بریندار بوون

**کوردانی ئێزدی ڕووبەڕووی کارەسات و کۆمەڵکوژیی زۆر بوونەتەوە، بەتایبەتی لە دوای هاتنی تیرۆریستانی داعشەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان و خودی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکیان کردووە بۆ بەرگریکردن لە ماف و پێگەی ئێزدییەکان، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ کەریم سلێمان ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی کوردانی ئێزدی و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لە شەڕی دژی داعش و پاشانیش ئەو کۆمەڵکوژییەی لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش دژی کوردانی ئێزدی ئەنجام دران، سەرۆك بارزانی بە شەخسی هاتە گۆڕەپانی شەڕەکە و بەڵێنی پێدان کە تۆڵەی ئەو کارەساتە لە تیرۆریستانی داعش دەکاتەوە، بەڵێنەکەی خۆیشی بردە سەر، ئایا ئەم داکۆکییەی سەرۆك بارزانی لە ئێوە چ مێژوویەکی لا دروست کردوون؟**

- من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردانی ئێزدی لە شنگال و هەندێ دەڤەری دیکەی ئێزدییان لە نزیك قەزای شێخان، وەك کۆمەڵگەی بابیرێ، ئەوا لەو کاتەدا شاندێکمان پێکهێنا کە پێکهاتبوو لە جێگری میری ئێزدیان و بابەشێخ و ژمارەیەك لە کەسایەتیی ئێزدیی شنگال و ولاتێ شێخ، بۆ ئەوەی هاواری خۆمان بە جەنابی سەرۆك بارزانی بگەیەنین. ئێستاش جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەموو دانیشتن و کۆبوونەوەیەکدا باسی ئەوە دەکات، ئەو ڕۆژەی هێرش کرایە سەر شنگال و کوردانی ئێزدی هیچ کاتێك لە بیر ناکرێت. لە هەقیقەتیشدا ئێمە وەك شاندەکە چووینە خزمەتی و بینیمان جەنابی سەرۆك بارزانی چەند خەمبار و دڵتەنگ بوو بەو کارەسات و جینۆسایدەی بە سەر کوردانی ئێزدیدا هاتبوو، هەر ئەو کاتەش بڕیاری دا و فەرمووی هەرچی لە تواناددا بێت و بتوانم بیکەم، ئەنجامی دەدەم لە پێناو کەرامەت و شکۆی کوردانی ئێزدی، هەر ئەو کاتە ئەو ئاخافتن و بڕیارەی خۆی جێبەجێ کرد و خۆیشی ڕاستەوخۆ چەندین ڕۆژ لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا بوو، کە ژمارەیەکی مەزن کە زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و نزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگەش بریندار بوون لە پێناو ڕزگارکردنی شنگال، ئەوە بوو سەرۆك بارزانی بە سەرێکی بەرز و بە شکۆمەندی لەسەر چیای شنگال پەیامی خۆی ڕاگەیاند کە بڕیار و بەڵێنی خۆی گەیاندە جێ و شنگالی لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرد، ئەوە بۆ ئێمەی کوردانی ئێزدی ڕۆژێکی مێژوویی بوو. من لە دیدارێکی جەنابی سەرۆك بارزانی ئامادە بووم، فەرمووی ئەو خۆشەویستەی لەلای ئێمە بۆ کوردانی ئێزدی هەیە، لە ڕێبازی مەلا مستەفای بارزانی -یەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە جەنابی مەلا مستەفا دەیفەرموو: «من بە چاوی خۆشەویستییەکی مەزنەوە دەڕوانمە کوردانی ئێزدی، لەبەر ئەوەی ئەوان دوو زوڵمیان لێ دەکرێت، زوڵمێکیان لەبەر ئەوەیە کە نەتەوە و زمانی ئەوان کوردی ڕەسەنە، زوڵمەکەی دیکەش کە دەرهەقیان دەکرێت، لەبەر ئایینەکەیانە»، لەلایەکی دیکەوە بۆ بەهەندوەرگرتن و پێزانینی ئێمە وەك کوردانی ئێزدی لە سەرانسەری دەڤەری ئێزدیان، لە باعەدرێ و شێخان و خانکێ و ئەو ڕێگەیەی بەرە و سەحێلا و بەرەو پێشەوەی بەرەی جەنگەکە کە جەنابی سەرۆك بارزانی دەهات، پێشوازییەکی زۆر گەورە و گەرمی لێ دەکرا، کە من و جەنابی میر و بابەشێخ و چەندین کەسایەتیی کوردی ئێزدی لەسەر ڕێگەی سەرەکیی باعەدرێ کە بۆ پیرمان دەگەڕایەوە، لە خزمەت و پێشوازیدا بووین، چونکە ئەو کار و هەڵویستەی جەنابیان ئەنجامی دا لە ڕزگارکردنی شنگال و دەڤەری کوردانی ئێزدی، مێژووییە و قەت ناتوانین لە بیری بکەین.

**داواکارین کۆتای ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت**

**سەرۆک بارزانی بە سەرێکی بەرز و بە شکۆمەندی لەسەر چیای شنگال پەیامی خۆی ڕاگەیاند کە بڕیار و بەڵێنی خۆی گەیاندە جێ و شنگالی لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرد**

**پەیوەندیی میری ئێزدیان و جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدیان لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردستان زۆر بەهێز و پتەوە، بەتایبەت لەگەڵ بارەگای بارزانی**

*** جڤاتی ڕۆحانیی کوردانی ئێزدی یەکێکە لەو ئۆرگانە گرنگانەی کە تەعبیر لە ئیرادە و بۆچوونی کوردانی ئێزدی دەکات، ئایا ئەم جڤاتە ئەرکە سەرەکییەکانی چین و چۆن هەماهەنگی لەگەڵ بارەگای بارزانی و دامەزراوەکانی حکومەت دەکات بۆ داکۆکیکردن لە مافی کوردانی ئێزدی؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییان لە پێنج کەس و چەند ڕاوێژکار پێک دێت (کە من یەکێکم لەو ڕاوێژکارانە) سەرۆکی جڤاتی ڕۆحانی میر حازم تەحسین بەگە و ئەندامەکانی جڤاتەکەش بابەشێخ و پێشیمام و شێخی وەزیر و مەزنێ و قەواڵییە، کە ئەو جڤاتی ڕۆحانییە کۆنترین دەزگای ئایینییە لە ناو کوردانی ئێزدیدا، ئەو جڤاتە ماوە و مێژوویەکی زۆرە کاروباری ئایینیی کوردانی ئێزدی بەڕێوە دەبات و پەیوەندیی میری ئێزدییان و جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییان لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردستان زۆر بەهێز و پتەوە، بەتایبەت لەگەڵ بارەگای بارزانی، هەر بۆیە هەر کێشە و ناخۆشییەک، یان پرسیارێک هەبێت، دەیگەیەنینە بارەگای بارزانی، هاوکات هەر داواکاری و کێشە و گرفت و پێویستییەکمان هەبێت، ئاراستەی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی دەکەین، بە هەمان شێوەش دەیگەیەنینە لای جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، لە هەر سێ لاوە جەنابییان دەرگایان واڵا کردووە بۆ جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییان، هەر سێ دەزگای گرنگی کوردستان بۆ هەر داوا و ماف و کێشەیەکی ئێمە بەو پەڕی ئامادەییەوە ڕاستەوخۆ هەوڵی جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی دەدەن.

**هەر سێ دەزگای گرنگی کوردستان بۆ هەر داوا و ماف و کێشەیەکی ئێمە بەو پەڕی ئامادەییەوە ڕاستەوخۆ هەوڵی جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی دەدەن**

*** سەبارەت بە کۆتای ئێزدییەکان لەسەر ئاستی عێراق، هەست دەکرێت کۆتایەکی کەمە لە چاو ژمارەی کوردانی ئێزدی لە عێراقدا، ئایا هەوڵتان نەداوە ئەو کۆتایە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیاد بکرێت؟**

- مخابن کۆتای کوردانی ئێزدی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا تەنیا یەک کورسییە، ئەگەرچی دەنگی کوردانی ئێزدی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆر لەوە زیاترە، بەڵگەش ئەوەیە پێنج کەسی کوردانی ئێزدی هەن کە سێیان لەسەر فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەک ئەندامیش لەسەر یەکێتی و ئەندامێکیش کۆتایە، کە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کوردانی ئێزدی ئەوەندە دەنگەیان هەبێت کە پێنج کەس بتوانێت وەک کوردی ئێزدی بچنە ئەنجومەنی نوێنەران، بۆیە هیچ مانایەک هەڵناگرێت کە کوردی ئێزدی تەنیا یەک کورسیی کۆتای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبێت، هەر بۆیە ئەو بابەتەمان پێش ئێستا بەرزر کردووەتەوە و گەیشتووەتە دادگای فیدراڵیی عێراق، دادگای فیدراڵییش بۆ ئەمە بڕیاری داوە کە یەک کورسیی کۆتا بۆ کوردانی ئێزدی لە بەغدا کەمە و دەبێت زیاتر بکرێت، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی جێبەجێ نەکراوە.

**هیچ مانایەک هەڵناگرێت کە کوردی ئێزدی تەنیا یەک کورسیی کۆتای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبێت**

*** کوردانی ئێزدی بێجگە لە سنووری پارێزگای نەینەوا، لە سنووری پارێزگای دهۆکیش لە چەند ناوچەیەک هەن، بەڵام لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای دهۆک کەمتر نوێنەرانی کوردانی ئێزدی لە هەڵبژاردنەکان دەردەچن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای دهۆک دەنگی پێویست ناهێنن، ئایا ئێوە وەک جڤاتی ڕۆحانی هەوڵتان نەداوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی چارەسەرێک بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە؟**

- بێگومان ئەو پرسیارە دوو بابەتە، بابەتی یەکەم پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هەیە، کە جگە لەو پێنج ئەندامەی کوردانی ئێزدی لە ئەنجومەنی نوێنەران، پێویستە بەلای کەمەوە کورسییەک وەک نوێنەری کوردانی ئێزدی لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا و کورسییەکیش لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک بۆ کوردانی ئێزدی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبێت، چونکە کوردی ئێزیدی چۆن لە شنگال و نەینەوا دەژین، ئاواش لە پارێزگای دهۆک هەن، لایەنی دووەمی پرسیارەکە ئەوەیە کە لە چەندین شوێن و ناوچەی دهۆک کوردی ئێزدی دەژین وەک (باعەدرێ و کۆمەڵگەی خانکێ و شاریا و ١٣تا١٤ گوندیش لە دەڤەری ئیدارەی زاخۆ) کوردی ئێزدی تێیاندا دەژین و ژمارەیەک لە کوردی ئێزدی لە ناو سەنتەری شاری دهۆک و هەولێر و شوێنی دیکەی هەرێمی

کوردستان دەژین، بەڵام دەبینین کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستان کۆتای نییە، بەڵام ئێمە لەبەر تایبەتمەندیی ئایینەکەمان چەندین جار داوامان کردووە کە پێویستە کۆتامان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت.

*** ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو، سەرەتای ئەمساڵ پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی بە جینۆساید ناساند، ئایا ئێوە وەك کوردانی ئێزدی چۆن سەیری ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دەکەن و، چەند پەرلەمانی دیکە ئەم کۆمەڵکوژییەی بە جینۆساید ناساندووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بڕیارێکی زۆر گرنگ بوو کە لە ٢٠ خاڵ پێك دێت، کە پەیوەستن بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی ئێزدی و هاوکاری و هەماهەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها ئەمە دەبێتە بڕیاری ژمارە ١٣، چونکە ١٢ وڵاتی دیکە پێش ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دادنیان بەوەدا ناوە کە جینۆساید دەرهەق بە کوردانی ئێزدی ئەنجام دراوە. هەروەها ئەم بڕیارە گرنگە، بە تایبەت بۆ ئەو کوردە ئێزدییانەی ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس دەبێت لە وڵاتی ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە چارەسەری کێشە و کاروباری ئەو پەنابەرە کوردانەی ئێزدی بدرێت.

*** لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنێك لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بە ناوی (ڕێککەوتنی شنگال) واژۆ کرا بۆ ئەوەی بارودۆخی شنگال ئاسایی بکرێتەوە و دەست بە ئاوەدانکردنەوەی بکرێتەوە و ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا و ئاوارەکانیش هەر نەگەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، ئایا هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێککەوتنە بۆچی دەگەڕێتەوە و کێ ڕێگرە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە؟**

- من پێم وایە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی شنگال بە گشتی و بۆ کوردانی ئێزدی بەتایبەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگالە، چونکە ئەو ڕێککەوتنە سێ خاڵی سەرەکی تێدایە، یەکەم پەیوەستە بە ئاساییکردنەوە و سەقامگیرکردنی دۆخی ئاسایشەوە، دووەم پەیوەندیدارە بە بواری کارگێڕی و سێیەمییان بە بواری خزمەتگوزارییەوە، لە ڕاستیدا حکومەتی هەرێم ئامادەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق کەمتەرخەمە، ئەوەی لەم ڕووەوە گرنگە ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگالی کردووەتە یەکێك لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق.

**۱۲ وڵاتی دیکە پێش ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دادنیان بەوەدا ناوە کە جینۆساید دەرهەق بە کوردانی ئێزدی ئەنجام دراوە**

*** بوونی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال فاکتەرێکی دیکەی ڕێگرە بۆ گەڕانەوەی خوشك و برا ئێزدییەکان بۆ شنگال، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە چەندین کوڕ و کچی ئێزدییان ڕفاندووە و بە زۆر چەکداریان کردوون و ڕێگەیان نادەن کەسوکارەکانیشیان بیانبینن، ئایا پەکەکە چی لە کوردانی ئێزدی دەوێت؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە پێشتریش ئەوەمان دووپات کردووەتەوە کە پەکەکە دەتوانێت چالاکیی خۆی لە کوردستانی تورکیا ئەنجام بدات، بەڵام ئەوە بوو پەکەکە هاتە شنگال و شەڕێکیان لەگەڵ داعش کرد، هەموو خەڵکی ناوچەکە و کوردانی ئێزدی ئەو کات و ئێستەش سوپاسیان دەکەین بۆ ئەو هاوکارییە، بەڵام ئێستا نە داعش و نە شەڕ لە ناوچەکە ماوە و پێویستە شنگال چۆڵ بکەن، چونکە بوونی پەکەکە لە شنگال نەبووەتە هۆکاری سەقامگیری و بەرقەراریی ئاسایش و گەڕانەوەی خەڵکەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونەتە هۆکاری تێکدانی زیاتری بارودۆخەکە و ناسەقامگیری لە شنگال، پەکەکە کردەوەکانیان زۆر خراپە و جێگەی قبووڵ نییە کە هەڵدەستن بە ڕفاندن و فریودانی کچان و کوڕانی کوردانی شنگال و چەکدارکردنیان، هەر بۆیە ڕۆیشتنی پەکەکە لە شنگال دەبێتە خزمەتێکی باش و بەرچاو و گەڕانەوەی تا ڕاددەیەك لە ئاسایش و سەقامگیری بۆ بارودۆخەکە، ئێمە دەمانەوێت و ئەمە داخوازیی هەموو کوردانی ئێزدی و شنگالیشە کە ئەو هێزە یاسایی و دەستوورییە، بەتایبەت ئەو هێزی پۆلیسەی کە بەپێی ڕێککەوتنی شنگال دادەمەزرێت، شنگال و سنوورەکە بپارێزن.

**بوونی پەکەکە لە شنگال نەبووەتە هۆکاری سەقامگیری و بەرقەراریی ئاسایش و گەڕانەوەی خەڵکەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونەتە هۆکاری تێکدانی زیاتری بارودۆخەکە و ناسەقامگیری لە شنگال**



# پاداشتی خێر و چاکەکانمان لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز

دەربارەی پاداشتی چاکەکاری خوای گەورە دەفەرموێت:
(مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ ۗ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ) (٢٦١)

واتە: نموونەی ئەو کەسانەی لە ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناو خودای گەورە، وەکو نموونەی ئەو دەنکە دانەوێڵەیە وایە کە دەیچێنێت و دواتر حەوت گوڵ دەردەکات و، لە هەر گوڵێك سەد دانە دەنکە دانەوێڵەی تێدایە (کۆی گشتی دەبێتە حەوت سەد دەنك) ئەگەر خودای گەورە حەزی لێ بێت، بۆ کەسانێك کە (بڕوایان پتەوترە، یان چاکەکانیان بە باشترین و جوانترین شێوە دەبەخشن)، چەند قات زیاتری دەکات، بێگومان خودای باڵادەست موڵکی زۆر فراوانە و زانایە بە هەموو شتێك .

لە ئایەتی دواتر دەفەرموێت:
(الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى ۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) (٢٦٢)

واتە: ئەو کەسانەی لە سەروەت و سامانەکانیان دەبەخشن لە پێناو خودای گەورە، دواتر لەسەر کارەکانی نە منەت بە سەر هەژاراندا دەکەن و نە ئەزیەتیشیان دەدەن (لە کاتی پێدانی هاوکاری و لە ڕووی دەروونی)، جا ئەو کەسانە پاداشتیان لە لای خودای گەورەیە و هیچ ناخۆشی و ترسێك لەسەریان نییە.

پێغەمبەری نازدارمان لە بارەی بەخشین چەندین فەرموودەی هەیە لەوانە دەفەرموێت :
(اتَّقوا النَّار ولو بشقِّ تمرةٍ فإنْ لم تجِدوا فبكلمةٍ طيِّبةٍ) ڕواه البخاري ومسلم.
واتە: خۆتان لە ئاگری (دۆزەخ) بپارێزن، ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت، ئەگەر ئەوەشتان لە تواناندا نەبوو، ئەوە بە وشەی جوان .

بێگومان ئەگەر کەسێك بە بەخشینی لەتە خورمایەك بتوانێت خۆی لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت، ئەی ئەو کەسانەی خێری ئێجگار گەورە ئەنجام دەدەن، خوای گەورە ئاخۆ چۆن پاداشتیان دەداتەوە؟ لەوانە:

١: دروستکردنی مزگەوت بە چەندین دەفتەر دۆلار .
٢: دروستکردنی نەخۆشخانە .
٣:دروستکردنی قوتابخانە .
٤: دروستکردن و کڕین و دابینکردنی خانوو بۆ منداڵانی بێ باوك و نەخۆش و هەژار .
٥:هەڵکەندنی بیری ئاو بۆ گەڕەك و گوندەکان بە شێوەی خێرخوازی.
٦: دابینکردنی جلوبەرگ بۆ منداڵی بێ باوك و هەژار و ئاوارە .
٧: نەشتەرگەریکردنی نەخۆش لەسەر ئەرکی خۆیان بە خێر .
٨:دابینکردنی ئازووقە و نەفت و پێداویستیی ڕۆژانە بۆ هەژاران.
٩: دانەوەی قەرز لە جیاتی کەسانێك کە قەرزارن و تونای دانەوەی قەرزەکەیان نییە .
١٠: هاوکاریکردنی قوتابیانی هەژار .

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت :
(مَن سَتَر أخاه المسلمَ سَتَره اللهُ في الدُّنيا والآخرةِ ومَن فرَّج عن مسلم كُربةً فرَّج اللهُ عنه كُربةً من كُرَبِ يوم القيامةِ واللهُ في عونِ العبدِ ما كان العبدُ في عونِ أخيه .)
واتە: هەر کەسێك عەیب و کەموکوڕیی برایەکی موسڵمانی خۆی داپۆشێت و ستری بکات، خودای گەورە لە دونیا و ڕۆژی قیامەت کەموکوڕی و عەیبەکانی دادەپۆشێت و ستری دەکات، هەر کەسێکیش ناخۆشی و ئازار و بارقورسییەك لەسەر موسڵمانێك لا ببات، ئەوە خودای گەورە ناخۆشییەکانی قیامەتی لەسەر لادەبات،

**ئەگەر کەسێک بە بەخشینی لەتە خورمایەک بتوانێت خۆی لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت، ئەی ئەو کەسانەی خێری ئێجگار گەورە ئەنجام دەدەن، خوای گەورە ئاخۆ چۆن پاداشتیان دەداتەوە؟**

**هەر کەسێک عەیب و کەموکوڕیی برایەکی موسڵمانی خۆی داپۆشێت و ستری بکات، خودای گەورە لە دونیا و ڕۆژی قیامەت کەموکوڕی و عەیبەکانی دادەپۆشێت**





## مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی

بەڕێوەبەری مزگەوتەكان و پشكنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف
كارگێڕی لقی هەولێری یەكێتیی زانایان

خودای گەورە هاوكاریی بەندەكەی دەكات، مادام بەندەكە هاوكاریی براكەی دەكات .

هەر لەسەر بەخشین و چاكەكاری پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت :

(الصدقةُ على المسكين صدقةٌ، وعلى القريبِ صدقتان: صدقةٌ وصِلَةٌ).

واتە: بەخشین بە هەژارێك كە نایناسی، یان خزمت نییە، ئەوە یەك بەخشینە، بەخشینیش بە كەسی نزیكت، ئەوا دوو چاكەیە، یەكەمیان بەخشینە و دووەمیان جێبەجێكردنی سیلەی ڕەحمە .

كاتێك لە هەندێك بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەبینین كە خانوویەك دەكرێتە دیاری بۆماڵێكی بێ باوك، یان پەككەوتە، یان زۆر هەژار كە لە خۆشییان دەست دەكەن بە گریان و سوجدەی شوكر بۆ خودا دەبەن و نازانن بە چ زمانێك سوپاسی خێرخوازان و دەزگا خێرخوازییەكان بكەن، من بەش بە حاڵی خۆم لە شوێنی خۆمەوە لەگەل ئەوان فرمێسكی خوشی دەبارێنم و دەست دەكەم بە دوعاكردن بۆ خێرخوازان و دەزگا خێرخوازییەكان . بۆیە گرنگە مرۆڤی ژیر و عاقڵ لە پێش خۆی توێشوو بۆ قیامەتی بنێرێت و، قیامەتی خۆی بە چاكە و سەدەقەی دونیا ئاوەدان بكات .

وەكو مامۆستایەكی ئایینی نموونەم زۆر لایە لەسەر بەخشین، ماڵێك هەبوون ژنەكە هاوژینەكەی لە ڕووداوێكی هاتوچۆ لە دەست دابوو، خۆیشی لە ڕووداوەكەدا زامدار بوو، ئەو ژنە بە دوو سێ منداڵەوە لە ماڵی خەسووی دەمێنێت و خەسوویشی باری دارایی زۆر لەو خەراپتر بوو، خێرخوازێك مانگانە (٥٠) هەزار دیناری بۆ بڕیبوونەوە، ڕۆژێكیان منیش لەگەڵی چووم و هەندێك ئازووقەی خێرخوازانیشمان بۆ بردن، لەوێ لێم پرسی: چیتان پێویستە؟ گوتی: تەباخمان نییە لەسەر تەباخی ماڵی خەسووم چێشت لێ دەنێین، هەندێك جار منداڵە بچووكەكەم كە تەمەنی پێنج ساڵە داوای هێلكە و ڕۆنێك دەكات، ناتوانم بۆی دروست بكەم. منیش گوتم: خێر دەبێت ئینشاڵڵا كە گەڕامەوە لە لای خزمێك باسم كرد، كە دووكانی ئەشیای كارەبایی هەیە، خوا لێی خۆش بێت ئێستا مردووە، گوتی: كام تەباخت پێ جوانە لە دووكانەكەم دەستی لەسەر دانێ و دیاری منە بۆ ئەوان، منیش دانەیەكی باشم هەڵبژارد و لەگەڵ ئەو برادەرە بۆمان برد، لەو كاتەی تەباخەكەمان هێنایە خوارەوە و لە ناوەندی حەوشە مقەبا و نایلۆنی سەریمان كردەوە و دەستم بەسەر منداڵەكە هێنا و گوتم: ئەوە هی مامەیەكە بۆ تۆی ناردووە، ئەوجا هەر هێلكە و ڕۆنی بخۆ، منداڵەكە لە دەوری دەسووڕایەوە و ماچی دەكرد، من ۆ هاوڕێكەشم بە چاوی پڕ فرمێسكەوە هاتینە دەرەوە و توانای خواحافیزیشمان نەبوو.

> **هەرچی دەكەیت لە چاكەكاری ئەوا خودای گەورە زۆر لەوە باشترت پێ دەبەخشێتەوە**

بۆیە دەڵێم ئەی خواپێداوان دڵی منداڵی بێ باوك و هەژار و نەدارەكان خۆش بكەن، با خودای گەورەش دڵتان خۆش بكات. چونكە ماڵ بە بەخشین كەم ناكات، ئەوەش فەرموودەی پێغەمبەری خودایە.

> **گرنگە مرۆڤی ژیر و عاقڵ لە پێش خۆی توێشوو بۆ قیامەتی بنێرێت و، قیامەتی خۆی بە چاكە و سەدەقەی دونیا ئاوەدان بكات**

وەكو دیارە مامۆستایانی ئایینی و خێرخوازان هەردەم بە دوای هەژاران و لێقەوماوان و ئاوارەكاندا دەگەڕێن كە جێگەی دەستخۆشییە .

جا ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە مامۆستایانی ئایینیی پایەدار زیاتر ئاگاداری بن و فێڵیان لێ نەكرێت، چونكە خەڵكانێك كە زەكات و سەرفیترە و سەدەقەكانیان دەدەن بە مامۆستا بۆ ئەوەی بیدات بە هەژاران، جا خەڵكانێكی فێڵباز و لەخوانەترس هەن، لایەنی عاتفی مامۆستا و خێرخواز و خەڵكی ڕادەكێشن و فلیم و سیناریۆیەك دروست دەكەن و جاری وا هەیە دەیدەن بە كاناڵەكان و سۆشیال میدیا بۆ ئەوەی هاوكارییان بكرێت. بەڵام لە بنەڕەتدا كەسێكی هەژار و لێقەوماو نییە و بگرە تەڵەكەبازە و فێل لەو خەڵكە دەكات .



# کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانییانی ئەنفال دەکەن



ئاشکرایە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە خەڵکی کوردستان زۆرن و نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە هەندێ لەو تاوانانە برینی هێندە قووڵ و بەسوێیان جێ هێشتووە کە هەرگیز سارێژ نابن. تەعریب و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران، گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتین کە ڕژێمی بەعسی عێراق بە دەڕندانەترین شێوە لە دژی کوردستانییان پیادەی کردووە. لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ئافرەتان هەم بوونە قوربانی و هەم خاوەنی قوربانی بوون، ئێستا ئەوان هەزاران چیرۆکی ناخهەژێنیان لە ناخدایە. هەر یەکەو خاوەنی چیرۆکی خۆیەتی، کە بریتین لە سەردەمی ڕۆژانی تاڵی ژیانیان لە زیندانەکانی سەماوە و نوگرە سەلمان و تۆپزاوە، ئەو چیرۆکانەش پڕن لە ئازار و برسێتی و تینوویەتی و دەستدرێژیکردن بۆ سەر جەستە و دیمەنەکانی دابڕانی دایك و باوك لە منداڵەکانیان و برا و خوشك و هاوسەرەکان لە یەکتری و جیاکردنەوەیان، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



پرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و لە شەش ناوچەی جوگرافیی باشووری کوردستان و بە هەشت قۆناغ ئەنجام دران، سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ کۆتایی هات، ئەم شاڵاوە بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی (٤٠٠٠) گوند و (٤) قەزا، (٣٠) ناحیە و (٣١٠٠) مزگەوت و (١٠٠) کڵێسا، لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە بووە هۆی بەتاڵانبردنی دوو ملیۆن سەر مەڕومالات و ئاژەڵ و زیانی زۆری مرۆیی و ژینگەییشی لێ کەوتەوە.

قۆناغەکانی شاڵاوی جینۆسایدکردن- ئەنفال

١٩٨٨/٢/٢١ تا ١٩٨٨/٣/١٨: یەکەم قۆناغ کە لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێ کرد.

١٩٨٨/٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٣/١٤: قۆناغی دووەم کە لە ناوچەی قەرەداغ دەستی پێ کرد.

١٩٨٨/٣/٣١ تا ١٩٨٨/٤/١٤: قۆناغی سێیەم کە لە گەرمیان دەستی پێ کرد.

١٩٨٨/٤/٢٠ تا ١٩٨٨/٤/١٨: قۆناغی چوارەم کە لە ناوچەی گۆپتەپە، عەسکەر، شوان، قەڵاچوغە، دەشتی کۆیەی دەستی پێ کرد.

١٩٨٨/٥/٢٤ تا ١٩٨٨/٨/٣١: قۆناغی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم کە ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندزی گرتەوە.

١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٩/٦: کە ناوچەکانی بادینانی گرتەوە.

هاوکات قۆناغەکانی ئەنفالی بارزان چوار قۆناغ بوون:

قۆناغی یەکەم: لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) ژمارەیەك لە کەسایەتی و شێخانی بارزان جینۆساید کران.

قۆناغی دووەم: لە(١٩٨٣/٧/٣١) لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بە ناوی (قودس و قادسیە) ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکان لە ڕەگەزی نێر زیندەبەچاڵ کران.

قۆناغی سێیەم: لە (١٩٨٣/٨/١٠) پیاوان و کوڕانی بارزانییەکانی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و حەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو...) کۆمەڵکوژ کران.

قۆناغی چوارەم: لە (١٩٨٣/١٠/١) ئەم جارەیان زۆر چڕتر لە جارەکانی دی ماڵ بە ماڵ زۆر بە وردی گەڕان، هەرچی نێرینەی بارزانی مابوون، دەستگیرکران و پاشان کۆمەڵکوژ کران.

نەشمیل جەوادی تەمەن ٥٦ ساڵ، یەکێکە لەو هەزاران کەسانەی کە خۆی و خزمانی نزیکی بەر پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کەوتوون و بەم جۆرە باسی نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی دەکات: «خۆم و دایك و خوشك و براکانم بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتین، ساڵی ١٩٨٨ لە ترسی سوپای عێراقی و جاش و مستەشارەکان خۆمان لە دەرەوەی ئاوایی حەشار دەدا، شەوانە لە دەشت و دەر دەماینەوە، ڕۆژێك هاتن چوار دەوری گوندەکەیان داین و گەورە و ژن و پیاو و منداڵیان بە زیلی عەسکەری گواستنەوە، دوو شەو لە قۆڕەتوو ماینەوە، دوای ئەوە شەوێکیش لە تۆبزاوە ماینەوە، ئەو شەوە دەستیان لە کەس نەدەپاراست، بە ژن و پیاوەوە لێدانمان خوارد، هەر لە تۆبزاوە ژن و پیاو و پیریان لە یەکتر جیا کردەوە، گەنجەکانیش بە هەمان شێوە جیا کرانەوە، ئینجا بەرەو دبز ڕایانگواستینەوە و شەش مانگ و دوازدە ڕۆژ لە دبز ماینەوە، تاوەکو لێخۆشبوونی گشتی دەرکرا، ئەوکات ئازاد کراین، ماوەی ئەو شەش مانگە ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی زۆرمان چەشت، من ئەو کات دووگیان بووم، پاشان لە زیندان منداڵەکەم لە دایك بوو، بێ ئەوەی هیچ پێداویستی و جلوبەرگێکم لابێت زۆر بە زەحمەت بەخێوم کرد، لەسەر زەوی دەمخەواند و پارچە مقەبام دەخستە ژێری، ئێستا ئەو کچەم لە کفری مامۆستایە و دایکی سێ منداڵە، لەو زیندانەدا هەر چوار دەورەمان دیوار و سیم بوو، تەنیا ئاسمانمان لێ دیار بوو، ڕۆژانە خەڵکەکەیان قافڵە قافڵە بە ئۆتۆمبێلی سەوزی موقەپەت دەبردن بۆ زیندانی نوگرە سەلمان، یەکەم قافڵە دایکم و خوشك و براکانم لای ئێمە گوازرانەوە، کاتێك دایکم و منداڵەکانیان برد، من زۆر هەوڵم دا بمبەن بۆ لای ئەوان و نەمویست لێیان داببڕێم، یەکێك لە عەسکەرەکان پێی گوتم: هەی نەگبەت ئەوانە دەبرێنە بیابان و نیوەیان لە ڕێگە دەمرن و بەشێکیشیان زیندەبەچاڵ دەکرێن. سەرەنجام ئەوان هەموویان تیاچوون، تەنیا من ڕزگارم بوو، من ئێستا شەش برام و چوار خوشکم و دایکم و باوەژنم و برازاکانم ئەنفالن و تا ئێستا بێ سەر و شوێنن و ڕوفاتەکانیشیان

**لە ترسی سوپای عێراقی و جاش و مستەشارەکان خۆمان لە دەرەوەی ئاوایی حەشار دەدا، شەوانە لە دەشت و دەر دەماینەوە**

**لە زیندان منداڵەکەم لە دایک بوو، بێ ئەوەی هیچ پێداویستی و جلوبەرگێکم لابێت، زۆر بە زەحمەت بەخێوم کرد، لەسەر زەوی دەمخەواند و پارچە مقەبام دەخستە ژێری**

**شەش برام و چوار خوشکم و دایکم و باوەژنم و برازاکانم ئەنفالن و تا ئێستا بێ سەر و شوێنن و ڕوفاتەکانیشیان نەهاتنەوە**



نەهاتنەوە.بەداخەوە نە حکومەتی هەرێم، نە حکومەتی عێراقی وەکو پێویست قەرەبوویان نەکردینەوە، بەشێکی زۆری وارسی ئەنفال خانوویان بۆ دابین نەکراوە، منداڵی قوربانییانی ئەنفال دوای تەواوکردنی خوێندن دانامەزرێن و زۆربەیان بە هۆی هەژارییەوە کرێکاری دەکەن، منداڵە جاش و مستەشارەکان ڕێز و حورمەتیان دەگرن و بارودۆخ و مەعیشەتیان زۆر لە منداڵە شەهید و ئەنفال باشترە. داواکارین لانیکەم ڕوفاتی ئەنفالەکان بگەڕێننەوە زێدی خۆمان و ئێمەی خاوەن شەهید و ئەنفال بچینە سەر گۆڕی کەسوکارەکانمان و بە فرمێسکڕشتن کەمێك دڵمان ئارام بێت. بەداخەوە ڕوفاتی ئەنفالی گەرمیان تەنیا بەشێکی کەمی گەڕاوەتەوە».

قەمەری تەمەن ٦٠ساڵ، دانیشتووی کەلارە و سەبارەن بەو کارەساتانە دەڵێت: «لە ١٤ ی ٤ی ١٩٨٤چەند ڕۆژێك پێش پرۆسەی ئەنفال، براکەم کە پێشمەرگەی پارتی بوو، شەهید کرا، بە ناوی (شەهید سەنگەر) من ئەو کات لەماڵ نەبووم لە خورماتوو بووم. ڕۆژێك جەیشی عێراقی بەسەر دێیەکەمانیان دا و باوکم و دوو برام لەگەڵ منداڵەکانیان ئەنفال کران، سەرەتا برانە دوبز، لەوێش بۆ بەندیخانەی ئەبوو غرێب، ئینجا برانە زیندانی نوگرە سەلمان، دوای شەش مانگ منداڵەکانیان هاتنەوە، بەڵام براکانم تا ئێستا بێ سەر و شوێنن، باوکم لە نوگرە سەلمان عەمری خوای کرد و ئێستاش گۆڕەکەی لە نوگرە سەلمانە، دوو خوشکم یەکیان شەش منداڵ و ئەوی دی هەشت منداڵی هەبوو، تا ئەمڕۆش خۆیان و منداڵەکانیان بێ سەروشوێنن، براژنێکم خۆی و نۆ منداڵی ئەنفالن و بێ سەروشوێنن، کاتێك جەیش هاتنمە دێیەکەمان زۆربەی ماڵەکانیان سووتاند و فەرهود و تاڵان کراین، لە کەلار ماڵ نییە ئەنفالی نەبێت، دوای هەموو ئەوانە تەنیا دایکم و خوشکێکم و چەند برازام گەڕانەوە. داواکارین ڕووفاتەکانیان بێننەوە بۆ ئەوەی کەمێك دڵمان ئارام بێتەوە چیدیکەش چاوەڕێی گەڕانەوەیان نەکەین و لە حەسرەتی هاتنەوەیان بە ئازارەوە نەمرین. داواکارین مووچەکانمان لە کاتی خۆیدا پێ بدەن نەك ٤٥ ڕۆژ جارێك».

ئاسکە کەسوکاری ئەفال کراون و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من دوو برا و خوشکێکم و براژنم و دوو برازام ئەنفال کراون و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، دوای ئەوەی برانە قۆڕەتوو کەس هیچی لەبارەوە نەزانین و تا ئەمڕۆش بێ سەر و شوێنن. وەکو وارسی ئەنفال قەرەبوو نەکراومەتەوە، هەمیشە داواکاری ئەوەمان هەبووە ئاوڕ لە وارسی ئەنفال و شەهیدان بدرێتەوە و بارودۆخ و مەعیشەتمان باشتر بکرێت، بەڵام داواکارییەکانمان بێ ئەنجامن. وەکو کەسێکی ئەنفالکراو و کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالی گەرمیان داواکارین گرنگیی زیاتر بە کەسوکار و وارسی ئەنفالکراوان بدرێت و دۆخی دەروونی و تەندروستیمان لەبەرچاو بگیرێت».

عیسمت سەعید تاقانەی ئەنفالە و یەکێکە لە شاهیدەکانی دادگاییکردنی سەدام ئەویش بەم جۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات: «لە ١٤ی٤ لە ناوچەکەمان لە دەوروبەری کەرکووك پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دەستی پێ کرد، ژن و پیاو و پیر و منداڵیان ڕاپێچ کرد و بە زیلی عەسکەری گوازرانەوە بۆ توبزاوە، لە وێ لەژێر فشاری دەروونی و برسێتی و ئەشکەنجەدان ماوەی سێ مانگ ژیانمان بەسەر برد، لە زیندان زۆربەی خەڵکەکە تووشی نەخۆشی پێست و سکچوون بوون، زۆربەی منداڵەکان و کەسە پیرەکان گیانیان لە دەست دا، پاشان گوازراینەوە بۆ سجنی نوگرە سەلمان، لەوێش هەمان ئێش و ئازار و ئەشکەنجەدان بوونی هەبوو، سەرەڕای برسێتی و تینوویەتی و پیسیی ناو نوگرە سەلمان کە بەشێکیان تووشی نەخۆشی بوون و زۆربەشیان مردن، تەنانەت خەڵکانێك زیندەبەچاڵ کران، هەروەها ئیهانەکردن و تەعەدداکردن و قسەی نەشیاو لەلایەن ئەفسەرانی بەعس بەتایبەت لەلایەن (حەجاج و شەمخی وحەمزە حەلاوی کەس لە بیری ناچێت. کەسوکاری ئەنفال هیچیان بۆ نەکراوە و قەرەبوو نەکراینەوە، زۆریان لە ژیان نەمان بە هۆی تەمەن گەورەیی هیچیان بۆ نەکرا».

**منداڵی قوربانییانی ئەنفال دوای تەواوکردنی خوێندن دانامەزرێن و زۆربەیان بە هۆی هەژارییەوە کرێکاری دەکەن**

**داواکارین لانیکەم ڕوفاتی ئەنفالەکان بگەڕێننەوە زێدی خۆمان و ئێمەی خاوەن شەهید و ئەنفال بچینە سەر گۆڕی کەسوکارەکانمان و بە فرمێسکڕشتن کەمێک دڵمان ئارام بێت**

**دوو خوشکم یەکیان شەش منداڵ و ئەوی دی هەشت منداڵی هەبوو، تا ئەمڕۆش خۆیان و منداڵەکانیان بێ سەروشوێنن**



# دراما و تراژیدیای کورد بەرەو کوێ؟



فەرهەنگ غەفوور

دراما و سینەما لە ناو گەلاندا ئاوێنەنمای ژیانی ڕابردوو و ئێستایانن و تیایدا داهاتووش ڕەنگرێژ دەکەن، ئەویش لە ڕێی ئەو دەق و سیناریۆیانەی پەیوەست بە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگەکانیان دەینووسن و دایدەڕێژن و، دواتر لە ڕێی ستافێکی ئەکادیمی کارای دڵسۆزەوە کە ئینتمایان بۆ گەلەکەیان و نیشتمانەکەیان و هونەرەکەیان هەیە کاری لەسەر دەکەن و، دەیکەنە بابەتێکی درامای تەلەفزیۆنی، یان فیلمی سینەمایی و لەوێوە مێژوو، داب، کەلتوور و داهێنان و دونیابینیی خۆیان بۆ ناوخۆ و بۆ گەلانی دیکەش نمایش دەکەن و پەیامی خۆیان دەگەیەنن. زۆر نموونەی باڵا لە دراما و فیلمی سینەمایی لە جیهاندا هەن، بەداخەوە لە ناو هەموویاندا تەلەفزیۆنەکانی ئێمە پەنا دەبەنە بەر دۆبلاجی هەندێك لە هەرە خراپەکانیان، کە نە لەگەڵ ئادابی ڕەسەنی کۆمەڵگاکەماندا دێنەوە و نە پەیامەکەیشیان بە قازانجی ئێمەیە.

ئەدی سەبارەت بە بەرهەمی خۆماڵیمان؟ دراما و سینەمای نەتەوەیی خۆمان لەکوێدایە و چ پەیامێکی هەیە و کاریگەرییەکەی چی بووە و چی دەبێت؟

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە گەلەکەمان لە باشووری کوردستان لە شۆڕش و خەباتی ڕزگاریدا بوو، شۆڕش و پێشمەرگە بەرامبەر بە گەورەترین دوژمنی شۆڤێنی لە عێراقدا وەستابوونەوە، هاوشان لەگەڵ خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە، هونەرەکان بەگشتی و لە ناویاندا درامای کوردی جێی ئومێدی گەل بوو، سەرباری ئەو هەموو کۆتوبەند و ڕێگرییانەی بەردەمی، کەچی قوتابخانەیەك بوو بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و

بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و کوردستانی، کە بە سەردەمی زێڕینی هونەری شانۆ و درامای کوردی دادەنرێت لە باشووری کوردستان.

بەداخەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، ئەگەرچی خاوەن هەموو دامەزراوەیەکی خۆماڵیین و دەزگا و دامەزراوەی هونەریی تایبەت بە شانۆ و سینەما و تەواوی هونەرەکانی دیکەمان هەن و ئەکادیمیای هونەریمان هەن، ئەگەرچی زەخیرەیەکی ئێجگار زۆر لە بابەتی گەورە و بێوێنەمان هەن، کە بایی سەدەیەك کاری داهێنان دەکەن، لەوانە بابەتەکانی ئەنفالکردنی خەڵکی سڤیلی گەرمیان و بادینان و ئەنفالکردنی خەڵکی سڤیلی بارزانییەکان لە ئۆردوگاکان و و ڕووداوەکانی ناو گرتووخانەکانی تۆبزاوە و نوگرەسەلمان و عەرعەر و زیندەبەچاڵکردن و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەم ئەنفالکراوانە لە دەشتەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ڕاگواستن بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و سووتاندنی هەزاران گوند و ئاوایی، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و گۆپتەپە و بالیسان و شێخ وەسانان و وەرتێ و بادینان، لەسێدارەدانی هەزاران گەنج و تێکۆشەری کورد، ڕاپەڕین و کۆڕەو و شەڕی داعش و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و هەموو ئەو چیرۆکە تراژیدیایانەی لەو ڕووداوانەوە کەوتوونەتەوە، کە بە سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و هەزاران دایك جەرگیان سووتاوە و هەزاران ئافرەت کۆستیان کەوتووە و دەیان هەزار منداڵ بێ باوك بوون و هەزاران کەس بە مین و تەقەمەنییەکان کەمئەندام بوون، ئەمە و جگە لە سەدان داستانی جوامێری و ئەوین و خۆڕاگری و گیانبەختکردن، کەچی نەمانتوانی ئەو کەرەستە زۆروزەوەندە بکەین بە بابەتی داهێنانی دراما و فیلمی سینەمایی و، لەو ڕێیەوە پەیامی خۆمان بگەیەنینە دونیا و، لەولاشەوە کەلتوور و ئاسایشی نەتەوەیی و لایەنە ڕۆشن و جوانەکان بپارێزین، هەروەها ئەو ستەم و زوڵم و زۆردارییەی لێمان کراوە بە ئەرشیفی بکەین و وەك بابەتی هۆلۆکۆست بیکەین بە کەرەستەی هونەری و پەیامی نەتەوەیی و بیگەیەنینە جیهان. ئەوە لایەنێکە و بەرپرسیارییەکەی لە ئەستۆی هەموومانە، بە ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و حکوومەت و خەڵکیشەوە.

هەرچی سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی و هونەریی کارەکەیە، ئەوەش زیاتر ئەرکی کەسانی پسپۆڕی بوارەکەیە، کە نەخشەڕێگەی بۆ دابڕێژن و تێکەڵەیەك لە مێژوو و چیرۆکی واقعی ژیانی مەرگەساتی گەلەکەمان و سیناریۆی پڕ بە پێستی بابەت و مۆسیقا و لۆکەیشن و پێگەیاندنی کادیر و کاراکتەری هونەری بەسەریەکەوە بکەن بە سوپایەك لە هونەر و، دڵسۆزانە و خۆنەویستانە ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر بە هونەر و گەل و نیشتمان جێبەجێ بکەن.

دەبێ سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین و پەنا ببەینە بەر ئەوانەی لە شۆڕشی هونەریی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون و ئەمڕۆ بوونەتە ئەستێرەی گەش و درەوشاوە لە دونیای هونەردا و لە جیهاندا پێگەی بەرز و ئیعتباریان هەیە. پێویستە ڕەخنەگرانی بواری هونەر، بەتایبەت کە بابەتەکە لەسەر دراما و سینەمایە، پەنجە لەسەر هەڵە و کەموکووڕی و ناتەواوییەکان دابنێن و نەخشەیەکی ڕۆشن لە کار و داهێنان بخەنە بەردەم نەوەیەك، کە ئێستا بە ئەکادیمییانە پێدەگات و پێویستیان بە پاڵپشت و ڕێنمایی و دەستگیرۆیی هەیە.



# یەک پەیکەر گەواهییە

ئەوانەی بە شاباڵی هونەر دەفڕن، بەرز دەفڕن، ئێمەش بە بەرهەم و جێ دەستیان سەرسام دەبین یان مەست و مەندەهۆش. دارا حەمە سەعید (١٩٤٦- سلێمانی) نیو سەدەیە وەك پەیکەرتاشێکی بەرجەستە و فرە توانای کوردستان، لە ناوەندی هونەری وڵاتمان ناسراوە. یەك بەرهەمی ئەو بەسە بۆ ئەوەی هونەرناس، پەی بە پێگەی بەرزی ئەو پەیکەرسازە فرە توانایە ببات.

تاریق کارێزی




ئەم هونەرمەندە ئاشق بە هونەرەی کوردستان، زۆر کەم دەردەکەوێت، کەمتر بەرهەمی خۆی نمایش دەکات. کپ و بێدەنگ لە گۆشەی تەنیاییدا، کار دەکات. بەدەم خواستی ئاشقانی هونەرەکەی، لەم ماوەیەی دواییدا بەرهەمێکی خۆی بەدەم وێنەیەکی خۆییەوە، لە سۆشیال میدیا بڵاو کردەوە. بەرهەمەکەی پەیکەرێکی بازنەیی شێوە میدالیایە، بە مەزندە تیرەی بازنەی پەیکەرەکە لە نێوانی (٥٠ تا ٦٠)سم دەبێت. لە چەقی بازنەکەشدا بازنەیەکی دیکە هەیە، ئەویش بە مەزندە تیرەکەی لە نێوان (١٥ تا ٢٠)سم دەبێت، جووتێك ئەسپی بە شێوەی پەیکەری هەڵتۆقیو، لە نێو چەقە بازنەکەدا، چێ کردووە. ئەو چەقە بازنەیەی بە قووڵدا بردووە، ئیدی لە نێو ئەو بازنە بچووکەی ناوەڕاستی بەرهەمەکەیدا، ئەو جووتە ئەسپەی دروست کردووە. ئەو جووتە ئەسپە هەر یەکەیان لە شێوە جووڵەیەکی جودان. یەکیان لە شێوەی هەڵبەزین و ئەوی دیکەشیان لە شێوەی هەڵسانەوەیە، یەکەمیان لە تەنیشتەوە چێ کراوە، دووەمیان لە تیرەقەی پشتەوە. دوو ئەسپ لە جووتێك ڕوانگەوە و لە دوو شێوە بەرنیگای جیاوازەوە، جوانییەکی سیحراویی بە بەرهەمەکە داوە، لە هەمان کاتدا کارامەیی هونەرمەند و بێ منەتیی ئەو لە ئاست هونەری پەیکەرتاشی دەخاتە ڕوو.

لەم میدالیا بازنە پەیکەرەدا، شتێك زۆر جێی سەرنجە، جێی تێڕامانە. ڕەوە ئەسپێك بە خولگەی بازنەکەدا دەسووڕێنەوە. قەبارەی ئەسپەکان، بە دەسپێك لە بازنەی چەقی بەرهەمەکەوە بەرەو لاپەڕ و لێواری بازنە سەرەکییەکە، وەك قەبارە لە گەورەوە بەرەو بچووك دەچن. ئەم شێوە نیشاندانەی ڕوانگە لە نیگاردا باوە و بەجێ گەیاندن و پەیڕەو کردنی نەریتێکی چەسپاوە، بەڵام بەرجەستە کردنی لە پەیکەردا، کارێکی فرە زەحمەت و بە ئەرکە. دارا ئەو فرە زەحمەت و پڕ ئەرکەی بەجێ گەیاندووە.



نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، فۆرمی ئەسپ وەك فیگەر، بەرجەستە کردنی بۆ هونەرمەند، نیشانەی کارامەیی، نەخێر ئەو پەڕی کارامەیی لە پیشەکەیدا پیشان دەدات. بە بڕوای من، زاڵ بوون بەسەر کردەی بەرجەستە کردنی هەردوو فۆرمی مرۆڤ و ئەسپ لە هونەری شێوەکاریدا، گەواهییەکی گەورەیە بۆ توانا و بڕستی هونەرمەند و پێگەی ئەو لە هونەر و پیشەکەیدا. مامۆستا دارا حەمە سەعید کە لە تەنیا بەرهەمێکی خۆیدا، دەیان ئەسپ بە پەیکەر پیشان دەدات، نیشانەیەکی بەرجەستە و گەواهییەکی بەهانەبڕە، سەبارەت بە باڵادەستیی ئەو لە هونەری پەیکەردا.



هەرین هەڤاڵ:

یاریزانی هەڵدانی قورسایی

# هیوادارم ئەم یارییە بچێتە قۆناغێكی باشتر




*** چۆن بوو بڕیارت دا یاریی گۆڕەپان و مەیدان هەڵبژێریت؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزشیم هەبووە.

*** هەست ناكەیت یارییەكی قورست هەڵبژاردوە؟**

-بێگومان هەموو وەرزشێك قورسیی خۆی هەیە، بەڵام خۆشەویستیت بۆ یارییەكە قورسی كەم دەكاتەوە.

*** پێشكەوتن و سەركەوتنی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- ئەگەر هەوڵبدەیت ئامانجی باش بەدەست دەهێنیت، وە دەتوانیت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێش بكەویت.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە كوردستان؟**

- بایەخێكی باشی پێ نەدراوە، لە ئایندەشدا بڕوا ناكەم باشتر بێت و لە ئاستێكی زۆر

**پارێزگای سلێمانی هەموو کات پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی یاریی گۆڕەپان و مەیدان، یانەکانی ئەو شارە و یاریزانانی شارەکە پێشەنگی یانەکانی کوردستان و عێراقن، کچە یاریزانانی شاری سلێمانی لە زۆربەی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیان کردووە، هەر چەندە گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەکو پێویست گرینگی پێ نەدراوە، بەڵام سلێمانی کۆڵی نەداوە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش کە لە پلەکانی پێشەوەن، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن دەدات و خاوەنی چەندین کچە ئەستێرەیە لەم یارییە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (هەرین هەڤاڵ)ـە کە ماوەیەکە لە ناو گۆڕەپانەکانی کوردستان و عێراقدا دەبینرێت، بەتایبەت لە یاریی هەڵدانی قورسایی بە شدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، هەرین لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە، یاریی بۆ یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی و سەلام کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لی کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



باشدا نابینرێت، وەك گرینگیدان بە یاریزان و نەبوونی گۆڕەپانێکی باش، کە کەلوپەلی تایبەت بە یارییەکان بەردەست نییە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

- گرنگیدان و هاوکاریکردنی یاریزانان بۆ بەشداریکردنیان لەم یارییە.

*** خەونی وەرزشیت لەم یارییە چییە؟**

- دەمەوێت هەوڵی زیاتر بدەم بۆ ئەنجامی باشتر و بەرزتر.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتمان زۆرە وەك نەبوونی یاریگەی باش و هۆڵی داخراو بۆ مەشقەکان لە وەرزی زستان و سەرمادا، چەندین گرفتی تریش.

*** گرێبەستت بۆ نەهاتووە لە یانەکانی دیکە؟**

- لە چەندین یانە داواکراوم بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانیان.

***هیواو ئاواتت لەم یارییە؟**

-هیوادارم بتوانم بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی عێراق بکەم.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن؟**

-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەمیشە لە پشتم بوون و هاوکارییان کردووم بۆ بەردەوام بوونم.

*** سەرکەوتن چی پێ بەخشیویت؟**

- سەربەرزی خۆم و خێزانەکەم، هەوڵدانی زیاتر و نەوەستان لە خەونەکان و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانیان.

*** چی بە بەرپرسانی وەرزشیی دەڵێیت؟**

- هیوادارم زیاتر پەرە بەم یارییە بدرێت و یاریزانەکان زیاتر پشتگیری بکرێن، ئەم یارییەش بچێتە قۆناغێکی باشتر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوباس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ گرنگیدانی بە وەرزشی ناوخۆی و بەتایبەتیش یۆ ئافرەتان.

# کێشەکانی یانەی یۆڤانتۆس بەردەوامە



ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیتاڵیا ئاشکرای کردووە لە نێوان ماسیملیانۆ ئالێگری و یاریزانێکی یانەی یۆڤانتۆس شەڕ و مشتومڕێکی توند روویداوە.
ڕۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئالێگری ڕاهێنەری یۆڤانتۆس لەگەڵ لیاندرۆ پاردێس بووە شەڕ، بەجۆرێك یاریزانەکان کەوتوونەتە نێوانیان بۆ ئەوەی ئارامیان بکەنەوە.
بە گوێرەی هەمان ڕۆژنامە، پارادێس بە تووڕەییەوە مەشقەکانی کردووە دوایین یاریزانیش بووە، کە مەشقەکانی جێهێشتووە، دواتر چووە ژووری جلگۆڕین و گفتوگۆیەکی توندی کردووە و بەڕووی ئالێگری دا تەقیوەتەوە، بەجۆرێك یاریزانەکان هەوڵیانداوە ئارامی بکەنەوە و کەوتوونەتە نێوەندگیری.
ڕۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: پارادێس نیگەرانە لە ئالێگری بەهۆی ئەوەی وەکو پێویست یاری پێ ناکات و زۆربەی کات وەکو یاریزانی یەدەگ بەشداریی پێدەکات، لە زۆر یاریش ڕێگەی پێ نادرێت تەنانەت بۆ یەك خولەکیش یاری بکات.
پارادێس، کە ئەم وەرزە لە پاریس سانت جێرمانەوە بە خواستن هاتووەتە یۆڤانتۆس لە خولی ئیتاڵیا بەشداریی ١٨ یاری کردووە و یەکێکە لەو یاریزانانەی کەمترین خولەك بەشداریی کردووە، لە دوایین یاریی لە خولەکی ٦٣ هاتووەتە نێو یاریگە لە یاریی پێشووتریش لە خولەکی ٨٣ چووەتە نێو یاریگە، ئەمەش ئەو یاریزانەی تووڕە کردووە.

# ریال مەدرید چاوی لە ئەستێرەیەکی ئەرژەنتینییە



یانەی ریال مەدرید نوێنەرێکی خۆی ڕەوانەی ئەرژەنتین کردووە بۆ ئەوەی یاریزانێکی بەهرەمەندی یانەی ریڤەرپلەیت بگوازێتەوە، کە بە مێسیی نوێ ناسراوە.
ماڵپەری فووت مێرکاتۆ ئاشکرای کرد، کە بریکارێکی دۆزینەوەی یاریزانانی ریال مەدریدە ئێستا لەگەڵ یانەی ریڤەرپلەیت لە گفتووگۆدایە بۆ گواستنەوەی (کلاودیۆ ئیچیڤێری)ی تەمەن ١٧ ساڵان.
کلاودیۆ لە ئەکادیمیای یانەی ریڤەرپلەیت پێگەیشتووە لەگەڵ تیپی دووەمی ئەو یانەیە یاری دەکات یاریزانێکی ناوەند و هێرشبەرە، گرێبەستەکەی لە ٢٠٢٥ لەگەڵ یانەکەی تەواو دەبێت، مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی ٢٥ ملیۆن یۆرۆیە، ریال مەدرید ئامادەیە ئەو بڕە پارەیە بداتە یانە ئەرژەنتینیەکە.
بە گوێرەی هەمان ماڵپەرکلاودیۆ لەڕووی کۆنترۆڵکردنی تۆپ و جووڵانەوەی هونەری و خێراییەوە زۆر بەهرەمەندە و بە مێسیی نوێ ناوبانگی دەرکردووە.

# ليڤاندۆڤسكی ناخۆشيەكانی ژيانی ئاشكرا دەكات




فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە بارەی رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری پۆڵەندی یانەی بەرشلۆنە بڵاوکرایەوە، کە تێیدا ئەو یاریزانە دوو ناخۆشترین ساتەوەختی ژیانی باس دەکات.

ژیانی لیڤاندۆڤسکی سەرەڕای ئەوەی پڕە لە نازناو و دەستکەوتی گەورە، بەڵام لە نێو فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی چەندان رووداوی نائومێدی و سەختی ژیانی تێدایە.

فیلمی ئەستێرەکەی بەرشلۆنە، لە ئامازۆن پرایم نمایشکرا، کە تێیدا باس لە تەواوی نهێنییە تایبەتی و کەسییەکان و ژیانی وەرزشی دەکرێت.

ئەو یاریزانە لە ڕێگەی ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییەوە هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی نیشاندا، کە تیایدا باسی خۆشەویستی خۆی بۆ یاری هۆکی سەهۆڵ دەکات، بەڵام مردنی باوکی لە تەمەنی ١٦ ساڵی بە ناخۆشترین و گەورەترین شۆك باس کرد.

لیڤا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سەختترین سات ئەوکاتە بوو، کە ئانای هاوسەری چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی یۆرۆی ٢٠١٦ تووشی لەبارچوونی منداڵەکەیان بوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی دروست کرد بەجۆرێك لە قۆناخی کۆمەڵەکانی یۆرۆ نەیتوانی تەنیا گۆڵێکیش بکات.

لیڤا زیاتر دەڵێت: لەباربردنی منداڵەکەمان هەرچەندە سەخت بوو بۆ ئێمە وەک خێزانێک، بەڵام هەوڵمدا تا دەتوانم سەرنجم لەسەر تۆپی پێ بێت سەرەڕای ئەو شۆك و نیگەرانیانەی مێشکی پڕکردبووم، بەڵام توانیم هەموو شتێك لە هاندەران بشارمەوە هاندەران هیچیان لە بارەی سەختی ژیانی من نەدەزانی تەنیا چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد گۆڵ تۆمار بکەم.

لیڤاندۆڤسکی جەختی لەوەش کردەوە لە پاڵەوانێتی یۆرۆی ٢٠١٦ ڕەخنەی زۆری لێگیراوە بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا هیچ گۆڵێك تۆماربکات ئەگەرچی لە قۆناخی چارەکی کۆتایی گۆڵێکی لە پۆرتوگال کرد، بەڵام بە لێدانی یەکلاکەرەوە هەڵبژاردەکەی دۆڕا و ماڵئاوایی لە یۆرۆی ٢٠١٦ کرد.

# دهۆک هەوڵی ئەنجامی باشتر دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆک ئەم وەرزە جیاواز لە وەرزەکانی دیکەی خولی عێراقی، توانی لە یاریی (پلەی ئۆف)ی عێراقی پلێتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و، بەم ستافەی ڕاهێنەران و یاریزانانیش بەردەوام و بە هەمان نەفس هاتنە نێو یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لە ئێستادا یانەکە دەیەوێت هەنگاوی گەورەتر لە خولی نایاب بهاوێت و ئامانجی خانەکانی پێشەوەی خولەکەیە لە بارەی بارودۆخی یانەکە، لەم بارەشەوە (کاوە ئیبراهیم) ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی دهۆک بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «قۆناغی دووەم قۆناغێکی زۆر زەحمەتە و کۆکردنەوەی خاڵ وا ئاسان نابێت، هەر سی خاڵ بە شەش خاڵ حیسابە و یەك خاڵیش بە سی خاڵ حیسابە، چونکە تیپەکانی سەرەوە کێبڕکێ بۆ خولەکانی عەرەبی و ئاسیاوی دەکەن، تیپەکانی خوارەوەش شەڕی مانەوە دەکەن، بۆ ئێمەش زەحمەتە، چونکە هیچ سەربازگەیەکی مەشقیمان نەکردوە، بەڵام متمانەی تەواومان بە یاریزانانی خۆمان هەیە و هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆ ئەنجامی باش، ئەوەی لەسەرمان بوو وەکو دەستەی ڕاهێنەران، سەکەوتنی تیپەکە بوو بۆ خولی نایاب و کردمان، جگە لەوەش تیپەکە ڕزگار بکەین لە مانەوەی لە خولی نایاب ئەوەشمان تاڕادەیەکی زۆر جێ بەجێ کردووە، جگە لەوەش یاریزانی خولی عێراقیش دەکەین بە یاریزانی خولی کوردستان، ئەوەش بۆ ئێمە دەستکەوتە، ئامانجمان ئەوەیە لە خانەکانی پێشەوە بین، بەڵام هەندێك جار نازانی چ گرفتێك دێتە پێش، ئێمە دەمانەوێ لە خانەکانی یەکەم تاکو پێنجەم بین، تاکە تیپین کە نەمانتوانیوە هیچ سەربازگەیەکی مەشقی بکەینەوە و تەنیا یاریزانمان هەڵبژاردووە، دواتریش بۆ هێنانی یاریزانان کات کۆتایی هاتبوو، هەموو یانەکان یاریزانەکانیان بردبوو، تەنیا دووسی یاریزانمان هێنا لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەر، بەڵام ئێمە وەکو یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران و کارگێڕیی تیپەکەش بە یەك ڕۆحییەت کار دەکەین، ئێستاش تیپەکە لە ڕیزبەندی یانەکان لە پلەی شەشەمدایە بۆ ئێمە زۆر باشە و چاومان لە ئەنجامی باشتریشە لە داهاتوو».





# شەترەنجی خانزاد بەردەوام دەبێت



یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بەردەوامە لە ئەنجامدانی چالاکییە بەردەوامەکانی، بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی شەترەنج لە هەولێری پایتەختی کوردستان، یانەی خانزاد جیاواز لە یانەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام کاروچالاکیی هەیە بۆ ئەوەی یارییە بە زیندوویی پەرەی پێ بدرێت و ژمارەی یاریزانان لەم یارییە ڕوو لە زیاد بوون بکات، لەبارەی ئەنجامدانی چالاکییەکانی یانەکە (دکتۆر دڵزار حەمە ساڵح) سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەی ئێمە بەردەوامە بۆ گرنگیدان بە یاریی شەترەنج، لە داهاتوو پاڵەوانێتی ڕاپیدی نێودەوڵەتی دەکەینەوە، جگە لەوەش لە ٢٦ی ئەم مانگە بەشداری لە گەڕی دووەمی پاڵەوانێتیی یانە نایابانەکانی عێراقی دەکەین، جگە لەوەش بەشداری لە پاڵەوانێتی تازەپێگەیشتوان و لاوانی یانەکانی عێراق دەکەین بۆ ئاستی کچان، جگە لەوەش ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی بەردەوام و کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ یاریزانان و ناوبژیوانان خزمەتەکانی ئێمە بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانین یاریی شەترەنج ببەینە لوتکەی یارییەکان، چاوەڕوانی هەندێك لە بانگێشتنامەکانی دەرەوەی وڵات دەکەین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی عێراقی، بۆ ئەوەی بتوانین بە پێی ئەو توانایەی کە هەمان بەشداری بکەین، یانەکەمان گرنگی بە هەموو ئاستەکانی تەمەن دەدات، ئێمەش هەوڵەکانی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بەم یارییە بکەین و شەترەنجی خانزاد لە لوتکەی یانەکانی عێراقی و کوردستاندا بێت».

## گازی باکوور
## هەوڵی گەیشتن بە خولی عێراقی دەدات



**تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی گازی باکووری سەر بە پارێزگای کەرکووك ئەم وەرزە شان بەشانی یانەکانی دیکەی عێراق و کوردستان بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ گەیشتن بە خولی پلە یەکی عێراقی کردەووە، یانەکە بە کۆمەڵێك یاریزانی شارەکە بەشداریی یارییەکانی خولی پلە دووی یانەکانی عێراقی کردووە، لە کۆمەڵەی باکوور گازی باکوور شان بە شانی یانەکانی بەلەدیاتی موسڵ و شێخان و سلێمانی یاری دەکات، لەبارەی ئاستی تیپەکەش (هەردی نورەدین) یاریدەدەری تیپی تۆپی پێی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە یارییەکانی پاڵاوتنی خولی پلە دووی عێراقی لە کۆمەڵەی باکوور بەشدارین، ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە و لە دوو یاریی سەرەتادا براوە بووین و خاوەنی شەش خاڵین، دەمانەوێت تیپەکە بگەیەنینەوە خولی پلە یەکی عێراقی، ئێمە ماوەی پێنج مانگە لە مەشق و ڕاهێنانین، ئامانجی ئێمە گەیشتنی تیپەکەمانە بۆ خولی پلە یەکی عێراقی، چەند یارییەکی دۆستانەشمان ئەنجام داوە، دەمانەوێت ببینە نوێنەری یانەکانی شارەکەمان بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ تیپەکە سەربخەین بۆ قۆناغەکانی داهاتوو».**

# زیادبوونی کێشی لەش لە مانگی ڕەمەزاندا




هۆکارە هاندەرەکانی زیادبوونی کێشی لەش لە مانگی ڕەمەزاندا ئەمانەن: بە پەلە خواردنی ژەمەکانی پارشێو و بەربانگ، زیاد خواردنی شیرینی و خۆراکی چەور و نیشاستەیی، بەتایبەتی پێش خەوتن بە ماوەیەکی کورت، یان ڕاکشان پاش ژەمێکی قورسی بەربانگ، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە گازی و شیرینکراوەکان کە ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لەخۆدەگرن، کەمکردنەوەی خواردنی سەوزە و میوە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی ریشاڵ لەخۆدەگرن، وەکو پاقلەمەنییەکان، نارێکیی خەو، بۆنموونە نەخەوتن لە ماوەی نێوان بەربانگ و پارشێودا و قەرەبووکردنەوەی بە نووستن لەکاتی ڕۆژدا، کە لە هەندێك کەسدا تا نزیك کاتی بانگ بەردەوام دەبێت، واتە دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی هیچ مەشقێکی وەرزشی، پاش بەربانگکردەوەش گەلێك کەس زۆربەی کاتەکانیان بە دانیشتن بەسەر دەبەن بەرانبەر تەلەڤزیۆن، کە ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ ناوە ناوە خواردنی شیرینی و خواردنەوەی شلەمەنییە گازدارەکان، کە لەوانەیە دانیشتن تا پارشێو بەردەوام بێت. ئەگەر ڕۆژووەوان هەموو ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان زیاتر بە خواردن و نووستن بباتە سەر، ئەی چۆن و کەی جووڵە و مەشقی وەرزشی ئەنجام دەدات بۆ ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش یان قەڵەوی؟

# چەند هەنگاوێکی سادە بۆ سووککردنی پرخە



هۆکاری سەرەکیی پرخە Snoring دەگەڕێتەوە بۆ تەسکبوونەوەی ڕێڕەوەی هەوا لە لووت، دەم، یان لە قوڕگدا و هەروەها ئەو فاکتەرانەی لە توندیی پرخە زیاد و کەم دەکەن، بریتین لە: توێکاریی ڕێڕەوەکانی هەناسە، ئەلکهول، کێشی لەش لەگەڵ شێوازی یان (پۆزیشنی) خەوتن. هەنگاوەکانی سووککردنی پرخە: بەرزکردنەوەی سەر لەکاتی خەوتندا تا گۆشەی ١٠-٣٠ پلە یان بە بەرزی ١٠ سانتیمەتر بە بەکارهێنانی قەریوڵەی تایبەت یان دانانی سەرینی بەرز، نووستن لەسەر تەنیشت کە هاندەرە بۆ زیاتر کرانەوەی ڕێڕەوەکانی هەناسە، دوورکەوتنەوە لە ئەلکهول و جگەرەکێشان پێش کاتی نووستن، پاککردنەوەی لووت پێش نووستن، بەتایبەتی لەکاتی تووشبوون بە هەڵامەت، یان بەکارهێنانی لەزگەری لووت Nasal strips، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوە Hu-midifier لە ژووری نووستندا، دابەزاندنی کێشی زیادی لەش لەوکاتەی کە کێشی زیاد و قەڵەوی هۆکارن بۆ فشارخستنە سەر ڕێڕەوەکانی هەناسە، ئەنجامدانی مەشقی تایبەت بە دەم و زمان و قوڕگ، بەتایبەتی لە کەسانی قەڵەودا بە شێوەی فشاردانی زمان بۆ (سەقفی) سەرەوەی دەم، هەروەها یۆگا، مەلە یان ڕاکردنی سووك.

# هۆکارەکانی دڵەکزێ لە ڕەمەزاندا



دڵەکزێ Heartburn یەکێکە لە گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس کە تووشی ڕۆژووەوانان دەبێتەوە، ئەمەش وایان لێ دەکات کە نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان خۆراك بخۆن لە هەر دوو ژەمی پارشێو و بەربانگدا. هۆکارەکان: خواردنی بڕی زیادی خۆراك لە ژەمەکانی بەربانگ و پارشێودا، زیاد خواردنی خۆراکی چەور و تیژ، زیاد خواردنی شیرینی،ڕاکشان یان نووستن پاش ژەمی بەربانگ، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەرمانەکانی گەدە لەو کەسانەی کە لە لایەن دکتۆر بۆیان تەرخان کراوە، زیاد جگەرەکیشان، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە ترشەکانی وەکو شیرەی لیمۆ و نەعنا یان خورمای هیندی، زیاد خواردنەوی قاوە، زیادبوونی کێشی لەش لە ماوەیەکی کەمدا لەبەر کۆبوونەوەی چەوری لە ناوچەی سکدا، کە پاش خواردن فشار دەخاتە سەر گەدە، ئەمەش هاندەرە بۆ گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك GERD کە زۆر جار دەگاتە قوڕگ.




# بەهاراتەکان سستمی بەرگریی لەش بەهێز دەکەن

ئەمە ڕاستییەکی پزیشکیی سەلمێندراوە کە بەهاراتەکان Spices ڕۆڵیان هەیە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، زیاتر لە ١٠٠ جۆر بەهارات لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ خواردن بەکاردێن، بۆنموونە بیبەری ڕەش، دارچین، قەرەنفل، کاری، هێل، سماق، کەموون، پاوەدری سیر، زەعتەر، زەردەچۆ Tumeric، پاوەدری بیبەری سووری تیژ و شیرین، پاوەدری زەنجەبیل، کەزبەرە Coriander، پوڵ بیبەر، زەعفەران، لەگەڵ پاوەدری نەعناع...تاد. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە گەلێك جۆری بەهارات جگە لە بەخشینی چێژی خۆش بە خۆراکی جۆراوجۆر و بەهێکزدنی سیستمی بەرگریی لەش، چالاکیی دژەبەکتریا و دژەڤایرۆسیشیان هەیە، هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا. دەتوانرێت بەهارات وەکو جێگرەوەی خوێ لە خۆراکدا بەکاربێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، یان سوود لە بەهارات وەربگیرێت وەکو جێگرەوەی چەوری و شیرینی بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، هەروەها گەلێك بەهارات سیفەتی دژەئۆکسانیان هەیە کە ڕۆڵیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەتایبەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ، هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن.

# شەکر هاندەرە بۆ کیسی گورچیلە

ئەگەرچی نەخۆشیی فرەکیسیی گورچیلە PKD نەخۆشییەکی بۆماوەییە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی واشنتۆن هاتووە کە شەکر هاندەرە بۆ دروستبوونی فرەکیسیی گورچیلە، کە بەرە بەرە لە قەبارەدا گەورە دەبن و پڕ دەبن لە شلە، کە لەوانەیە ڕێگە لە کار و فرمانی گورچیلە بگرن و ببنە ئەگەری پەککەوتنی گورچیلە Renal failure کە تەنیا بە گواستنەوەی گورچیلە چارەسەر دەکرێت. گورچیلەکان بە شێوەیەکی ئاسایی شەکر هەڵدەمژنەوە، بەڵام زیادبوونی ئاستی شەکری خوێن دەبێتە ئەگەری ئاوسانی کیسی گورچیلە، ئاماژە بەمەش کراوە کە کیسەکان بە شێوەیەکی خێرا دەئاوسێن و گەورە دەبن لە ئەنجامی هەڵمژینەوەی شەکری گلوکۆز لە لایەن گورچیلەکانەوە بۆ شلەی ناو کیسەکان، کە پاشان ئاویش هەڵدەمژرێتە ناو کیسەکان، بە پێچەوانەشەوە کەمکردنەوەی شەکر ڕێگری لە گەشە و ئاوسانی کیسەکانی گورچیلە دەکات.



# کەمبوونەوەی شلە لە لەشدا هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی شەکری خوێن



ئەمە سەلمێنراوە کە کەمبوونەوەی شلەی Dehy-edration لەش یان کەمبوونەوەی شلە لەناو خوێندا هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی یان ئاستی شەکر لە خوێندا، هەر چەند ڕێژەی کەمبوونەوەی شلەی لەش زیاتر بێت، هێندەش ئاستی شەکری خوێن بەرزتردەبێتەوە. کەمبوونەوەی شلەی لەش ڕوودەدات لە ئەنجامی: گەرما و زیاد ئارەقەکردن، مەشقی وەرزشی، سووتان، نەخۆشیی تیژ و درێژخایەنی گورچیلە، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان، ڕشانەوە، سکچوون، هەوکردنی گلاندی پەنکریاس، ڕەبۆ، ژاراویبوونی گلاندی دەرەقی، هەروەها هەوکردنی توند بە بەکتریا. نیشانەکانی کەمبوونەوەی شلەی لەش وەك: هەستکردن بە تینووبوون، وشکبوونی پێست و لێوەکان، لێڵبوونی بینین، ئازاری ماسوولکە، هەستکردن بە ماندووبوون سەرئێشە، هەستکردن بە سووکبوونی سەر lightheadedness، کەمبوونەوەی میز و تۆخبوونی ڕەنگەکەی، لەگەڵ سەرسووڕان کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری لەهۆشچوون.

## گوێز بۆ تەندروستیی دڵ

گوێز Walnuts دەوڵەمەندە بە پرۆتین، ڕیشاڵ، ڤیتامین، کانزا، چەوریی تەندروست، لەگەڵ ماددە دژەئۆکسانەکان. چەندین توێژینەوەی نوێ جەختیان کردووەتەوە کە گوێز زیاتر لە کاکڵەکانی دیکە هاندەرە بۆ پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، چونکە گوێز ڕۆڵی هەیە بۆ هاوسەنگکردنی ڕێژەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، لەوکاتەی کە بەکتریای ڕیخۆڵە Gut microbiome ڕۆڵی گرنگی هەیە لە تەندروستیی مرۆڤدا، بەتایبەتی لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس و شێرپەنجەی کۆڵۆن. توێژەرانی زانکۆی تێکساس گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە گوێز سوودی زۆری بۆ تەندروستیی دڵ هەیە، بەوەی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ترشە ئەمینی هۆمۆئەرجینین Homoarginine لەناو ڕیخۆڵەدا، ئەمەش سەلمێنراوە کە هۆمۆئەرجینین ئەگەری نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان کەم دەکاتەوە. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی گوێز: کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، باشترکردنی تەندروستیی ئێسکەکان، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هاندانی خەو، باشترکردنی مەزاج، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، هەروەها باشترکردنی تەندروستیی پێست.





# ئۆتۆمبیل - فڕۆکەی خۆکار

ڕەنگە زۆربەتان بە کورتیش بێ زانیاریتان لەبارەی ئۆتۆمبیلە خۆکارەکانەوە هەبێت، ئەو ئۆتۆمبیلانەی پێویست ناکات شۆفێری هەبێت و خۆکار بەڕێدا بڕوات و تووشی کێشەش نەبێت.

چینییەکان ساڵی ٢٠٢١ بیرۆکەی ئۆتۆمبیل فڕۆکەی خۆکاریان خستەڕوو، لە ساڵی ٢٠٢١دا یەکەمین ئۆتۆمبیل فڕۆکەیان بەرهەمهێنا کە بە فڕۆکەی جۆری XPeng X2 ناسراوە و هەر لەو ساڵەشدا لە وڵاتی هولەند تاقیکرایەوە.

ئۆتۆمبیل فڕۆکەی ناوبراو دەتوانێت هەتا ١٠٠٠ مەتر لە زەوی بەرز بێتەوە، هەرچەندە بەرهەمهێنەری فڕۆکەکە ڕای وایە باشترین بەرزی بۆ ئەم فڕۆکە ئۆتۆمبیلە ٤٠٠ مەترە، فڕۆکە ئۆتۆمبیلەکە لە زەویشدا وەك هەر ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی دەڕوات. چ لە زەوی و لە ئاسمان دەتوانێت بەبێ ئەوەی کەسێك لێیخوڕێ خۆکار بڕوات.

فڕۆکەکە تەنیا دوو کەس هەڵدەگرێت و لەگەڵ بارێکی دوو سەد کیلۆیی، کێشەکەی بە پاترییەکانیشیەوە ٥٦٠ کیلۆیە. شەحن دەبێتەوە و پێویستی بە سووتەمەنی نییە. تەنیا ٣٦ خولەك بە خێرایی ١٣٠ کیلۆمەتر دەتوانێت بفڕێت. مەودای فڕینەکەی ٧٥ کیلۆمەترە.




## ڕۆبۆتی Eilik

**ڕۆبۆتی ئیلیك Eilik ڕۆبۆتێکی بچووکە، هەمیشە لەسەر مێزی کاری بەکارهێنەرەکەیەتی، ڕۆبۆتێکی سەرنجراکێشە و پەیوەندییەکی گەرم لە نێوان مرۆڤەکان دادەمەزرێنێ. لە هەستەکان تێدەگا، کاتێك بە ئارامی دەستی بەسەردادێنێ شاد دەبێ، ئەگەر لەسەری بدەی، تووشی سەرە گێژە دەبێ و بێزار دەبێ و ڕووی گرژ دەکا و توڕە دەبێ. حەزی لەوە نییە بەرزی بکەیەوە بۆیە حەز ناکات لە شوێنی خۆی بەرز کەیەوە، لە هەمووی سەیرتر و جێگای تێڕامانتر ئەوەیە کاتێك چەند ڕۆبۆتێکی ئیلیك لە پەنای یەك دادەنێ، پێکەوە پەیوەندی دادەمەزرێنن و یەکتر دەناسن و پێکەوە یاری دەکەن و گۆرانی دەڵێن. جاری واش هەیە پێکەوە بەشەڕ دێن.**

## ئەنگوستیلەیەکی سیحری ه

لە چیرۆك و داستانە ئەفسانەییەکاندا هاتووە، ئەنگوستیلەیەك هەبووە هەرکەسێك لە دەستیدابووە ئەوەی نیازی با دەیتوانی ئەنجامی بدات، لەسەر ئەم چیرۆکە خەیاڵە زۆر فیلمیش بەرهەمهاتووە.

ئەنگوستیلەی جۆری Padrone Ring Mouse ڕێك ئاوایە، بەڵام بۆ کۆمپیوتەر. هەرکەسێك ئەو ئەنگوستیلەیە لە دەست بکا، دەست بەسەر هەر شتێکدابێنێ دەبێتە تۆچ پەد (Touchpad) واتە پەدی لەمسی، وەك ماوسێك دەتوانی بەکاری بێنێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر کاتێك یەکێك ئەو ئەنگوستیلەیە لە پەنجەی دەکات و خودی ئەنگوستیلەکەش لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ، بەکارهێنەر لەبری ئەوەی ماوس بەکار بێنێ یا پەنجە بنێت





## گلێنەی زیرەک سەرووی خەیاڵ

گلێنە یا بە واتایەکی دیکە عەدەسە (لێنز) ئەو پارچە سیلیکۆنەیە کە لەسەر چاو دادەنرێ و ڕەنگی چاو دەگۆڕدرێت و زۆرجاریش ئەوانەی هێزی دیتنیان کەم بۆتەوە گلێنە دەستکردەکان لەسەر گلێنەی ڕاستەقینە دادەنرێن و شوێنی چاویلکە دەگرێتەوە.

گلێنەی زیرەکی جۆری Mojo Eye Lens سەرووی خەیاڵە و هەر ئەو ئامێرەیە کە لە فیلمە خەیاڵیە زانستییەکاندا دەبینین. بەکارهێنەری ئەو گلێنە زیرەکە وەك ئەوە وایە سەیری شاشەی مۆبایلەکەی بکات. چونکە گلێنە زیرەکەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بۆ خوێندنەوەی کورتە پەیامەکان و ئاگادارکردنەوەکان پێویست ناکات بەکارهێنەر مۆبایلەکەی بکاتەوە. دەکرێ بە ڕێگادا بڕوات و بێ ئەوەی ئامێرێك بکار بێنێ زانیارییەکان بەدەست بێنێ. گلێنەی زیرەکی Mojo Eye Lens ئاراستەکان نیشان دەدات، ئەوکاتانەی نیازت هەیە بچی بۆ شوێنێك و لە نەخشەدا شوێنەکەت دۆزیوەتەوە، بەهۆی ئەو گلێنەوە بێ ئەوەی مۆبایل بەکاربینی شوێنەکە دەدۆزیەوە. ئەو گلێنە زیرەکە جارێ سەرەتای بەرهەمهاتنیەتی و ڕەنگە لەداهاتوودا زۆر خزمەتگوزاری دیکەی پێوە زیاد بکرێت.



## چاویلکەی زیرەک سینەمایەکی مەزن


جیهان بەرەو سمارت و زیرەك بوون دەڕوات، لە پێڵاو و پەنجەوانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئەنگوستیلە و چاویلکە! چاویلکەی زیرەکی جۆری nreal Air یەکێکە لەو چاویلکە زیرەکانە.

بەهۆی ئەو چاویلکەوە پێویست ناکات کۆمپیوتەرێك یا مۆبایلێك لە پێش خۆت دابنێی و سەیری ئینتەرنێت بکەی! دەکرێ بەرێگادا بڕۆی و سەیری فیلم بکەی. یا لە پاسدا بی و هەر بە چاویلکەکەت فەیسبووکەکەت بکەیەوە.

چاویلکەی ناوبراو لەگەڵ مۆبایلەکانی سیستەمی ئەندرۆید و ئەپل دەبەسترێتەوە. ڕاستە هەندێك قەبارەکەی ئەستوورە، بەڵام بۆ چاویلکەیەك بەو تایبەتمەندییانە، ئەستۆرییەکەی زۆر نییە. کێشی چاویلکەکە تەنیا ٧٧ گرامە. کاتێك چاویلکەکە لە چاو دەکەی وەك ئەوە وایە لە ئاست شاشەیەکی ١٣٠ ئینجی دابنیشی لە هۆڵی سینەما سەیری فیلم بکەی، ڕێك بەقەد سینەمایەك دەبێت. چوارچێوەکەی بە ویستی بەکارهێنەرەکەی دەگۆڕدرێت.

## ــــەموو شتێک دەکات بە ماوس

بە (تۆچ پەد) دەست بەسەر هەر شتێکدا بێنیێ ئەوە هێمای ماوس لە کۆمپیوتەردا دەجوڵێت و بە داگرتنی پەنجەکەی وەك ئەوە وایە کلیك بکات. و بە دووجار داگرتن وەك دەبڵ کلیك وایە، خودی ئەنگوستیلەکە هیچ دوگمەیەکی تێدا نییە و تەنیا پەنجەکانی بەکارهێنەر شوێنی دوگمە دەگرنەوە.





# کامێرایەکی بچووک تایبەت بە منداڵان




تۆمارکردنی ساتەکانی ژیان و ئەو ڕووداوانەی کە لەناکاو ڕوو دەدەن و جارێکی دیکە دووپات نابنەوە گرنگە. مۆبایل بۆ ئەو ساتانە زۆر باشە. بەڵام کامێرای لە مۆبایلیش بچووکتر هەیە و وەك مەدالیایەك هەڵدەگیرێت و بۆ هەموو شوێنێك و بۆ هەموو کەشوهەوایەك دەبێت.

کامێرای جۆری Canon IVY REC کامێرایەکی بچووکە و فوول ئیچ دییە، بۆ گرتنی فیلمی ئەکشن و جۆڵەداریش هیچ کێشەیەکی نییە. کامێراکە بە ئاوتێچوون کێشەی بۆ نایەتە پێش. لە کەوتن لە بەرزایی و بەربوونەوە کێشەی بۆ نایەتە پێش. دەکرێ بەدەستیەوە بگری بۆ وێنەگرتن یا بە هۆی گیرەیەکی تایبەت بە کڵاو یا شانەوە هەڵیواسی.

کامێرایەکە وەك ئاماژەی پێکرا FullHDیە بەخێرایی ٦٠ فرێم لە چرکەیدا فیلم دەگرێ، کوالیتی ١٣ میگاپیسکلە، سیستەمی وای-فای هەیە و دەکرێت ڕاستەوخۆ فیلمەکان لە ئینتەرنێت بڵاوبکەیەوە. کامێراکە بۆ منداڵان زۆر گونجاوە و چوار ڕەنگی تایبەت بە منداڵانی هەیە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی دەپرسێت ئەو دوگمانەی لەلای ڕاستی کۆمپیوتەرن و ژمارەیان لەسەرە و بۆ نووسینی ژمارە زۆر پێویستن، کار ناکەن هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز بە چەند هۆکارێك دوگمەی ژمارەکان کار ناکەن، ڕەنگە دوگمەی numlock داگیرابێت، ئەم دوگمەیە هەر لەریزی دوگمەی ژمارەکان دایە، یا ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ درایڤی تایبەت بە کیبۆرد کێشەی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم درایڤە بسڕەوە و جارێکی دیکە دایبنێوە. بۆ دۆزینەوەی کێشەکان لەسەر سێرچی ویندۆز ئەمە بنووسە Keyboard Trouble-shooter. دوای ئەوە هەر کێشەیەك لەبارەی کیبۆردەوە هەبێت بۆت دەستنیشان دەکات.

# پرۆگرامی نووسینی دەق و گرافیک لەسەر پەخشی ڕاستەوخۆ

زۆرجاران لەتیڤیەکاندا دەبینی هەر لەکاتی پەخشی ڕاستەوخۆدا دەق یا گرافیك دێت، بۆ نموونە کاتێك لە تیڤی پێشبڕکێیەك یا دیمانەیەك یا هەر شتێکی دیکە بڵاو دەکرێتەوە، لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەخشدا ناوی بەشداربووان یا بۆچوونی بینەران بڵاودەبێتەوە. بۆ نووسین و دەق و گرافیك لە کاتی پەخشدا زۆر پرۆگرام هەیە، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Titler Live Broadcastیە. کاری سەرەکی ئەم پرۆگرامە نووسینی دەق و گرافیکە لە پەخشی ڕاستەوخۆدا، لەیەك کاتدا دەکرێت لەسەر ١٦ کەناڵ دەق بڵاوبکاتەوە. کۆنترۆڵی پرۆگرامەکە ئاسانە، بۆ ئاسانکاری سەدان مایکرۆی تێدایە، بۆ نموونە کاتێك ناوی کەسێك کە قسە دەکات بە داگرتنی دوگمەیەك دێتە سەرشاشە و هەر بە داگرتنی دوگمەش لادەچێت. پرۆگرامەکە پشتیوانی لە فۆرماتی 4K دەکات، بۆ ئاسانکاری لە بەکارهێناندا دەکرێت کتێبخانەیەك لەو دەق و وێنانەی کە پێویستن و بەردەوام بەکار دەهێنرێت دابنێی.




بەهۆی پرۆگرامەکە دەکرێت کۆمێنتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك و یوتیوب و تویتەر لەسەر پەخشە ڕاستەوخۆکان دابندرێن.



# هۆپێکی ناوازە و ئەرکەکانی

هۆپ (HOP) لە جیهانی دیجیتالیدا بایەخی خۆی هەیە. هۆپ بەو ئامێرە دەگوترێت کە چەندین ئامێر پێکەوە پەیوەند دەدا. بۆ نموونە لە تۆڕێکی کۆمپیوتەردا کە چەندین کۆمپیوتەر لەلای یەکن و نیازت هەیە کۆمپیوتەرەکان بەهۆی وایەر پێکەوە پەیوەند بدەی بە هۆپ ئەو ئەرکە ئەنجام دەدرێت.

هۆپی جۆری DockCase تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم هۆپە شاشەیەکی لەسەرە و پەیوەندی نێوان ئامێرەکان نیشان دەدات، جگە لەوەش زیاتر لە ٧ ئامێر لەیەك كاتدا پێکەوە پەیوەن دەدات. پەیوەندیدان بە HDMI تەلەڤزیۆنە سمارتەکان، ٣ پۆرتی تایبەت بە USB و پۆرتی تایبەت بە میمۆری کارت وچەند پۆرتێکی دیکە. ئەم هۆپە یەکەمین هۆپە کە شاشەیەکی HD هەیە. جگە لە نیشاندانی ئامێرەکان دەتوانی ڕێژەی ئاڵۆگۆڕی داتاکانیش لە شاشەکەدا ببینی، بۆ نموونە لە هاردێکەوە دە گیگابایت داتا بۆ سەر کۆمپیوتەر دەگوازیەوە، لە شاشەکەدا چەندایەتی بەڕێکردنی داتاکان دەبیندرێن. خێرایی گواستنەوەی داتاکان لەو هۆپەدا ٥ گیگابایت لە چرکەیەکدایە.




## ماڵپەڕی تایبەت بە دابەزاندنی وێنە

وێبگەڕەکانی وەك گوگل کرۆم و فایرفۆکس و ئیدج و ...تاد، بۆ بەدواداگەڕان گەلێك باشن، لەو وێبگەڕانەدا بەتەنیا لە وێنە یا ڤیدیۆدا ناگەڕێی، بەڵکو بۆ هەموو شتێك، دەق، وێنە، ڤیدیۆ و کتێب...بەڵام ماڵپەڕی www.freepik.comیەکێکە لە ماڵپەڕە سەرکەوتووەکان کە تایبەت بە دواداگەڕانی وێنە. وێنەکان لەو ماڵپەڕەدا دەستەبەندی کراون و دەکرێ بەپێی ریزبەندییەکەی وێنەی مەبەستی خۆت دیاری بکەی و پاشان بەدواداگەڕان بکەی. وێنەکانی ڤیکتۆر، PSD و وێنەی گرافیکی کە تایبەتن بە دیزاین و گرافیکن هەڵبژێری. هەروەها دەتوانی دیاری بکەی ئەو وێنەیەی مەبەستە چ فۆرماتێك بێت و چ ڕەنگێك بێت.

# ئاڤاتار ئۆتۆمبیلی خەونەکان

کۆمپانیای مارسیدێس بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلێکی هێناوەتە گۆڕێ، کە زیاتر وەك خەون و خەیاڵ دەچێت. ئۆتۆمبیلی AVTR وەرگیراو لە فیلمی ئاڤاتار. ئۆتۆمبیلێك وەك گیاندارێکی زیندووی زیرەك دەچێت و لە هەموو فەرمان و هەستەکانی لێخوڕەکەی دەگات. ڕەنگ دەگۆڕێ و هەناسە دەدات و خاوەنەکەی دەناسێتەوە. هیچ فەرمانێکی نییە و هیچ دوگمەیەکیشی تێدا نییە. تەنیا شاشەیەکی گەورەی 3D کە هەموو فەرمانەکان لەودا کۆکراونەتەوە. لە پشتەوەی ٣٣ دەریچە هەیە وەك ئەوە وایە کە هەناسە بدات. ئۆتۆمبیلە خەیاڵییە شەحن دەبێتەوە و کاتێکیش پڕ بووە دەکرێت ٧٠٠ کیلۆمەتر بڕوات. لەسەر هەر تایەکی ٤ مۆتۆڕی هەیە و لەسەریەك هێزی ٤٧٠ ئەسپی هەڵمی هەیە. تایەکانی نە تەنیا بۆ پێشەوە و پشتەوە بەڵکو بۆ تەنیشتەکانیش دەڕۆن.





# بۆن وبەرامی خۆت و ماڵەکەت لە ڕەمەزان و جەژن


لە مانگی ڕەمەزاندا خانمان زیاتر خەریکی ئیش و کاری ماڵ دەبن، کە ئەوەش وادەکات هەندێکیان خۆیان فەرامۆش بکەن، بۆن وبەرامیش یەکێکە لە لایەنەکانی جوانی و سەرنجڕاکێشی و قەشەنگیی خانمانی ماڵ، بۆیە تا چەند بۆن و بەرامت خۆش بێت، زیاتر خۆشەویستر و بەرچاو دەبیت، مارکەکانی پێرفیۆم و بەرامەکان، بۆ هەر بۆنەیەك جۆرە بۆنێك تەرخان دەکەن، مانگی ڕەمەزان لەلایەن مارکەکانەوە پیرۆز ڕادەگیرێت و هەروەها جەژنیش وەك بۆنەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت، هەر تەنیا بۆنخۆشیی خۆت نییە، بەڵکو بۆنخۆشیی ماڵەکەشت گرنگە، هەوڵ بدە دوای خۆت ماڵەکەت بە بۆنی خۆش و بخوور و موعەتەرەکان بۆندار بکەیت، بۆنەکانی ماڵ زۆرن کە موعەتەر و بخوور و بۆنی گوڵی سرووشتین، هەروەها مارکەکان چەند جۆرە بۆنێك دەستنیشان دەکەن کە ئەوانەن: گوتچی Gucci: بۆنێکی ناسکی لە بۆنەکانی باشۆلی و گوڵی پرتەقاڵ و یاسەمین و مسکی ڕۆم ئامادە کردووە، کە گوزارشت لە مۆرکی ئایینی و بۆنی بخور دەکات، مارکەی کارتێی Cartierی فەرەنسی بۆنێکی بە شێوەی فانێلای شیرین و داری عوود داناوە، کە بۆ جەژن و ڕەمەزانیش دەبێت. مارکەی هێرمس Hermès: بۆنی مسکی بە تێکەڵاوی لەگەڵ پێکهاتە کیماوییەکانی ئامادە کردووە، سەراپای ئەو بۆنانە لەسەریان نووسراوە بۆ موسڵمانان و مانگی ڕەمەزان و جەژن ئامادە کراوە. مارکەی سیسلی Sisley: بۆنەکانی لە شێوەی ترشی و نەعناعی فرێشی لە مۆدێکی ناسکی بۆنەکانی ئامادەکردووە.

# ڕووناکیی ماڵەکەت لە مانگی ڕەمەزاندا



ڕووناکی لە مانگی ڕەمەزاندا ماڵەکەت زیاتر ڕازاوەتر و کراوەتر دەکات، ئەگەر دیکۆرێکی نایاب لە چەندین کەرەستەی گرانبەها و مارکە بەناوبانگەکانیش هەڵبژێریت، بەڵام کاتێك ڕووناکیی ماڵەکەت گەش نەبوو، جوانیی دیکۆرەکەت دەر ناکەوێت و دەمرێت، ڕووناکی کاریگەری تەواوی لەسەر جوانی و ڕازانەوەی دیکۆری ماڵەکەت دەبێت، بەهۆی ئەوەی تیشکەکانی ڕووناکی دەبنە هۆی درەوشانەوەی سەر کەرەستەکانت، بەم چەشنە بە جوانترین دیمەن دەردەکەون و شێوازێکی سەرنجڕاکێشیان پێوە دیار دەبێت، سەرەتای ئەو هەنگاوەش بە چاککردنی کەلوپەلەکانی ڕووناکیی ماڵەکەت دەست پێبکە، تا هەموو گلۆپ و ڕووناکییەکانی بە جوانی ئیش دەکەن، هەروەها دتوانیت سوود لە ئاوێنەکان وەربگریت بۆ ڕەنگدانەوەی تیشکی ڕووناکی، ئەوەش بە هەڵواسینی ئاوێنەی گەورە و لاکێشە لە دیوار و ئەو شوێنانەی کە ڕووناکی تیایدا کەم بڵاو دەبێتەوە، دانانی گلۆپی ستوونی کە هەندێکیان بەرزن بۆ ڕووناککردنەوەی پشت و تەنیشت قەنەفە وکەرەستەکان، هەوڵدە پەردەی پەنجەرەکانت هێندە ئەستوور نەبن کە ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی ڕووناکی بۆ نێو ماڵەکەت بکەن، ئەگەر پەردەی ئەستووریشت لا پەسندە بوو، با پەردەکان زۆربەی کات بە کراوەیی بمێننەوە.





# جلی درێژی ماکسی و عەزی بۆ بۆنە و یادەکان

بە درێژایی مانگی ڕەمەزان و ڕۆژانی جەژن چەندین بۆنە و یادی جۆراوجۆر دێنە بەردەم خانمان، بۆ ئەو بۆنانە پێویستە جلێکی شیك و نازدارت هەبێت، تاوەکو نەکەویتە بەر ڕەخنە و قسەی خەڵك، مارکە جیهانییەکانی جلوبەرگ هەمیشە گرنگی بەو لایەنە دەدەن کە بۆ بۆنەکان شیاوە، مارکەی شانێل کراسی درێژ لە جۆری ماکسی لە قوماشی حەریر بە نەخشی گوڵ ڕازاندووەتەوە، کە تا سەر ئەژنۆ دەبێت، لەسەر بەدی و قەمیس لەگەڵ پانتۆڵ و تەنوورە دەپۆشرێت. مارکەی ئەندرێو گەی ئین، بە نەخش و گوڵ لەسەر کراسی درێژ، دیمەنێکی سرووشتی و سەرنجڕاکێش پەسەند دەکات، بۆیە ئەو جۆرە کراسانە هەڵبژێرن. ئەلێکس مایێل، کراسە درێژەکانی لە شێوەی عەبا و ماکسیی کراوە، بە پشتێنی پانەوە و بە سەر دەستی درێژ ڕازاوەی ئامادەی کردووە بۆ بۆنەی ئایینی و جەژن. ڤالینتینۆ، کراسی کاپ لە ڕەنگی سەوز و سووری لە پشتەوەی درێژ تاوەکو سەر زەوی ئامادە کردووە، کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە بۆ بۆنەکانی مارەبڕین و ئاهەنگ دەگونجێت، کە بە خشڵ و ئێکسسوار ڕازاوەتەوە. ماڵی ئۆنگارۆ کە ساڵانە گرنگی بە بۆنە ئایینییەکان دەدات، بەدڵەیەکی لە قوماشی چاپ کراو لەگەڵ پانتۆڵێکی کراوەی ڕازاوە بە چنینی ناسك لە ڕەنگی فۆشیا و، لەگەڵ بوونی شاڵێکی درێژ بە درێژایی مل ئامادە کردووە کە وەك جلێکی شاهانە دەردەکەوێت.

# باڵەخانەی چەماوە



ئەو پرۆژەیە بەناوی (sky shelter)، هاوشێوەی ئامێری میوزیکی (ئۆکۆردیۆن)ـە کە دەچەمێتەوە، پرۆژەکە لە شێوەی سندووقێك وایە و دەکرێت لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازیتەوە، بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە بریتییە لە تابلۆی گەورە لە شێوەی سێ ڕەهەندی، کە لە نێوانیاندا باڵۆنی گەورەی هەوا هەیە، بە پڕکردنی ئەو باڵۆنانە بە گازی هیلیۆم یان هەوای سووك، پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر تابلۆکان و بەمەش لەبەر یەکتر دەترازێن و لار دەبنەوە، کەچی هەموو پارچە تابلۆکان بەیەکترەوە بەستراونەتەوە و ترسی کەوتنیان نییە. تا ئێستا لە چەند شوێنێك سوودیان لەو پرۆژەیە وەرگرتووە وەك: سەرەوەی یاریگاکان، پرۆژەی کشتوکاڵی، بەشی سەرەوەی فرۆکەخانەکان.


# یاسا



**ماددەی دزی کردن ٤٤٣**


ئەو دزییەی کە لە یەکێك لەو بارودۆخانەی خوارەوە ڕوو بدات وەك، ئەگەر بەزۆر لێکردن ئەنجام درابێت، یان لەنێوان خۆرئاوابوون و خۆر هەڵاتن لەلایەن کەسێك ئەنجام درابێت، کە بە ئاشکرا یان بەنهێنی چەکی هەڵگرتبێت، ئەگەر لە نێوان خۆر ئاوا بوون و خۆر هەڵاتن لەلایەن سێ کەس یان زیاتر ئەنجام درابێت، ئەگەر لە نێوان خۆر ئاوا بوون و خۆر هەڵاتن لە شوێنی نیشتەجێبوون یان ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون یان لە یەکێك لە شوێنەکانی سەر بەو شوێنە ئەنجام درابێت، ئەگەر لە نێوان خۆر ئاوا بوون و خۆر هەڵاتن لە بانکێك یان دوکانێك یان کۆگایەك یان گەنجینەیەك ئەنجام درابێت، کە کەسێ دز بە ڕێگەی سەر کەوتنە سەر دیوار یان شکاندنی دەرگا یان کونکردنی دیوار یان شتێکی لەو جۆرە، یانیش بە بەکارهێنانی کلیلی دروستکراو یان خۆ نواندن بە خەسڵەتی گشتی چوویێتە ژوورەوە، یان بانگەشەی ئەوەی کردبێت کە خزمەتگوزاریی گشتی بەجێ دەگەێنێت، یان بە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ کەسانی نیشتەجێی ئەو شوێنە یان بە هەر فێڵێك چوویێتە ژوورەوە، ئەوا سزاکەی بریتییە بەندکردن کە لە ماوە ١٠ساڵ زیاتر نەبێت.

## کاریکاتێر




باس لە دیاردەیەکی جیهانی دەکات، کە پرۆسەی هاوسەرگیری لە سەراپای جیهاندا ڕووی لە کەمی کردووە، کە ئافرەتان هانی پیاوان دەدەن تا هاوسەرگیری بکەن.

## دیمەنە سەیرەکان



ئەم پشیلەیە بە سەیر ترین پشیلەی دونیا هەژمار دەکرێت بەهۆی دوو خەتی نێوچاوانی کە وەك دوو برۆ وایە، کە برۆکانیشی چەماوەتەوە بەرەو خوارەوە و وا دەردەکەوێت کە هەمووکات غەمبار بێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە وا پێویست دەکات یارمەتی هاوپیشەکانت بدەیت، ئەم ماوەیە ڕووبەڕووی هەندێك بارودۆخ دەبیتەوە کە تیایدا هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت، بەڵام کەسانێك هەن یارمەتیت دەدەن تا بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ بیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەهۆی پیشەکەتەوە سەرقاڵ دەبیت، هەندێك بەربەست دێتەبەردەمت و ڕێگری دەکات لەوەی ئەرکەکانت تەواو بکەیت، ئەمەش نیگەرانت دەکات، کاتی پێویستت نابێت بۆ خێزانەکەت، لە ڕووی تەندروستییەوە چالاکیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ شتەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتدان، ئەو گرفتانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو توشی بویت چارەسەر دەبن، سەرنجت لەسەر ئامانجەکانت دەبێت و چێژ لە کارکردن دەبینیت، هەروەها کاتێکی ڕۆمانسیش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر باش نابێت بۆ تۆ، دەبیتە قوربانیی ئەو بیرۆکە نەرێنییانەی دێت بە مێشکتدا، پێویستت بە هاوکاریی کەسانی گەورەی خێزانەکەت هەیە، لە ڕووی سۆزدارییەوە دووربکەوەرەوە لە گفتوگۆ دەربارەی بابەتە ناپێویستەکان.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە گوێبیستی هەندێك هەواڵی خۆش دەبیت، ئەمڕۆ بە گشتی ڕۆژێکی پڕ لە چێژە و هەموو ستانەکان دڵخۆش دەبیت، ئامۆژگاری دەکرێیت کە دوور بکەویتەوە لە گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتە ناپێویستەکان.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکانت زۆر باش دەڕوات بەڕێوە، هەروەها بەرپرسەکەت چەند ئەرکێکت پێ دەسپێرێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە کاتێکی گونجاو نییە بۆ گۆڕانکاری، لەو بارودۆخەی ئێستادا بمێنەرەوە.

بۆ زانیاریت

# قرشی سپیی گەورە


چەند ڕاستییەك لەسەر قرشی سپیی گەورە: قرشی سپی(shark great white) یەكێكە لە ماسییە دڕەندە و گۆشتخۆرەكان كە لە نێو زەریاكاندا دەژی و بە یەكێك لەو چەشنانەی قرشەكان دادەنرێت كە لە دوورییەكی زۆرەوە شوێنی نێچیرەكەی دەدۆزێتەوە لە ڕێگەی بۆن كردنەوە. لێرەدا ئاشناتان دەكەین بە كۆمەڵێك ڕاستیی سەرسوڕهێنەر لەسەر قرشی سپی، گەورەترین دڕندەی نێو ئاوە كە بە كەللەسەرێكی گەورە و كلكێكی درێژ ناسراوە، لە ڕاستیدا قرشی سپی ڕەنگی خۆڵەمێشییە، بەڵام ڕەنگی سكی سپیترە لەچاو تەواوی جەستەی، درێژیی قرشی سپی دەگاتە ٤,٥ مەتر بەڵام هەندێكیان تا ٦ مەتر درێژ دەبن، قرشی سپی خاوەنی ٣٠٠٠ ددانە و درێژیی هەندێك لە ددانەكانی دەگاتە ٧,٥ سانتیمەتر، قرشی سپی پێچەوانەی جۆرەكانی ماسی هەرگیز ناتوانێت لە جووڵە بوەستێت و دەبێت بەردەوام بجوڵێت، چونكە ئەگەر بوەستێت دەمرێ، ماسییەكان پەردەیەكی پارێزەر دەوری چاوییان دەدات، بەڵام قرش ئەم پەردەیەی نییە، بۆیە كاتێك هێرش دەبات چاوەكانی دەنوقێنێت بۆ ئەوەی زیانی پێ نەگات، قرشی سپی ناتوانێت زۆر بچێتە قووڵایی ئاو لەبەر ئەوە بە زۆری لە نزیك ڕووی ئاوەكان گوزەر دەكات، قرشی مێینە وەچە دەخاتەوە، بە پێچەوانەی هەندێك جۆری دیكە كە نێرەكە بێچووەكان لە سكیدا هەڵدەگرێت، قرشی سپی كاتێك زیانی پێ بگات لەلایەن هەر كەسێك یان ماسییەكی دیكەوە، هەستی تۆڵە كردنەوەی لا دروست دەبێت.

## فیلم

### زەوی سەیر بەشی دوو
### The Wandering Earth 2




فیلمێكی ئەكشن و زانستییە، باس لە مرۆڤایەتی دەكات، كە دەیانەوێت بە ڕێگەی زانستی بۆماوەیی و بۆشاییگەری سیستمێكی تازەی بۆشاییگەری بنیات بنێن، تاوەكو هاوشێوەی خۆر كار بكات، ماوەی فیلمەكە (٢) كاتژمێر و ٥٣ خولەكە، لە دەرهێنانی (فرانت گیۆی، لە نووسینی چینگ كا فای، یان تینگ، بە زمانی چینی فیلمەكە دەرهێنراوە، لە نواندنی (ئەندی لاو، وی جین، وانگ ژی، لی خاوجین، زینا بلاهوسۆڤا )ـە.



## پەند و وتە

دامی ئیدیت لویزا سیتویل، نووسەر و ڕەخنەگری بەریتانی، لە ساڵی ١٨٨٧ لە سكاربراوت لە شانشینی یەكگرتوو لەدایكبووە و لە ساڵی ١٩٦٤ كۆچی دوایی كردووە، دامی لویزا دەڵێت: هەمیشە ئارامم گرتووە لەسەر دەبەنگی، بەڵام ناتوانم ئارام بگرم و قبوڵی دەبەنگیی ئەو كەسانە بكەم كە شانازی بە دەبەنگیی خۆیانەوە دەكەن.




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند تۆپێكی بلیارد هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەكدا سێ دانە لەو تۆپانە هەڵبژێریت كە كۆی ژمارەكانیان بكاتە ٣٠.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سەرقاڵ دەبیت بە هەندێك كێشەی خێزانەكەتەوە، پێویستە پلانێكی نوێ دابنێیت كە كاتت بۆ خێزانەكەت هەبێت و خۆت بە كارەكەتەوە سەرقاڵ نەكەیت، باشترە نەكەویتە گومانەوە لە خۆشەویستەكەت، دەنا زیان بە ئەنجامی پەیوەندییەكەتان دەگەیەنێت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بەهۆی كەمخەوییەوە هەستی نەرێنیت هەیە، ئەمەش ڕنگدەداتەوە لە كارەكەتدا، لە ڕووی سۆزدارییەوە چاوەڕێ مەكە هەمیشە خۆشەویستەكەت دەستپێشخەر بێت لە دەربڕینی هەست بۆت، تەندروستیت باشە ئەگەر بەردەوام بیت لە پەیڕەوكردنی سیستمی خۆراكی تەندروست.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمرۆ بە گشتی هەست بە تەمەڵی دەكەیت و هیچ وزەیەكت نییە بۆئەوەی ئەركەكانت بە ئەنجام بگەیەنیت، تێكچوونی تەندروستیی ئەندامێكی خێزانەكەت تووشی نیگەرانیت دەكات، هەوڵ بدە گرنگیی پێ بدەیت.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەكاندا هاوڕێكانت ناتوانن بە تەواوی یارمەتیدەرت بن، هەربۆیە چاوەڕێی زۆریان لێ مەكە، دەنا زیاتر نیگەران دەبیت، ئامۆژگاری دەكرێت ئەمرۆ پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەیت بە وردی بیر بكەیتەوە.




### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەهۆی پاڵپشتیی كەسانی چواردەورتەوە چانسی سەركەوتنت زۆرە، متمانەت بە خۆت هەبێت، هێندە چاوەڕێ مەكە كەسانی دیكە ئەركەكانت بۆ جێبەجێ بكەن، ڕەنگە بەهۆی كارێكی بچوكەوە گەشتێك ئەنجام بدەیت، كە لە داهاتو سوودت پێ دەگەیەنێت.




### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ڕووی داراییەوە ئەم ماوەیە هیچ گرفتێكی وا گەورەت نییە، قازانجێكی باش دەكەیت، دوور بكەوەرەوە لەوەی ئەم ماوەیە پارەكانت لە شتی ناپێویستدا بەهەدەر بدەیت، خۆشەویستەكەت چاوەڕێی ئەوەت لێ دەكات كە گرنگیی پێ بدەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly April 17, 2023 Issue,No.1361


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی



Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626